رووداو
RÛDAW
ژمارە (469) دووشەممە 2017/8/14 - 23ی خەرمانان 2717 (750) دینار

# لە تورکیا هەشت ملیۆن دۆلاری چەند بازرگانێکی کورد دەدزرێ

**رووداو- دهۆک**

ماوەی دوو مانگە هەشت ملیۆن دۆلاری ژمارەیەک بازرگانی باشووری کوردستان لە تورکیا دزراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس لەسەر ئەو رووداوە نەگیراوە.

دوو مانگ لەمەوبەر چەند بازرگانێکی هەرێمی کوردستان نزیکەی هەشت ملیۆن دۆلار دەگوازنەوە بۆ تورکیا، بەڵام دوای گەیشتنی پارەکە بە باکووری کوردستان، چەند کەسێکی نەناسراو لە رێگای نێوان سلۆپی و دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەست بەسەر پارەکەدا دەگرن و دەیبەن. هەرچەندە ئەو بازرگانانە سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام حکومەتی تورکیا تاوەکو ئێستا کەسی لەسەر ئەوە دەستگیر نەکردووە.

یەکێک لەو بازرگانانە کە سێ ملیۆن دۆلاری لە نێو پارە دزراوەکەدایە، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لەگەڵ چەند بازرگانێکی کوردی باکووری کوردستان کاری گواستنەوەی پارە دەکەین بۆ تورکیا، هەندێکجار پارەکە بە بارهەڵگر دەگوازینەوە، ئەو رۆژەش هەشت کەس بە دەمانچەوە پاسەوانییان لە پارەکە دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لە سنووری ئیبراهیم خەلیل تێپەڕین و نزیکەی دوو کیلۆمەترێک دوورکەوتنەوە، نزیکەی کاژێر 11ی شەو پێنج چەکداری نەناسراو رێگەیان بە بارهەڵگرەکە گرتووە و پارەکەیان بردووە".

ئەمە جاری یەکەم نییە بازرگانانی باشوور لە دیوی باکووری کوردستان دەکەونە بۆسەی دز و جەردەوە. دوو ساڵ لەوبەریش لە هەمان شوێن حەوت ملیۆن دۆلاری بازرگانانی کورد دزرا.

« 2

## یەکێک لە سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەی:

# بەرهەم ساڵح لیست دروست دەکات



« 3

ژنان « 12

### مامانێک 4000 کچ خەتەنە دەکات



راپۆرت « 14

### عێراق 120 ملیار دۆلار قەرزدارە

راپۆرت « 6

### "لە سلێمانی بەهۆی کۆمپانیای قەیوانەوە نرخی گاز گران بووە"



ئابووری « 8

### 30 هەزار ئاژەڵ لەم جەژنەدا دەکرێنە قوربانی



**بەرپرسێکی وەزارەتی نەوتی سووریا:**

### رۆژانە 20 هەزار لیتر نەوتی رمێلان هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ

9

### کۆتایی ئەم هەفتەیە کۆمیسیۆن وەڵامی بارزانی دەداتەوە

3

**میسال ئالووسی بۆ (رووداو):**

### بارزانی هەڕەشەی راستەقینەیە لەسەر ئێران

5

## پشکی حاجیانی کوردستان زیاد دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

شـێخ ئیبراهیم بەرزنجی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە دەرەوەی بەشـە فەرمییەکەی هەرێمی کوردستان، سعودیە رەزامەندی نیشاندا لەسەر 680 پشکی حەج بۆ حاجیانی هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی بازرگانییە و بۆ هەر کەسێک بڕی 6 هەزار دۆلار وەردەگیرێت." شـێخ ئیبراهیم بەرزنجی، گوتی: "ئەوانەی دەیانەوێت حەج بکەن دەتوانن تاوەکو کاژێر 12ی نیوەڕۆی 2017/8/14 لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی حەج و عومرەی شارەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان تۆمار بکەن و هاونیشتمانیانی گەرمیان دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی سلێمانی بکەن و ناوی خۆیان تۆمار بکەن".



### ئەوە جاری دووەمە و پێشتریش حەوت ملیۆن دۆلار دزراوە

# هەشت ملیۆن دۆلاری بازرگانانی کورد لە تورکیا دەدزرێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ماوەی دوو مانگە هەشت ملیۆن دۆلاری ژمارەیەک بازرگانی باشووری کوردستان لە تورکیا دزراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس لەسەر ئەو رووداوە نەگیراوە. یەکێک لەو بازرگانانەش دەڵێت "لە تورکیا پارێزەرمان گرتووە، بەڵام هێشتا چارەنووسی پارەکانمان نادیارە". بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دراو دەڵێن ئەو رووداوە کاریگەری لەسەر بازاڕی حەواڵە هەبووە و نرخی حەواڵەکردنی پارەی بەرزکردووەتەوە.

دوو مانگ لەمەوبەر چەند بازرگانێکی هەرێمی کوردستان نزیکەی هەشت ملیۆن دۆلار دەگوازنەوە بۆ تورکیا، بەڵام دوای گەیشتنی پارەکە بە باکووری کوردستان، چەند کەسێکی نەناسراو لە رێگای نێوان سلۆپی و دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەست بەسەر پارەکەدا دەگرن و دەیبەن. هەرچەندە ئەو بازرگانانە سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام حکومەتی تورکیا تاوەکو ئێستا کەسی لەسەر ئەوە دەستگیر نەکردووە.

یەکێک لەو بازرگانانە کە سێ ملیۆن دۆلاری لە نێو پارە دزراوەکەدایە، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لەگەڵ چەند بازرگانێکی کوردی باکووری کوردستان کاری گواستنەوەی پارە دەکەین بۆ تورکیا، هەندێکجار پارەکە بە بارهەڵگر دەگوازینەوە، ئەو رۆژەش هەشت کەس بە دەمانچەوە پاسەوانییان لە پارەکە دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لە سنووری ئیبراهیم خەلیل تێپەڕین و نزیکەی دوو کیلۆمەترێک دوورکەوتنەوە، نزیکەی کاژێر 11ی شەو پێنج چەکداری نەناسراو رێگەیان بە بارهەڵگرەکە گرتووە و پارەکەیان بردووە".

ئەو بازرگانە کە کۆمپانیایەکی گۆڕینەوە و حەواڵەی دراوی هەیە، حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها گوتی "هەر ئەو رۆژە لە رێگای شەریکەکانمان لە باکووری کوردستان پەیوەندیمان بە هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە کرد، دواتر پارێزەرمان گرت و سکاڵامان تۆمار کرد، بەڵام هەتا ئێستا هیچ کەسێک لەسەر ئەو رووداوە دەستگیر نەکراوە".

بەپێی قسەی ئەو بازرگانەی دهۆک، ئەو رووداوەکە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بازاڕی دراو لە شاری دهۆک هەبووە و دەڵێت متمانە لە بازاڕ زۆر کەم بووە. گوتیشی "هەتا ئێستا لە کوردستان سیستمێکی پارێزراو نییە بۆ گواستنەوەی پارە و ناچارین بە بارهەڵگر بیگوازینەوە، ئەوەش بەردەوام مەترسی دزین و رفاندنی لەسەرە. لە جیهاندا ئێستا باوی گواستنەوەی پارە بە بارهەڵگر نەماوە، تەنیا لێرە هەیە".

ئاراز جەلال، خاوەنی کۆمپانیا سەیدۆ کە تایبەتە بە گۆڕینەوە و حەواڵەی دراو، دەڵێت ئەو رووداوە کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕی دراو هەبووە. ئاراز ئاماژە بە کاریگەرییە خراپەکەی دەکات و دەڵێت: "گواستنەوەی دراو ئێستا زۆر گران بووە، پێش ئەو رووداوە هەر 10 هەزار دۆلارمان بە 25 دۆلار حەواڵە دەکرد، بەڵام دوای ئەو رووداوە ئەو بڕە پارەیە بە 50 هەزار دینار حەواڵە دەکرا، هەرچەندە ئێستا هەرزانترە، بەڵام کاریگەرییەکەی هەر ماوە".

> دوای ئەو رووداوە رێگای حەواڵەکردنمان گۆڕیوە
>
> بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی حەواڵەی دراو



لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 15 ملیۆن دۆلار لە بازرگانانی کورد لە تورکیا دزراوە

دوای ئەو رووداوە، بازرگانان ناچاربوون رێگەی گواستنەوەی پارەکانیان دووربخەنەوە، بەڵام بە رێگایەکی سەلامەت. ئاراز جەلال دەڵێت لە ترسی دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوە، ئێستا بازرگانان بەرێگای دوبەی پارە دەگوازنەوە "هەرچەندە گواستنەوەی پارە لە رێگەی دوبەی گران دەکەوێ، بەڵام رێگاکە سەلامەتترە".

ئەمە یەکەمجار نییە، بازرگانانی کورد دەکەونە بۆسەی دز و جەردەکانی تورکیاوە. وەک ئاراز باسی کرد "دوو ساڵ لەوبەر لە هەمان شوێن حەوت ملیۆن دۆلاری بازرگانانی کورد دزرا، هەتا ئێستاش دزەکان نەدۆزراونەتەوە".

### دەڵێت هاوڕێی مالیکی بووم

# ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە دەبێتە مەسیحی

**ئەمرۆ محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

کەسێک، کە خۆی وەک ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی ئیسلامی و هاوڕێی نزیکی نووری مالیکی، سەرۆکی ئەو حیزبە دەناسێنێ، لە ئاینی ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە مەسیحی. پەرلەمانتارێکی حیزبی دەعوەش دەڵێت "ئەمە هاوشێوەی رەفتاری حیزبی بەعسە"، حیزبی دەعوەش رەتیکردەوە ئەو کەسە ئەندامی ئەوان بێ و بە "درۆزن" ناوی دەبات.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بڵاوبووەتەوە، کەسێک بەناوی (کەریم عەبدولخالق) بانگەشەی ئەوە دەکات کە نزیکەی 30 ساڵ ئەندامی حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراقی بووە و زانستە ئاینییەکانی لە حەوزەی زانستی خوێندووە، بەڵام ئێستا وازی لە ئیسلام هێناوە و بووەتە مەسیحی.

کەریم عەبدولخالق ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر پێیوابووە، خواناسە و پابەندی ئەنجامدانی سرووتەکانی بووە، لە نوێژ، رۆژوو، حەج و زۆر شتی دیکە، بەڵام دوای 30 ساڵ لە کۆتاییدا بۆی دەرکەوت کە ئەو لە خەیاڵ و بۆشاییەکی رووحیدایە، لەگەڵ ئەوەی رۆژانە نوێژی کردووە، بەڵام هەستی بە نزیکیی لە خودا نەکردووە.



کەریم عەبدولخالق یەکێک بووە لەوانەی هێڵە گشتییەکانی دەستووری عێراقی نووسیوە

هەروەها دەڵێت پلەکەشی لە رووی سیاسییەوە گەیشتووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دەعوەی ئیسلامی، لە لە حەوزەی عیلمی فیقە و تەشریعی خوێندووە. لە نێو حیزبی دەعوە بانگەوازی بۆ ئیسلام کردووە، بەڵام لە بۆشایی رووحیدا ژیاوە. ئەو دەڵێت "30 ساڵ باوەڕم بە خۆم کردبوو کە خودا دەپەرستم، ئەو خوایەی بە چاو نابینرێت و لەسەرووی هەموومانە و چەندین ناونانی دیکە بۆ ئەو خودایە... بەڵام لە ناخمدا هەستم بە بۆشاییەکی تەواو دەکرد".

لە گرتەیەکی دیکەدا کەریم عەبدولخالق لە نێو کۆبوونەوەیەکی کریستانەکان دەردەکەوێت، دەڵێت 30 ساڵ مومارەسەی ئیسلامی کردووە، ئاینی ئیسلامی بەتەواوی خوێندووە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە بووە. هاوکات مالیکی هاوڕێی بووە. دەشڵێت "لەو کەسانە بووە کە هێڵە گشتییەکانی دەستووری عێراقی نووسیوە و سوور بووە لەسەر ئەوەی قورئان تاکە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت، داعشێکی پلە یەک بووە".

کەریم خۆی بە ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی پێشووی عێراق دەناسێنێ و دەڵێت بەو هۆیەوە دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر بووەتەوە، لە دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان، موڵک و ماڵە گواستراوە و نەگواستراوەکانی دەستیان بەسەرداگیراوە.

کەریم دەڵێت دوای ساڵی 2003 ماوەی دوو ساڵ و نیو پێداچوونەوەی بە قورئان و فەرموودەکاندا کردووە. پرسیاری زۆری لا دروست بووە، پرسیاری لە مەرجەعەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان کردووە لەبارەی گومانەکانی، بەڵام وەڵامەکانیان باوەڕپێکراو نەبوون. بۆیە دواتر چووەتە سووریا، پاشان لە ئەمریکا بەدوای خوادا گەڕاوە و لەوێ بووەتە مەسیحی.

رەسول رازی، یەکێک لە پەرلەمانتارانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەو کەسە لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی بە حیزبی دەعوەوە نەبووە، نە ئەندامێکی سادە و نە سەرکردەش بووە، قسەکانیشی بەشێکە لە هەوڵدان بۆ لێدانی حیزبی دەعوە".

رەسول رازی گوتیشی: "پێشتریش رژێمی بەعس، زۆر کەسی دەنارده نێو رێکخستنەکانی حیزبی دەعوە و پارتە ئیسلامییەکان تاوەکو دواتر کار و کردەوەی خراپیان پێ بکەن و وێنەی پارتەکانی پێ ناشیرین بکات، ئەمەش هاوشێوەی ئەو هەوڵانەیە".

> ئەو کەسە درۆزنە
>
> حیزبی دەعوە

حیزبی دەعوەی ئیسلامی لەبارەی قسەکانی کەریم عەبدولخالق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا رەتیکردەوە کە ئەو کەسە ئەندامی حیزبی دەعوە و ماوەیەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بووبێت. لە بەیاننامەکەی حیزبی دەعوەدا هاتووە: "بانگەشەی ئەندامبوونی ئەو کەسە لە حیزب درۆیە، تەنانەت نازانێت بە دروستی ناوەکەشی دەربڕێت، بۆیە سەرلەبەری ئەو بانگەشەیە رەتدەکەینەوە. قسەکانی بەتەواوی درۆن، دەچێتە خانەی ئەو پروپاگەندە و تۆمەت و درۆیانەی کە رۆژانە رووبەڕووی حیزب دەبێتەوە".

### دوو کەس خۆیان بە سەرۆک دەزانن

# شەممەرەکان لەسەر سەرۆک عەشیرەت شەڕیانە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

سەرەتای مانگی رابردوو سەرۆکی هۆزی شەممەر لە عێراق و جیهان کۆچی دوایی کرد، بەڵام دوای خۆی کێشەیەکی زۆر کەوتە نێو هۆزەکەی، ئێستا دوو کەسایەتی ئەو هۆزە خۆیان بە سەرۆک هۆزی شەممەر دەزانن و هیچیان بۆ ئەوی دیکە تەنازول ناکات. هەردووکیشیان دەڵێن پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەین.

سەرەتای ئەم هەفتەیە، شێخ ئەنوەر ئەحمەد عەجیل ئەلیاوەر، لە مەراسیمێکدا بە سەرۆکی هۆزی شەممەر دەستنیشان کرا، بەڵام هەرزوو کەسایەتییەکی دیکەی ئەو هۆزە بەناوی شێخ عەبدوڵڵا حمێدی عەجیل ئەلیاوەر نارەزایی خۆی نیشاندا و رایگەیاند "من سەرۆکی هۆزی شەممەرم نەک شێخ ئەنوەر".

هۆزی شەممەر، هۆزێکی گەورەی عەرەبەکانە و زۆرترین تیرەیان لە عێراق و سووریا نیشتەجێن، بە تایبەتی لەسەر سنووری سووریا و عێراق، هەروەها لە وڵاتانی دیکەش هەن.

> بە ئامادەبوونی 100 سەرۆک تیرە من بە سەرۆکی عەشیرەت هەڵبژێردراوم
>
> شێخ ئەنوەر ئەحمەد ئەلیاوەر

لە عێراق دەکەونە سنووری ناحیەی رەبیعە و شاری مووسڵ.

رۆژی 12ی ئابی 2017 لە ناحیەی رەبیعە، بە ئامادەبوونی نزیکەی 100 سەرۆک تیرەی ئەو هۆزە لە عێراق و سووریا، شێخ ئەنوەر ئەحمەد عەجیل ئەلیاوەر وەکو سەرۆکی نوێی هۆزی شەممەر لە عێراق و جیهان دەستنیشان کرا، ئەویش دوای ئەوەی شێخ موحسین ئەلیاوەر، سەرۆکی پێشووی هۆزەکە لە سەرەتای مانگی رابردوو کۆچی دوایی کرد.

شێخ ئەنوەر، پاش دەستنیشانکردنی وەکو سەرۆکی نوێی هۆزەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە ئامۆزای خوالێخۆشبوو شێخ موحسینین، پێش ئەوەی گیان لەدەست بدات، وەسیەتی کردبوو کە من لە شوێنی ئەو ببمە سەرۆکی هۆزەکەمان. ئێستاش من وەکو سەرۆک هۆزی شەممەر ئەو بەرپرسیارییەتییەم گرتووەتە ئەستۆ و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم ئەندامانی هۆزەکەم دەکەم لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن".

کەسایەتییەکانی ئەو هۆزە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کورد و سەرکردایەتییەکەی هەیە، بەو پێیەی هاوسنوورن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەشێکیشیان دەکەونە نێو خاکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

شێخ ئەنوەر دەڵێت هۆزەکەیان پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت "ئێمە لە ناوچەی رەبیعە مێژوویەکی دوورودرێژمان لەگەڵ برایانی کورد هەیە، دەیان پێشمەرگە گیانی خۆیان بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی ئێمە بەخشیوە، بۆیە ئێمە پشتگیری لە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین".

دوای مردنی شێخ موحسین، شێخ عەبدوڵڵا حمێدی عەجیل ئەلیاوەر بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکی هۆزەکە بوو، بۆیە ئەو خۆی بە شایستەتر دەزانێ شوێنی شێخ موحسین بگرێتەوە. شێخ ئەنوەر دەڵێت "ئێمە رێز لە شێخ عەبدوڵڵا دەگرین، کە دوای گیانلەدەستدانی شێخ محسن لە هەندێک کاری گرنگ بە وەکالەت سەرۆکی هۆز بوو، بەڵام ئێستا ئێمە سەرۆک هۆزین".

> ئێمە سەرۆکی هۆزی شەممەرین، ئەوانەی مەراسیم دەکەن کەس گوێیان لێناگرێ
>
> شێخ عەبدوڵڵا حمێدی ئەلیاوەر

شێخ عەبدوڵڵا حمێدی عەجیل ئەلیاوەر خۆی وەکو سەرۆکی هۆزی شەممەر بە (رووداو) ناساند و گوتی "ئێمە دان بە هیچ کەسێک نانێین، خۆمان شێخ و سەرۆکی هوزی عەرەبی شەممەرین". سەبارەت بە مەراسیمەکەی رەبیعەش کە تێیدا شێخ ئەنوەر وەکو سەرۆک هۆز دەستنیشانکرا. شێخ عەبدوڵڵا دەڵێت "چەند کەسێک بەشداریان لەو مەراسیمە کرد، بۆ ئەوەی کێشە بۆ عەرەبی شەممەر دروست بکەن و بیکەنە دوو بەرە، بەڵام ئێمە ئیعتراف بەو کەسە ناکەین کە لەو مەراسیمە دەستنیشانکراوە".

شێخ عەبدوڵڵا پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکات و دەڵێت "چارەنووسی ئێمە هەر لەگەڵ کورد دەبێ و پشتگیری لە گشتپرسی دەکەین، داوا لە لایەنە فەرمییەکانی کوردستان دەکەم، تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئێمە بکەن وەکو سەرۆک هۆز، رێگەنەدەن دوو بەرەکی بکەوێتە نێوانمان".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 469 ) - دووشەممە 2017/8/14

## عەلی باپیر: بە "نەخێر" دونیا نابێتە شامی شەریف



**ڕووداو- هەولێر**

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەڵێ "وەک چۆن (بەڵێ) کردنی ڕەهاو بێ مەرج بۆ گشتپرسی، حەوت دەرمانەی چارەسەری کێشەکانمان و گۆچانی جادوویی نییە. بە (نەخێر) گوتنیش، دنیا نابێتە شامی شەریف، گوناهە خەڵک بەوجۆرە چەواشە بکرێ". لە گوتارێکدا بەناونیشانی "کێشەکانی هەرێم لەنێوان بەڵێ و نەخێردا"، عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەڵێت، خەڵکی کوردستان مافی ڕەوا و سرووشتی خۆیەتی، نەک هەر گشتپرسیی ئەنجامبدات، بەڵکو خاوەنی قەوارەی سیاسیی خۆی بێ، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەشڵێت "بەڵام بەداخەوە ئەو ریفراندۆمەی باس دەکرێ... خراوەتە قاڵبێکی شەخسیی و حیزبییەوە، ئەوەش زیانێکی زۆری پێ گەیاندووە، نزیکە هەر بەڕێوە لەباربچێ".

**سەرپەرشتیاری پرۆژەکەی لە بادینان:**

# بەرهەم ساڵح بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیست دروست دەکات



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسێکی یەکێتی لە بادینان، دەبێتە سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی د.بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی لە بادینان. ئەو بەرپرسە ئاشکرای دەکات کە بەرهەم ساڵح بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیستی دەبێ و فۆکەسیشی لەسەر هەولێر و بادینان دەبێ.

بەرهەم ساڵح لە هەفتەی ڕابردووەوە لە هەولێر دەستی بە زنجیرەیەک چاوپێکەوتن و دانیشتن کردووە لەگەڵ ژمارەیەک گەنج و کەسایەتی بادینان و داوای پشتگیریی ئەوانی کردووە بۆ پرۆژەکەی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو هەوڵەی د.بەرهەم کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە بادینان عەلی مستەفا ئۆرەماری کە پێشتر جێگری مەڵبەندی چواری یەکێتی بوو، خۆی وەکو بەرپرسی پرۆژەکەی د.بەرهەم ناساندووە و لەگەڵ چەندین چالاکڤان و کەسایەتی بادینان دانیشتووە و باسی پرۆژەکەی د.بەرهەمی بۆ کردوون".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لەسەر زاری د.بەرهەمەوە بەڵێنی پۆست بەو کەسانە دراوە کە بۆ پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح قسەیان لەگەڵ کراوە".

عەلی مستەفا ئۆرەماری، جێگری مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بادینان پشتڕاستی کردەوە کە ئەو لەلایەن د.بەرهەم ساڵحەوە ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ خەڵکی بادینان بدات. عەلی مستەفا باسی پرۆژەی بەرهەم ساڵح بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "دەمێکی درێژە د.بەرهەم ئامادەکاری بۆ ئەم پرۆژەیە دەکات، ئەوەش دوای بێئومێدبوونی جەنابی هات لە چارەسەرکردنی ڕەوشی سیاسیی کوردستان و کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی".

بە گوتەی عەلی مستەفا، پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح خۆی لە دروستکردنی لیستێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەبینێتەوە و دەڵێت "خەریکە کاک بەرهەم بە تەواوی بێئومێد دەبێ لە چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی کورستان و یەکێتی، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەک کەسی پێلایەن، تەکنۆکرات و بزنسمان کە لایەنگری حیزبەکانی دیکەشی تێدایە، لیستێک بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەکات".

ئۆرەماری لەوباوەڕەدایە زۆر لە یەکێتییەکانی بادینان لەگەڵ پرۆژەکەی بەرهەم ساڵحدا دەبن و دەڵێت "د.بەرهەم پەیوەندی و دۆستایەتی کۆنی لەگەڵ زۆر کەسایەتی ئەکادیمی و میدیاکار هەیە و ئێستاش لەگەڵ گەنجەکان پەیوەندی باشی هەیە. تاوەکوو ئێستاش زۆر کەس پشتگیریان لە پرۆژەکەی کردووە، ئێستا من سەرپەرشتیاری پرۆژەکەی بەڕێزیانم لە بادینان، ڕەنگە کەسی لە من باشتریش لە بادینان لە پرۆژەکەدابن، بەڵام بە ئاشکرا هەتا ئێستا خۆم سەرپەرشتی پرۆژەکەی دەکەم".

سەبارەت بە ناو و ناوەڕۆکی پرۆژەکەش، عەلی ئۆرەماری دەڵێت: "هەتا ئێستا پرۆژەکە ناوی هیوا و ئایندەیە، چەند پەیجێکیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن کەسە نزیکەکانی د.بەرهەمەوە بەو ناوە دروستکراون، ڕەنگە پرۆژەکە بەو ناوە ڕابگەیەنرێ".

دوایین قسەی بەرهەم ساڵح لەسەر دۆخی یەکێتی، لەو بەیاننامەیەدا بوو کە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەناوی ناوەندی بڕیار لە 2016/9/1 واژۆیان لەسەر کرد. ئیدی لەو کاتەوە بەرهەم ساڵح نە قسەی لەسەر یەکێتی کردووە، نە بەشداری کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی ئەو حیزبەی کردووە.

بەرزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "بەرهەم ساڵح بڕیاری داوە تا شکۆ و حورمەت بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نەگەڕێتەوە، بەشداری کۆبوونەوەکان نەکات".

عەلی ئۆرەماری باسی مەرجی بەرهەم ساڵح دەکات بۆ پاشگەزبوونەوە لەو لیستەی کە بڕیارە دروستی بکات و دەڵێت "ئەگەر کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی بەو جۆرەی ئێستا بمێننەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەرهەم ساڵح بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیستی دەبێ".

گوتیشی: "لەو باوەڕەداین دەنگێکی زۆر بهێنێ، بە تایبەتی لە هەولێر و دهۆک، چونکە هەتا ئێستا لەو دوو پارێزگایە ململانێی سیاسی نەبووە، لایەنێکی سیاسیش خۆی سەپاندووە، بەڵام ئەو سەردەمە ڕۆیشت".

عەلی دەڵێت هەر لە ئێستاوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستیان بە بانگەشە بۆ پرۆژەکە کردووە، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کەناڵێکی ئاسمانی دەکەنەوە.

> **ئەو لیستەی بەرهەم ساڵح کاریگەری لەسەر دەنگی یەکێتی لە بادینان نابێ**
>
> بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بادینان

### "لە فەیسبووک زانیومانە"

هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی چواری بادینان سەبارەت بە هەوڵەکانی د.بەرهەم لە بادینان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمەش لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بیستوومانە کە کاک بەرهەم لەگەڵ چەند کەسێکی دەڤەری بادینان کۆبووەتەوە".

یەکێتی لە بادینان هیچ نوێنەرێکی لە پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵام لە پەرلەمانی عێراق نوێنەری هەیە. لە کۆی 28 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش دوو ئەندامی هەیە. عارف ڕوشدی تاکە ئەندامی بادینی بوو لە سەرکردایەتیی یەکێتی، بەڵام وازی هێنا و لە نیسانی 2014 چووە ڕیزەکانی پارتی.

هەرێم کەمال ئاغا ڕەتیکردەوە کە پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح کاریگەری لەسەر دەنگی یەکێتی لە بادینان هەبێ و گوتی "د.بەرهەم هیچ کاریگەری لەسەر جەماوەری یەکێتی لە بادینان نابێ". هەرێم کەمال ئاغا دڵنیایی دەداتە یەکێتییەکان کە کێشەکانی نێو یەکێتی چارەسەر دەبن و گوتی "دڵنیام ناگاتە ئەو ڕادەیەی بەرهەم ساڵح پرۆژە یان لیست ڕابگەیەنێ، تاوەکوو ئەو کاتە کێشەکان چارەسەر دەبن".

هەروەها خالد دۆسکی، کارگێڕی لقی یەکی پارتی لە دهۆک ڕەتیکردەوە کە پرۆژەکەی د.بەرهەم کاریگەری لەسەر ئەوان هەبێ و گوتی "چونکە سەرجەم ئەوانەی هەتا ئێستا پەیوەندیان پێوەکراوە لە بادینان یان کادری دیاری یەکێتین یان کۆنە یەکێتین".

**بەرهەم ساڵح**

- سالّی 1960 لە سلێمانی لەدایکبووە.
- لە کۆتایی 1976 پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کردووە.
- ساڵی 1979 دوو جار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە و 43 ڕۆژ لە زیندان بووە.
- لە پۆلی شەشی ئامادەیی پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی کوردستان و سێیەمی عێراقی بەدەستهێناوە
- ساڵی 1983 بکالۆریۆسی لە ئەندازیاری مەدەنی و بیناسازی لە زانکۆی کاردیف لە بەریتانیا، بەدەستهێنا.
- ساڵی 1987 دکتۆرای لە ئامار و پراکتیزەی کۆمپیوتەر لە ئەندازیاری گشتی لە زانکۆی لیڤەرپول وەرگرتووە.
- ساڵی 1992 لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی هەڵبژێردراوە.
- لە 2001 – 2004 سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (سلێمانی) بووە.
- ساڵی 2004 جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی عێراق بووە.
- ساڵی 2005 جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق لە سەردەمی نووری مالیکی بووە.
- دامەزرێنەری زانکۆی ئەمریکی لە عێراق – سلێمانی و سەرۆکی بۆردی زانکۆکەیە.
- ساڵی 2009 بووەتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە 2010 بە جێگری دووەمی سکرتێری گشتی دەستنیشانکراوە
- خێزاندارە و کوڕێک و کچێکی هەیە.

# کۆتایی ئەم هەفتەیە دوا مۆڵەتی کۆمیسیۆنە بۆ وەڵامدانەوەی بارزانی

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بەسەر فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، نەیتوانیوە وەڵامی فەرمانەکە بداتەوە، گوتەبێژی کۆمیسیۆنیش دەڵێ: "ئەم هەفتەیە دوا وادەیە بۆ وەڵامدانەوە".

ڕۆژی 2017/6/8 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانێکی هەرێمی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان دەرکرد، هەر هەمان ڕۆژ بارزانی مەرسوومێکی پێنج خاڵی دەرکردبوو کە تێیدا دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی بۆ کۆمیسیۆن جێهێشتبوو، بەڵام لایەنەکانی نێو کۆمیسیۆن نەیانتوانی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە، بۆیە بارزانی لە دوای 35 ڕۆژ چاوەڕوانی، ڕۆژی 2017/7/12 بە مەرسوومی ژمارە 128 ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ڕاگەیاند کە ڕۆژی یەکی نۆڤەمبەری ئەمساڵە.

### کۆتایی ئەم هەفتەیە دواین وادەیە

بەهۆی کێشە و ناکۆکیی سیاسی لەسەر پرسی گشتپرسی لە نێوان هەر پێنج حیزبە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، تا ئێستا نەتواندراوە وەڵامی فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە، بەپێی قسەی گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی ئەم هەفتەیە دوا مۆڵەتە بۆ وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران ڕێککەوتن کە کۆتایی ئەم هەفتەیە دواین وادەیە بۆ وەڵامدانەوەی نووسراوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام زۆربەی هەنگاوەکان نراوە بۆ ئامادەسازییەکان بۆ گشتپرسی و هەڵبژاردنەکان".




نموونەیەکی پێشنیازکراو لە فۆڕمی دەنگدان بۆ گشتپرسی... (تایبەت بە ڕووداو)

شێروان زرار نەیشاردەوە کە کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان کاریگەریان لەسەر کۆمسیۆن هەبووە "بەڵام هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین".

بەپێی یاسای ژمارە چواری ساڵی 2014 ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران کە ژمارەیان نۆ کەسە، پێویستە بێلایەن بن و ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نەبن، بەڵام دابەشبوونە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کاریگەری لەسەر کارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە داناوە.

شێروان زرار دان بەوەدا دەنێ کە ناکۆکیی و جیاوازی بۆچوون لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران هەیە گوتی: "بێگومان ئەگەر پەرلەمان ئیشوکارەکانی بکردبایە، ئێمەش تووشی ئەو کێشەیە نەدەبووین، غیابی پەرلەمان کاریگەری لەسەر ئێمەش هەبووە، بەڵام ئێمە نەمانهێشتووە کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان بگاتە نێو کۆمسیۆن".

بەپێی قسەی گوتەبێژی کۆمسیۆن دوو بۆچوون لە نێو ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە بارەی گشتپرسی و هەڵبژاردنەکانەوە هەیە، بەشێکیان لەگەڵ ئەوەن کە هەردوو پرۆسەکە بە یەکەوە بکرێ، خەرجی کەمتر بێت و پرۆسەکە ئاسانتر بێت، لایەنی دووەمیش پێیوایە ئەم دوو بابەتە دوو شتی جیاوازن، چونکە گشتپرسی کۆدەنگی نیشتمانی زۆرینەی لایەنەکانی لەسەرە و نابێت تێکەڵی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان بکرێ.

ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "ئیشی کۆمیسیۆن نییە گفتوگۆ لەسەر یاسایی و نایاساییبوونی فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بکات، چونکە کۆمیسیۆن لایەنێکی جێبەجێکارە. دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنیش بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یاسای کۆمیسیۆن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکە".

### دەنگدان لە 23ی ئەیلوول دەستپێدەکات

بەپێی ئەو فەرمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەریکردووە، ڕۆژی 25ی ئەیلوول لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە کاتژێر 8ی بەیانی تاوەکو 6ی ئێوارە پرۆسەی گشتپرسی بەڕێوەدەچێت و پرسیار لە هاونیشتیمانیان دەکرێت: "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟". دەنگدەر دەتوانێ بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بداتەوە. ڕۆژی 23 و 24 ئەیلوولیش دەنگدانی تایبەت لە نێو پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، زیندانەکان و نەخۆشخانەکان بەڕێوەدەچێ.

12 هەزار وێستگەی دەنگدان دادەنرێن

کارتی دەنگدانەکە بەپێی فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و سریانی چاپدەکرێت. شێروان زرار دەڵێ: "12 هەزار وێستگەی دەنگدان لە سەرتاسەری باشووری کوردستان دادەندرێت بە جۆرێک 7000 وێستگە لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان 5000 وێستگەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەبێ". کۆمیسیۆن پێشبینی دەکات 3.3 – 3.5 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان لەو پرۆسەیەدا هەبێ.

دوو بەڵگەنامە لە کوردستانیانی تاراوگە داوا دەکرێت

کۆمیسیۆن لە ڕێگای سیستەمێکی ئەلیکترۆنی ڕێگایەک دەکاتەوە کە کوردستانیان لە تاراوگە دەنگ بدەن، ئەو سیستەمەش پەسندکراوە و لە ماوەی 30 ڕۆژی داهاتوو تەواودەبێت و ماوەیەکیش دانراوە بۆ خۆتۆمارکردن و دوای ئەوە بە ئاسانی دەتوانن دەنگ بدەن کە لە 1-9 دەستپێدەکات تاوەکو 2017-9-7.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بە (ڕووداو)ی گوت "کوردستانیانی تاراوگە ناوی خۆیان بەشێوەی ئۆنلاین تۆماردەکەن. دۆکۆمێنتی پێویست هاوپێچ دەکەن پێویستە لە نێوان کارتی نیشتمانی، پاسپۆرت، ڕەگەزنامە، ناسنامەی باری شارستانی دوو بەڵگەنامە ئەپلۆد بکات، ناویشی لە تۆماری دەنگدەران هەبێت، دوای پێداچوونەوە و وردبینی ڕێگای پێدەدرێت بچێتە نێو سیستەمەکە، وشەی تێپەڕ و ناوەکەی بۆ ڕەوانە دەکرێت، ڕۆژی دەنگدان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی دەتوانێت دەنگبدات".

### مەرەکەبێکی تایبەت ئامادەکراوە

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی دەڵێت ڕێوشوێنی توندیان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە تەزویر بگەن، بۆ بەڕێوەچوونی هەردوو پرۆسەکەش گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە بۆ دابینکردنی مەرەکەب. ناویراو گوتی :"ئەو مەرەکەبە لە چەند تاقیگەیەکی دەرەوە و ناوخۆی کوردستان تاقیدەکرێتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ستانداردی جیهانییە، هەروەها ماددەیەکی دیکەی کیمیایی ئامادە دەکرێت پێش ئەوەی دەنگدەر پەنجەی بکاتە نێو مەرەکەبە پەنجەکەی پاکدەکرێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانێت تەزویری پێ بکات".



## وەزارەتی پێشمەرگە: سەربەخۆیی ئیشی حەشدی شەعبی نییە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیێندراوێکدا وەڵامی سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی دەداتەوە و ڕایدەگەیێنێ، کاری ئەو سەرکردە سەربازییە نییە قسە لەسەر بابەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات. دەشڵێت: "باشترە سەرقاڵی ئەرک و کاری خۆت بێت، بابەتێک کە پەیوەندی بەتۆوە نەبێت و کاری تۆ نەبێت، بۆت نییە قسەی لەسەر بکەی". ئەبو مەهدی موهەندس، جێگری فەرماندەی حەشدی شەعبی لە لێدوانێکدا کە لە کەناڵی شەرقییە گوتبووی "سەربەخۆیی کوردستان نایەتەدی و تەنیا ڕێکلامی سیاسی و هەڵبژاردنە". بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە بە توندی وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت "بابەتێک کە پەیوەندی بەتۆ نەبێت و کاری تۆ نەبێت، بۆت نییە قسەی لەسەر بکەی".

### جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

# بە عەبادیمان گوتووە پۆستە بەتاڵەکانی بەغدا پڕناکەینەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە حیزبەکەی پۆستە بەتاڵەکانی بەغدا، ئەوانەی بە پشکی ئەو حیسابن، پڕناکاتەوە.

پەرلەمانتارەکەی پارتی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو پۆستانە پڕناکەینەوە و بە عەبادییش گوتراوە کە کەیفی خۆیەتی پۆستی وەزیری دارایی و پۆستەکانی دیکە پڕدەکاتەوە یان نا". لەبارەی هۆکاری ئەو بڕیارەش گوتی: "چونکە سوودی نییە، وەزیری دارایی کورد بوو مووچەی خەڵکی کوردستان هەر بڕابوو، سوپاسالاری عێراق کورد بوو، کەچی پێشمەرگە چەک و مووچەی نەبوو، ئیتر ئەو پۆستانە هەبن و نەبن سوودیان چییە؟".

نزیکەی 35 پۆست لە بەغدا کە پشکی کوردن، لەدەستی کورددا نەماون، لەوانە: وەزیری دارایی، بریکاری وەزیری دارایی، سوپاسالاری عێراق. بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەواڵگری، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، جێگری ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمینداری گشتیی پەرلەمانی عێراق، جێگری دەستەی لێپرسینەوە و دادوەری، فەرماندەی دوو فیرقە لە سوپای عێراق. جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی. پشکنەری گشتیی دەستەی حەج و عومرە و بریکاری دیوانی وەقفی سوننە. ئەو پۆستانە تاوەکو ئێستا بە بەتاڵی ماونەتەوە و بەشی زۆریشیان پشکی پارتین.

هەفتەی ڕابردوو، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە خاوەنی 28 کورسییە و گەورەترین فراکسیۆنی کوردستانییە، لەگەڵ ژمارەیەک باڵیۆزخانە و لایەنی سیاسی عێراقی لە بەغدا کۆبوونەوە، ئامانجی کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنەکە کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ گشتپرسی و ناردنی چاودێر و نوێنەری ئەو وڵاتانە بوو لە 25ی ئەیلولی داهاتوو کە ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسییە لە باشووری کوردستان.

ڕێناس جانۆ، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "بەرنامەمان هەیە لەگەڵ هەموو باڵیۆزخانەکان و لایەنە سیاسییەکان لەسەر گشتپرسی کۆببینەوە و ڕوانگە و هەڵوێستی خۆمان بخەینەڕوو، لەزاری هەندێک لەو دیپلۆماتکارانەشەوە کە لە بەغدا سەردانیان کردوون، گوتی هیچکام لەو وڵاتانە دژایەتی گشتپرسییان نەکردووە، تەنیا تێبینییان لەسەر کاتی ئەنجامدانی گشتپرسییەکە هەیە.

سەبارەت بە هەڵوێستی کاربەدەستانی عێراقیش لە گشتپرسی، ڕێناس جانۆ گوتی: "سەرجەم کاربەستانی دەوڵەتی عێراق دژی گشتپرسین، زۆربەی لایەنەکانیش هەڵوێستی باشیان نییە. چەند پەرلەمانتارێک لەسەر ئاستی تاک پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بە ئاشکرا نایڵێن".



نزیکەی 35 پۆست لە بەغدا کە پشکی کوردن، لەدەستی کورددا نەماون

کێشەی گەورەی کورد لەگەڵ بەغدا، حەشدی شەعبییە، کورد ترسی لەوە هەیە هەژموونی حەشد بەسەر حوکمڕانی لە عێراق زیاتر بێ و ببێتە لەمپەر لەبەردەم خواستە لەمێژینەکەی کە سەربەخۆییە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت لەگەڵ زۆربەی ئەو باڵیۆزخانانەی لە بەغدان قسەیان کردووە و ترسی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە حەشدی شەعبی دەسەڵاتی سیاسیی عێراق بگرێتە دەست و ئەوکات کورد نەزانێ لەگەڵ کێ دانوستاندن بکات.

زۆربەی لایەنە شیعییەکان، بەتایبەتی حیزبی دەعوە و ئەو ڕەوتە تازەیەی بە سەرکردایەتی عەممار حەکیم لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی جیابوونەوە، دژایەتی خۆیان بۆ بژارەی گشتپرسی دەربڕیوە. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "هەڵوێستی ڕەوتی سەدر تاوەکوو ئێستا لە هەموویان باشترە".

> هیچ هەڕەشەیەک لەسەر کوردی بەغدا نییە
>
> بەرپرسی لقی پارتی لە بەغدا

### "هەڕەشە لە کوردی بەغدا نەکراوە"

دوای وروژاندنی پرسی گشتپرسی و دیاریکردنی ڕۆژی پرۆسەکە لە دانیشتنی ڕۆژی 2017/6/7ی بارزانی و ژمارەیەک لە لایەنە سیاسییەکان، دەنگۆی زۆر بڵاوبوونەوە لەبارەی هەڕەشە و ترساندنی کوردی بەغدا. بەڵام بەرپرسێکی پارتی لە بەغدا دەڵێت ئەو پرسە زیاد لە قەبارەی خۆی گەورە کراوە.

شوان محەممەد تەها، بەرپرسی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو بابەتە لە میدیاکاندا زۆر بە خراپی خرایەڕوو، هیچ هەڕەشە و مەترسییەک لەسەر کوردی بەغدا نییە. لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر خەڵک تیرۆر کراون، سوپاس بۆ خوا هیچ کوردێک لە نێو قوربانییەکاندا نییە".

شوان محەممەد تەها هەروەها گوتی: "ئێمە لە نزیکەوە ئاگاداری خەڵکی خۆمانین لە بەغدا، ڕۆژانە خەڵک دەبینین و کۆبوونەوە و دانیشتنمان هەیە، هەندێک کورد هەن لە کوردستان دادەنیشن و چەندین ساڵە بەغدایان جێهێشتووە، ئەوانەن کە لە میدیاکانەوە قسە دەکەن، بەڵام لێرە دۆخەکە ئاساییە".

# شاندی کوردستان مادە دەستوورییە پێشێلکراوەکان دەبەنەوە بەغدا

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەمڕۆ دووشەممە 2017/8/14 ئەو کۆمیتەیەی لەلایەن لیژنەی باڵای گشتپرسی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا پێکهێنراوە، دەگاتە بەغدا. ئەندامێکی شاندەکە ئاشکرای دەکات کە سەردانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و نووری مالیکی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق دەکەن.

ئەو شاندەی کە دەچنە بەغدا پێکهاتوون لە د.ڕۆژ نوری شاوێس، نوێنەری پارتی. سەعدی ئەحمەد پیرە، نوێنەری یەکێتی. فوئاد حوسێن، نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. د.محەممەد ئەحمەد، نوێنەری یەکگرتوو، ڤیان دەخیل بە نوێنەرایەتی کوردی ئێزدی، ڕۆمیۆ هەکاری بە نوێنەرایەتی مەسیحییەکان و هەروەها ماجید بازرگان نوێنەرایەتی تورکمانەکان دەکات.

دوایین کۆبوونەوەی ئەو شاندە لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی لیژنەی باڵای گشتپرسی بەر لە بەڕێکەوتنیان بۆ بەغدا، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بوو. ئەوان وەرەقەی گفتوگۆی خۆیان ئامادە کردووە و خستوویانەتە بەر دەستی بارزانی. ئەندامانی لیژنەکە لە بارزانییان پرسیوە ئاخۆ داواکارییەکەی ئەمریکا کە لەڕێی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە خرابووە بەردەم بارزانی، کاریگەریی لەسەر دواخستنی گشتپرسی دەبێ؟ بارزانی پێیگوتوون "تەنیا لە دۆخێکدا مل بۆ ئەوە دەدەن، کە ئەمریکییەکان گەرەنتییان لەبارەی کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی پێبدەن".

ڤیان دەخیل کە لە لیژنەی باڵای گشتپرسیدا نوێنەرایەتی کوردی ئێزدی دەکات و چەند ساڵێکیشە لە بەغدا پەرلەمانتارە، دەڵێت: "هەموو ئەو لایەنانەی دەیانبینین، پێیان دەڵێین بە دڵنیاییەوە ڕۆژی 25ی ئەیلول گشتپرسی دەکرێ و گفتوگۆکەمان بۆ ئەوەیە. لەگەڵ ئەوان گفتوگۆ دەکەین کە چۆن دەبینە دوو دراوسێی باش".

ڕۆژی حەوتی تەمووزی ڕابردوو، بارزانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ 17 پارت و لایەن، جگە لە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجامدا. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا 25ی ئەیلولی داهاتوو گشتپرسی لە باشووری کوردستان بکرێ. لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستا بەغدا ڕەتیدەکاتەوە و بەشێک لە وڵاتانیش لە سەرووی هەموویانیشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتەکەی بە گونجاو نازانن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە ئەندامانی لیژنەکە دەستیکەوتوون، لەو ڕۆژەوەی بڕیاری ناردنی شاند بۆ بەغدا دراوە، حکومەتی عێراق و لایەنە شیعەکان لە هەوڵدان لە ڕێگەی ئێران و ئەمریکییەکان و کونسوڵخانەی وڵاتانەوە لە بەغدا، بۆ ئەوەی کورد ئەو گشتپرسییە دوابخات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا سەعد حەدیسی، گوتەبێژی سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتی "لەبارەی گشتپرسییەوە قسە لەگەڵ شاندی کورد ناکەن".

ڕەسوڵ ڕازی ئەبو حەسەنە، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا و نزیک لە نووری مالیکی، جێگری سەرککۆماری عێراق لە بارەی سەردانی شاندی کوردستان بۆ بەغدا ڕایگەیاند کە مالیکی پێشوازی لە شاندەکە دەکات و دیدار لەگەڵ ئەو شاندە ڕەتناکاتەوە ئەگەر پێشوەخت ئاگاداری بکەنەوە"، بەڵام بەدووری دەزانێ داخوازییەکانی کورد لە بەغدا پەسەند بکرێن "چونکە بۆچوونی ئێمە لەبارەی گشتپرسی و جیابوونەوە ڕوونە و بە لادان لە دەستووری دەزانین".

بەڵام ڤیان دەخیل دەڵێ "ئەوان ڕەتیبکەنەوە یان نا، ئێمە دەڕۆین و تەنیا لەبارەی گشتپرسیشەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین".

هاوکات ئەندامێکی دیکەی شاندەکە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕوونکردەوە کە تەوەری گفتوگۆکانیان لەگەڵ بەغدا جگە لە گشتپرسی، هەندێ پرسی دیکەشە. ڕۆمیۆ هەکاری، ئەندامی لیژنەی باڵای گشتپرسی کە نوێنەرایەتی مەسیحییەکان دەکات، گوتی: "ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. هێڵە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. پرسی نەوت و گازیش گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ، بەڵام خاڵی هەرە سەرکی وتووێژەکان ، ئەنجامدانی گشتپرسی دەبێت لەکاتی خۆیدا".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، وەرەقەی کورد بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا 55 ماددەی دەستووری عێراقی تێدایە کە لەلایەن بەغداوە پێشێلکراون، لەوانەش ماددەی 140، بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، بڕین و نەدانی بودجەی پێشمەرگە، یاسای نەوت و گاز، ڕێژەی کورد لە سوپای عێراق، نەهێشتنی تەوافوق لە دەرکردنی یاساکانی پەرلەمان.

ئەگەر بەغدا داوای لە شاندەکە کرد وادەی گشتپرسی دوابخەن، وەڵامی ئەوان چی دەبێت؟ ڕۆمیۆ هەکاری دەڵێت "ئێمە پێیاندەڵێین دواناخرێ، بەڵام ئەگەر تێبینی دیکەیان هەبێ، ئێمە بڕیار نادین و دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەم لیژنەی باڵای گشتپرسی".

هەکاری لەبارەی بەرنامەی دیدارەکانی لیژنەکەیان لە بەغدا گوتی کە دەیانەوێ لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و نووری مالیکی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەغدا گفتوگۆ بکەن. هەروەها گوتی: "دوای لایەنە عێراقییەکان، لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتی وڵاتان لە بەغداش گفتوگۆ دەکەین".

> بە بەغدا دەڵێین بە دڵنیاییەوە 25ی ئەیلول گشتپرسی دەکەین
>
> ئەندامێکی شاندەکە



ئەندامانی شاندی کوردستان لە لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا

> مالیکی ئامادەیە پێشوازی لە شاندی کوردستان بکات
>
> پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا

لیژنەکە لە نوێنەرایەتی سەرۆکایەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و مەسیحییەکان و تورکمانەکان پێکهاتووە. ئەندامێکی لیژنەکە دەڵێت کورسی بۆ گۆڕان و کۆمەڵیش دانراوە. هەرچەندە کۆمەڵ لەسەرەتاوە بڕیاری داوە بەشداری کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای گشتپرسی نەکات. گۆڕانیش ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بە تەواوی خۆی یەکلایی کردەوە کە زەحمەتە بەشداری ئەو لیژنەیە بکات، چونکە جڤاتی نیشتیمانی لە بەیاننامەیەکدا داوای کرد گشتپرسی دوابخرێ.

ڤیان دەخیل دەڵێ: "کورسی بۆ ئەو دوو لایەنەش دانراوە"، بەڵام ئەستەمە پێش بەڕێکەوتنی ئەوان بۆ بەغدا، گۆڕان و پارتی بگەنە ڕێککەوتن.

دەخیل گوتی: "مەرج نییە ئەمجارە گۆڕان و کۆمەڵ لەگەڵمان بێن، چونکە ئێمە چەند جارێکی دیکەش دەچینەوە بەغدا و ئەو گفتوگۆیانە درێژە دەکێشن، هەندێک پرس بەیەک سەردان یەکلایی نابنەوە".

## میسال ئالووسی، سەرۆکی پارتی ئوممەی عێراقی:

# جیابوونەوەی کوردستان عێراق ڕزگار دەکات هەڵیناوەشێنێتەوە

میسال ئالووسی، سیاسییەکی قسە لەڕووە و نەیارێکی سەرسەختی حیزبە ئیسلامییەکانی عێراقە، ساڵی 1976 حوکمی لەسێدارەدانی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بۆ دەرچووە، ئەوکات لە قاهیرە بوو، لەوێوە رایکرد بۆ ئەڵمانیا. ساڵی 2003 کە ڕژێمی بەعس ڕووخا گەڕایەوە عێراق، لە شوباتی 2005دا پاش ئەوەی بە ئاشکرا وەک سیاسییەکی عێراقی سەردانی ئیسرائیلی کرد، لە بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی درا و هەردوو کوڕەکەی بە ناوەکانی ئەیمەن 28 ساڵ و جەمال 24 ساڵ لە بەرچاوی خۆیدا کوژران.

ئالووسی سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەڵام لایەنگرێکی سەرسەختی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستانە. خۆی خەڵکی ئەنبارە، بەڵام دژی نەتەوەپەرستیی عەرەبە و پێیوایە بیرکردنەوەیان فاشییانەیە.

ئالووسی لە ماڵەکەی خۆیدا لە دەرەوەی شاری هەولێر قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ڕۆژی گشتپرسی بە دەستێک ئاڵای کوردستان و بە دەستەکەی دیکەشم چەک هەڵدەگرم و بەرگری لە گشتپرسی دەکەم".

**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕووداو: پرسیارێکی تەقلیدی، بەڵام چارەنووسساز هەیە کە بەردەوام لە سیاسییە عێراقییەکانی دەکەم: دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ چارەنووسی ئەم وڵاتە چی لێدێت؟**

**میسال ئالووسی:** دەوڵەتی هاوچەرخ، پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری و ڕێزگرتنە لە مافی مرۆڤ. بونیادنانە، ژێرخانی ئابووریی و خوێندن و پێکەوەژیانە، بەڵام دەوڵەت لە بەغدا فاشیلە، هاوشێوەی دەوڵەتی پێش 2003یە، بۆیە وەکو هاووڵاتییەکی عێراقی، هەمیشە دەڵێم قسەکانی مەسعود بارزانی و مەسروور بارزانی زۆر ڕاستن کە دەڵێن دەوڵەت لە عێراق فاشیلە و بوونی نییە. خەڵک لە بەسرەو عەمارە و بەغدا دەپرسن کوا دەوڵەت؟ کوا خزمەتگوزاری و کوا ئاوی خواردنەوە، بۆیە پێموایە ڕۆژی 25ی سێپتەمبەر کە ڕۆژی گشتپرسییە لە کوردستان، ڕۆژی ڕزگارکردنی هاووڵاتیانی عێراقە، نەک هەڵوەشاندنەوەی عێراق.

**ڕووداو: ئەم قسەیە تا چەند لە موجامەلەکردنی سەرکردایەتی کوردستان نزیکە، چۆن گشتپرسیی کوردستان هەڵوەشاندنەوەی عێراق نییە، ئەی سەرەتای پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە نییە؟**

**میسال ئالووسی:** لەساڵی 1921ەوە ئێمە لە بەغدا خەریکی درۆکردنین، سەت ساڵە ئێمە دەڵێین شەڕ دەکەین، شۆڕش دەکەین، دەکوژین، دەبڕین، هەمووی درۆیە، بەداخەوە سەت ساڵە لە بەغدا درۆ زاڵە. ئاستی خوێندن، دەستی کار، خزمەتگوزاری زۆر خراپە، لە سەردەمی سەدامەوە تاوەکوو ئەمڕۆ ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین، بۆیە 25ی سێپتەمبەر دەڵێ: سیستەمی حوکمڕانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستی هێنا، ئەمەش بووەتە کێشەی حاکمی بەغدا و وڵاتانی ئێران و تورکیا و ئەمریکا و ڕووسیا. ئەگەر کورد ڕێز لە مافەکانیان بگیرابایە، گشتپرسییان نەدەکرد، بۆیە گشتپرسی پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ خەڵکی بەسرە، ئەنبار و پارێزگاکانی دیکەش تا داوای مافەکانیان بکەن. ئەمە مانای هەرەسهێنانی سیستەمی حوکمڕانی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتە لەلایەن ئیسلامی و قەومییەکان لە بەغدا. بۆیە ئەمە هەڵوەشاندنەوەی عێراق نییە، دەوڵەت واتا خزمەتگوزاری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، نەک دابەشکردنی مریشک. سەدام مریشکی دابەش دەکرد وایدەزانی پاداشتی میللەتی داوەتەوە. لەسەر دەوڵەت پێویستە خزمەتی خەڵک بکات، بۆیە ئەگەر گشتپرسیی کوردستان بەڕێوەبچێت خەڵکی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش داوای مافی خۆیان دەکەن. ئەو ڕۆژەی گشتپرسیی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت حکومەتی بەغدا دەڕووخێ، ئەگەر بە حساباتی خۆیدا نەچێتەوە. ئەوپەڕی گاڵتەجارییە دەسەڵات و حکومەتێکی شیعی مافی تائیفی بە خۆی ڕەوا ببینێ، بەڵام مافی ئایینی بە ئێزدی و مەسیحی و سابیئە و پێکهاتەکانی دیکە ڕەوا نەبینێ. بۆیە بە کورتی سەربەخۆیی کوردستان، سەربەخۆیی دەداتە بەغدا لە ئێران و وڵاتانی دیکە.

**ڕووداو: بە چ پێوەرێک دوای گشتپرسی دۆخی عێراق باشتر دەبێ، ئایا عەرەبی سوننە چییان لێدێت و هاوسەنگیی هێز و پێکهاتەکانی لە عێراق چی لێدێت؟**

**میسال ئالووسی:** حاکمەکانی بەغدا لە دوای گشتپرسیی کوردستان دوو ڕێگایان لەبەردەمە، یان دەبنە دیموکراسی و دەستووری، یان دەبنە داعش و بەعسی و حوکمی دیکتاتۆری، ئەوان خەمی عێراقیان نییە درۆ دەکەن، خەمی دەسەڵات و پارەیانە، ئەگەر خەمی یەکپارچەیی عێراق و دەستووریان هەبووایە، مووسڵ و ئەنبار و سەلاحەدین نەدەکەوتنە دەستی داعش. ئەگەر خەمی عێراقیان هەبووایە ئێستا میلیشیا لە شەقامەکان نەدەسووڕایەوە. ڕوحێکی فاشی لە نێو عەرەب و موسوڵماندا هەیە لەگەڵ ڕێژم. بەشێک لە بەرپرسانی بەغدا پەرە بەو ڕوحە فاشییە دەدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوەیان لە حوکم. بۆیە گشتپرسیی کوردستان ئازادی دەبەخشێتە هەموو عێراقییەکان بۆ داواکردنی مافەکانیان و ئەولەویەتدان بە مرۆڤ.

**ڕووداو: ترسێک هەیە لەوەی کە کورد لە عێراق جیاببێتەوە عەرەبی سوننە تەفروتونا بن، ئەو ترسە تا چەند لە جێی خۆیەتی؟**

**میسال ئالووسی:** بۆ ئێستا تەفروتونا نەبوون؟ ئێستا عەرەبی سوننە و شیعە تەفروتونا بوون. کێ دەڵێ شیعە ئازادە؟ نەخێر ئەوانیش دووچاری زوڵم و ستەم بوونەتەوە لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکان، میلیشیاکان شیعە دەچەوسێننەوە بۆ ئەوەی لە ژێر دەستیان بمێننەوە.

**ڕووداو: پێتوایە کورد پاساوەکانی بۆ دەرچوون لە عێراق بەهێزە؟**

**میسال ئالووسی:** سەرکردایەتیی کورد زۆر ڕێگای تاقیکردووەتەوە بۆ مانەوەی لەگەڵ عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا، هەموو ڕێگاکان شکستیان هێنا، من عێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراسیم دەوێت کە مافی کوردی تێدا پارێزراو بێت، بەڵام ئەو عێراقە نەهاتووەتەدی، عێراق لە مێژوودا دەژی، ئەگەر ئیرادەی مافی مرۆڤ لە کوردستان سەربکەوێت، گشتپرسی سەرکەوتوو بێت لەوەی دەوڵەتێکی پێشکەوتووی کوردی دابمەزرێ، عێراق ناچار دەکات بگەڕێتەوە سەر دیموکراسی یاخود بە یەکجاری کۆتایی دێت.

**ڕووداو: تۆ یەکێکی لە سیاسییە ناسراو و قسە لەڕووەکانی عەرەب لە عێراق، پێتوایە کاردانەوەی بەغدا لە حاڵەتی بەڕێوەچوونی گشتپرسی چۆن دەبێ؟**

**میسال ئالووسی:** خەباتگێڕەکانی عێراق قوربانیدانی گەلی کورد باش باش دەزانن، کورد کە شۆڕشی لە دژی حکومەتەکانی بەغدا دەکرد، یەک عێراقیی تیرۆر نەکرد و پەنای نەبردە بەر تەقینەوە و توندوتیژی. لەدوای 2003 چەندین فەیلەقی سوپای عێراق لەبن دەستی کورد بوون، بەڵام تۆڵەیان لە هیچیان نەکردەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە چاوی قوربانی سەیری سەربازەکانی سوپای عێراقی کردووە. هیوادارم کورد بە هەمان ئەخلاق و ڕۆحیەت وڵاتی خۆی بونیاد بنێتەوە، زۆر دڵم بە قسەکانی مەسروور بارزانی لە واشنتن خۆش بوو کاتێک دەیگوت مافی سەرجەم پێکهاتەکان لە کوردستان پارێزراو دەبێ. بۆیە سەرکەوتنی وڵاتێکی دیموکراسی لە کوردستان نەخشەیەکی سیاسیی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات. سەرکەوتنی گشتپرسی، سەرکەوتنی بەغداشە. بۆیە ئەگەر کاردانەوەشیان هەبێ، لە پێناوی دروستکردنی دوژمنێکی وەهمییە لە کورد، وەکو چۆن دوژمنێکیان بۆ خۆیان بەناوی زایۆنیزم داتاشیوە.

**ڕووداو: عەرەبی سوننە زۆرترین سنووری هاوبەشی لەگەڵ کوردستان هەیە، هەڵوێستی ئەوان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

**میسال ئالووسی:** پێش هاتنی داعش من ترسم لە هەڵوێستی عەرەبی سوننە هەبوو، بەڵام دوای کردنەوەی دەرگای سنوور و ماڵەکان لەلایەن هەرێمی کوردستان بە ڕووی عەرەبی سوننە، نزیکەی ملیۆن و نیوێک عەرەبی سوننە ئاوارەی کوردستان بوون. لێرە ئاسایش، ئاو و خۆراک و هاوکارییان پێشکەش کراوە. عەرەبی سوننە بە باشی کوردیان نەدەناسی، بەغدا کە خۆی بە پایتەختی ئیسلامی و دیموکراسی دادەنێت، قبوڵی نەدەکرد خەڵکی فەلوجە و ئەنبار بچنە ناو شارەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان دەرگای بۆ کردنەوە. ئەم هەڵوێستە بۆچوونی عەرەبی سوننەی بەرامبەر کورد گۆڕیوە.

**ڕووداو: حەشدی شەعبی ئێستا لەسەر سنووری کوردستانە، خەڵک ترسی هەیە کە دووچاری شەڕێکی ناچاری ببێت، ئایا حەشدی شەعبی شەڕی کورد دەکات؟**

**میسال ئالووسی:** هەموو حەشد هەڵوێستیان بەرامبەر کورد خراپ نییە، بەڵام ئەو حەشدەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە هەوڵی دروستکردنی کێشە و ئاژاوە دەدەن. خاڵێکی دیکە هەیە، مەسعود بارزانی هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر ئێران، نەچوونە ژێرباری داواکارییەکانی ئێران لەلایەن مەسعود بارزانییەوە وا دەکات خەڵک لە عێراق و ناوچەکانی دیکەش دەنگی خۆیان هەڵبڕن و خۆیان لە هەژموونی ئێران ڕزگار بکەن.

ڕووداو: بەڵام هیچ وڵاتێکی دۆستی کورد تاوەکو ئێستا پشتگیریی گشتپرسی نەکردووە؟

میسال ئالووسی: ئێوە نابێ چاوەڕێ بن فڵان وەزیری دەرەوە پشتگیریتان بکات، پرسی گشتپرسیی کوردستان پەیوەندی بە هەموو ئازادیخوازانی جیهانەوە هەیە، کورد بە هاوسۆزی و پشتیوانیی ئازادیخوازان سەرکەوتووە، بۆیە بە کەم سەیری ئەمە مەکەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەمریکاش داوای دواخستنی گشتپرسی دەکات؟**

**میسال ئالووسی:** زۆربەی ناوەندەکانی بڕیار و کاربەدەستانی واشنتن پشتگیریی گشتپرسیی کوردستان دەکەن، بەڵام نایڵێن، من ئاگادارم لەم سەردانەی دوایی و ئەوەی پێشووش مەسروور بارزانی، پشتگیریی گەورەی بەدەستهێناوە لە واشنتن، بەڵام ئەویش نایڵێ.

**ڕووداو: ئەگەر سەیری دۆخی نێوخۆی کوردستانیش بکەین، کۆدەنگییەک لەسەر گشتپرسی نابینرێت، ئێوە وەکو سیاسییەکی عەرەب چۆن ئەو دیمەنە دەبینن؟**

**میسال ئالووسی:** هیچ کوردێک دژی گشتپرسی نییە، بەڵام مانۆڕ و تەکتیکی سیاسی بەکاردەهێنن. من ڕەحمەتی کاک نەوشیروان و سەرکردەکانی گۆڕان دەناسم و زۆر ڕێزم هەیە بۆیان، ئەوانیش لەگەڵ سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستانن، بەڵام ئەوەی دەبینرێت ململانێی سیاسییە. هەر بۆ زانیاریت کاتێک بە تەنیا لەگەڵ سەرکردەکانی گۆڕان دادەنیشم، هیچ کەسێکیان نییە ڕێز لە مەسعود بارزانی نەگرێت، هەموویان ڕێزی دەگرن. بۆ مێژوو پەرلەمانتارێکی ژنی گۆڕان کە هاوڕێیەکی خۆشەویست و بەڕێزە، ڕۆژێکیان لە فڕۆکەخانە بووین دەگەڕاینەوە هەولێر، گوتی پێڵاوەکانی مەسعود بارزانی زۆر لە سەرکردە فاشیلەکانی بەغدا دەهێنێ، کەچی ئەو پەرلەمانتارە لە میدیاکانەوە ڕەخنە لە مەسعود بارزانی دەگرێ، بۆیە دەبێ ڕێز لە بۆچوون، بەرژەوەندی و کاردانەوەی یەکدی بگرین. ئەگەرنا لەڕووی ستراتیژییەوە کورد هەموویان یەک بۆچوونیان هەیە. هەموویان پشتگیری گشتپرسی دەکەن.

هیچ تووشی شۆک نابم ئەگەر ئەنجامی دەنگدان بە بەڵێ لە سەرووی 90% بێت.

**ڕووداو: تۆ بەهۆی سەردانیکردنی ئیسرائیل پارێزبەندیی یاساییت لە پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2008 لێ سەندرایەوە، دەڵێن پەیوەندیت لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، پێتوایە گشتپرسی پرۆژەی تەلئەڤیف بێت؟**

**میسال ئالووسی:** (بە پێکەنینەوە) بەڕاستی نوکتەیەکی خۆشە، عەرەب پشتگیریی فەلەستینییەکان دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام دژی کوردن دەوڵەتی هەبێ. لە کاتێکدا کورد نەتەوە، خاک و مێژووی جیاوازی خۆی هەیە.

**ڕووداو: چ پێشنیازێکت بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەیە بۆ گشتپرسی؟**

**میسال ئالووسی:** ئومێد دەکەم لە پاڵ سندوقی گشتپرسی، سندوقێکی دیکە هەبێت بۆ عەرەب، تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە کە چییان دەوێت؟ دڵنیام دەنگی زۆرتر لە سندوقی گشپرسییەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دێت. دەبێ لە ئەمڕۆوە تا ڕۆژی گشتپرسی، کورد گوتاری خۆی یەکبخات و چاکسازی لە نێوخۆی بکات. بەڕاستی لە دڵەوە بریندارم کاتێک دەبینم گەنجی کورد لە ئێسکان و شوێنەکانی دیکە ئەوەندەی سەرقاڵی ڕیال و بەرشەن، ئەوەندە خەمی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان نییە. دەرفەت لە بەردەم هیچ کوردێک نییە بینەری ڕووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێ ئالاهەڵگر بێت. ئێوە لە بەردەم دروستکردنی داستانێکی ئەخلاق و مرۆیی گەورەدان بۆ ئەوەی بە جیهانی بسەلمێنن کە شایستەی دەوڵەتن.

**ڕووداو: وابزانم دوو ساڵە بارزانیت نەبینیوە، بەڵام یەکێکە لە دۆستە نزیک و دێرینەکانت، چ قسەیەکت بۆی هەیە؟**

**میسال ئالووسی:** من پیاوێکم بڕوام بە یاسا و دەستوور هەیە، لەگەڵ مانەوەی کەس نیم لە هیچ پۆست و پلەیەکدا، ئێوە خۆتان دەڵێن کە ئامانجی شۆڕشی کورد نەهاتووەتە دی و وڵاتی سەربەخۆتان دروست نەکردووە، مەسعود بارزانی بە درێژایی تەمەنی سەرۆک نەبووە، جیهانیش وەکو سەرۆک سەیریان نەکردووە، بەڵکو وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەی کورد سەیری دەکەن. با شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە بۆ برایانی گۆڕانیشم گێڕاوەتەوە، چونکە ئێمە کە دادەنیشین زۆر ڕێز لە بۆچوون و بڕیاری یەکدی دەگرین. جارێکیان لە واشنتن کۆبوونەوەیەکی گرنگ و باڵامان لەگەڵ نوێنەری سەرجەم ناوەندەکانی دەسەڵات هەبوو، باسی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانم لەسەر کێشەیەک لەگەڵ بەغدا کرد. بەرپرسانی ئەمریکا پێیانگوتم ئەو هەڵوێستە لە هەرێمی کوردستان هی کێیە. گوتم حکومەت، بەڵام تەئکیدیان لێکردمەوە لە نێو حکومەت هی کامە بەرپرسە. من وەڵامم نەدایەوە، بەڵام بەرپرسێکیان گوتی مەسعود بارزانیش وا بیر دەکاتەوە. منیش گوتم بەڵێ ئەویش ڕای لەگەڵ حکومەتە. ئیتر بەرپرسەکان گوتیان ئێمە کۆبوونەوەکە دوادەخەین چونکە بابەتەکە جدییە، سەیری زنجیرەی ڕووداوەکان بکە. گوتم هەڵوێستی کوردە پێیان ئاسایی بوو، گوتم حکومەتە، هەر پێیان ئاسایی بوو، کاتێک زانییان بارزانیش هەمان بۆچوونی هەیە، ڕاستەوخۆ ئاراستەی کۆبوونەکەمان گۆڕا. بە برادەرانی گۆڕانم گوت ئێوە خەباتگێڕن و هەموو تەمەنی گەنجیی خۆتان لە شۆڕشدا داناوە، بەڵام حەقیقەتێک هەیە جیهانی دەرەوە ئێوە ناناسێت، خەڵک مام جەلال، کاک مەسعود و کاک نەوشیروان دەناسن. ئێستا کاک نەوشیروان کۆچی دوایی کردووە خوا لێی خۆشبێت، مام جەلال نەخۆشە و تەنیا مەسعود بارزانی ماوە کە تاکە سەرکردەی سیاسیی کوردە لە ژیاندا ماوە. جیهان ڕێزی دەگرن و متمانەی پێدەکەن. بۆیە زۆر ئاساییە گەلی کورد لە چواردەوری ئەو سەرکردەیە کۆببنەوە. ئامۆژگاریی هەموو لایەنەکان دەکەم دەست بە بارزانییەوە بگرن، چونکە ئەو گوریسی ڕزگاربوونە لەو ناوچەیە. من کورد نیم، بەڵام ئاوات دەخوازم کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، بۆ زانیاریتان من ڕۆژی 25ی سێپتەمبەر لە کوردستان دەبم، بەبێ دوودڵی بە دەستێکم ئاڵای کوردستان و بە دەستەکەی دیکەشم چەک هەڵدەگرم و بەرگری لە گشتپرسی دەکەم.

> پاش گشتپرسیی کوردستان پارێزگاکانی دیکەش داوای مافی خۆیان دەکەن

> دوای گشتپرسی بەغدا دوو ڕێگای لە بەردەمە، دیموکراسی یان دیکتاتۆری

> ژنە پەرلەمانتارێکی گۆڕان پێیگوتم پێڵاوی بارزانی لە زۆر سەرکردەی فاشیلی عێراق بەڕێزترە

> لە دڵەوە بریندارم کە دەبینم گەنجی کورد هێندەی سەرقاڵی ڕیال و بەرشەن، هێندە خەمی چارەنووسی خۆیان نییە

> بارزانی گوریسی ڕزگاربوونە لەو ناوچەیە، بۆیە دەستی پێوە بگرن

> بارزانی هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر ئێران

> عەرەبی سوننە بۆچوونیان بەرامبەر کورد زۆر گۆڕاوە

> بەشێک لە حەشدی شەعبی هەوڵی دروستکردنی کێشە بۆ گشتپرسی دەدەن



## سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل: پێویستە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، پێویستە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێت و پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردی عێراق دەکات. لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ 33 کۆنگرێسمانی کۆمارییەکانی ئەمریکا، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕۆژی پێنجشەممە 10-8-2017 ڕایگەیاندووە، "پێویستە کوردی عێراق دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوان ئازا و قارەمانن، دۆستی ڕۆژئاوا و دۆستی بەهاکانی ڕۆژئاوا و ئێمەن". بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی ئیسرائیل تاوەکو ئێستا چەند جارێک لە ڕێی میدیاکان و میتینگەکانیاندا پشتگیری خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نیشانداوە.

### لەپێناو ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان کاراکردنەوەی پەرلەمان دوادەخرێ

# پارتی پێشوازی لە چوار خاڵی ڕاگەیێندراوەکەی گۆڕان دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای ڕاگەیێندراوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان کە دەرگای گفتوگۆی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە، دەستپێکردنەوەی دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان بووەتە باسوخواسی گەرمی پێش ئەنجامدانی گشتپرسیی باشووری کوردستان، بەڵام یەکێک لە خاڵەکانی ڕاگەیێنراوەکە بەلای پارتییەوە دەبێتە ئاستەنگ بۆ بەرەو پێشچوونی دانوستاندنەکان ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان دەستی لێ هەڵنەگرێ کە ئەویش دواخستنی گشتپرسییە. بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێ "هەردەبێ پارتی و گۆڕان ڕێکبکەون و دواتر ڕێککەوتنەکەیان ببەنە پەرلەمان".

ئامادەکارییەکان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستی پێکردووە و بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) کە لە ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە وەریگرتووە، گۆڕان بەو ڕاگەیێندراوە دەرگای گفتوگۆی لەسەر پارتی کردووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ پارتی لە زووترین کاتدا سەردانی سلێمانی بکەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان.

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ پێش ئاساییکردنەوەی پەرلەمان، ڕێککەوتن بکرێ و ڕێککەوتنەکەش گرەنتی جێبەجێکردنی خاڵەکانی تێدا بدرێ".

ڕۆژی 2017/8/12 جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە. دوای حەوت کاژێر مانەوە لە ژووری کۆبوونەوە ڕاگەیێندراوێکیان بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاگەیێندراوەکە، 5 خاڵ دەکرێتە بنەمای دانوستاندن لەگەڵ پارتی، ئەوانیش: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران "کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوویەتی". هەروەها "دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە داهاتی نەوت و گاز و داهاتە ناوخۆییەکانی دیکە لەڕێگەی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2015)ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکانی کوردستان".

لەبارەی گشتپرسییەوە، لە ڕاگەیەنراوەکەی بزووتنەوەکەدا هاتووە: "پێویستە ئەم پرسە بۆ کات و هەلومەرجێکی لەبار دوابخرێ و بخرێتەوە بەردەم پەرلەمانی کوردستان".

بۆ مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەمانیش دەڵێن "پەرلەمانی کوردستان دوای ڕێککەوتنی سیاسی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان، ئاسایی بکرێتەوە و درێژە بە کاری یاسادانان و چاودێری بدات و بەردەوام بێت لە هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی دیموکراسی لە کوردستان".

جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دوایین خاڵی ڕاگەیەنراوەکەشدا داوای کردووە "هەڵبژاردنە گشتییەکان لە وادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیاندا ئەنجامبدرێن".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدا بەشداریی کردبوو بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، دەڵێ "ڕاستە لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتی وادەیەک دەستنیشان کرابوو بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، بەڵام تاوەکو ئێستا یەکێتی بە فەرمی هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی ڕاگەیێندراوەکەی گۆڕان ڕانەگەیاندووە. چونکە دەبێ پارتی و گۆڕان دوو قۆڵی کۆببنەوە و لەسەر هەرچی پێکهاتن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و گشتپرسی، بیهێننە پەرلەمان و لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێ". فەرید ئەسەسەرد گوتیشی: "دەتوانن ڕێکبکەون، چونکە مەرجەکانی گۆڕان هێندە سەخت نین جێبەجێ نەکرێن، ئێمە کە گوشارمان کردووە و وادەمان داناوە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، سیاسەتمان ئەوە بووە پارتی و گۆڕان ناچار بکرێن کۆببنەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتی و پارتییەوە وەریگرتوون، کاتێک پارتی و یەکێتی ڕێککەوتوون لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان، پارتی ڕازی بووە بەمەرجی پشتیوانی لە ئەنجامدانی گشتپرسی، پەرلەمانی کوردستان یاسا بۆ گشتپرسی دەربکات و تەنانەت ئەو یاسایەش نەنێردرێ بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ واژۆکردن، هەروەها یەکێتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێتەوە. جگە لەوەش پارتی و یەکێتی کێشەیان نییە لەوەی چەند ڕۆژێکی دیکە کاراکردنەوەی پەرلەمان دوابکەوێ لەپێناو ئەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان بکرێ.

شۆڕش حاجی، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە میانەی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، ڕایگەیاند: "پێشتر پارتی مەرجی هەبووە بۆیە گفتوگۆمان نەکردووە، بەڵام ئێستا مەرجەکان نەماون و گفتوگۆ دەکەین".

سەبارەت بەو پێنج خاڵەش کە ئایا ئەوە مەرجن یان خاڵن بۆ گفتوگۆ، شۆڕش حاجی گوتی "مەرجمان دانەناوە، بەڵام دەتوانرێ وەک مەرج حسابی بۆ بکرێ، ئەو خاڵانەش کە دانراون هەمووی قابیلی ئەوەن کە جێبەجێ بکرێن".

لەبارەی گشتپرسیشەوە گوتی، داوایان کردووە دوابخرێ بۆ هەلومەرجێکی گونجاو "چونکە دەبێ لە پەرلەمانەوە ئامادەکاریی بۆ بکرێ و لەهەمانکاتیشدا پایەکانی دەوڵەت و سەربەخۆیی دانەنراون".

لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕاندا، گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر ئەوە کراوە کە بەلای گۆڕانەوە چ کاتێک پەسەندە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی؟ ئاراس وەلی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "بەشێکی زۆر لە ئەندامانی جڤات لەگەڵ ئەوەبوون گشتپرسی و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمان پێکەوە بکرێن".

سەرباری بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیێندراوە، هێشتا پارتی چاوەڕوانی ئەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی بداتەوە لەبارەی کاتی کۆبوونەوەکە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ "ڕاگەیێندراوەکەی گۆڕان بەلامانەوە باشە و دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام تەنیا خاڵێک کێشەی هەبێت بەلامانەوە، داوای دواخستنی گشتپرسییە".

ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، پێیوایە پارتی پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە لەگەڵ گۆڕان بە فەرمی وەڵامی ڕاگەیێندراوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان دەداتەوە و گوتیشی "ڕاگەیێندراوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان 5 خاڵە، ئێمە ئامادەین چوار خاڵ و نیویان جێبەجێ بکەین، تەنیا ئەو بڕگەیە نەبێ کە ئێستا بە گونجاو نازانێ بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی، بێگومان دەبێ بزووتنەوەی گۆڕانیش دانوستاندن بکات، لە دانوستاندنیش مەرج نییە هەموو خاڵەکانت جێبەجێ بکرێن".



### ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

# بەهۆی کۆمپانیای قەیوانەوە نرخی گاز گران بووە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستانەوە، پارێزگای سلێمانی چوار پارێزگاری گۆڕیوە و لە سەروبەندی پێشوازیکردنە لە پارێزگاری پێنجەم، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت کاندیدی ئێستای گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگای سلێمانی سەرکەوت حەسەنە، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە وەزارەتی ناوخۆ داوای لە ئەنجوومەنی شوورا کردووە بۆچوونی خۆی دەربڕێت، بۆیە دەڵێت "ئەگەر کۆبوونەوەکانی پارتی و گۆڕان باش بێت، ئەو کێشەیەش چارەسەر دەبێ".

### 1200 پرۆژە لە سلێمانی وەستاون

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی ڕەخنەی لە گۆڕان و یەکێتی هەیە و دەڵێت "ئێمە لە ماوەی سێ ساڵدا چوار پارێزگارمان گۆڕیوە و لە چاوەڕوانیی پێنجەمداین، ئەگەر حساب بکەین هیچ پارێزگارێک ساڵێکی تەواو نەکردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئیدارەکردنی شارەکە و تەواوی پارێزگاکە هەیە. 1200 پرۆژە لە سلێمانی وەستاون، کاریگەری خراپی لەسەر خزمەتگوزارییەکان داناوە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پرۆژەی دابەزاندنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بە "گرنگ" وەسف دەکات کە ئەنجوومەنی پارێزگاکە پەسەندی کردووە و ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیرانە. زەکی دەڵێ "بەپێی ئەو پرۆژەیە داوامان کردووە 50%ی داهاتی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی لە ژێر دەستی پارێزگار و قایمقام و یەکە کارگێڕییەکانی دیکە بێت. بەپێی خەمڵاندن و پێشبینییەکان بێت مانگانە زیاتر لە 10 ملیار دینار لە ژێر دەستی پارێزگار دەبێت کە دەتوانێت بۆ پرۆژەکان سوودی لێوەبگرێت".

### داهاتی مانگانەی سلێمانی 25 ملیار دینارە

داهاتی پارێزگاری سلێمانی زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردستان لەو پارێزگایە پێیانوایە ستەم لە شارەکە کراوە. بەشێکی دیکە ئەوە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن داهاتی پارێزگای سلێمانی تەنیا بە ژمارە دەچێتە حیسابی وەزارەتی دارایی، ڕێکەوت زەکی دەڵێ: "داهاتی مانگانەی پارێزگای سلێمانی جگە لە نەوت بە لانیکەمەوە 25 ملیار دینارە. ئەم داهاتەش دەچێتە سەر کۆی داهاتەکانی حکومەت، بەڵام پارێزگار توانای خەرجکردنی دینارێکی نییە، کەواتە داهاتەکە ناگەڕێتەوە".

> نرخی یەک ئەمپێر کارەبا لە سلێمانی ڕەنگە لە 15 هەزار دینارەوە ببێتە 20 هەزار

بەهۆی قەیرانی دارایی زۆربەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی وەستاون. ئێستا پرۆژەیەک بە بڕی 44 ملیۆن دۆلار بۆ پاککردنەوە و ڕیسایکلینی 21 شارەوانی و نزیکەی 300 گوندی پارێزگای سلێمانی جێبەجێ دەکرێ. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "پرۆژەکە پەسەندکراوە، بەڵام کێشە و گرفت بۆ کۆمپانیاکە دروستکراوە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر پاک و خاوێنی ئەو ژمارە زۆرە لە شارەوانیی سنووری پارێزگای سلێمانی دەبێ".

### "لە کارەبا ستەم لە سلێمانی دەکرێ"

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاری سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی لە بارەی پیشەسازی نەوت و کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان و پرۆسەی دەرهێنان و دۆزینەوەی بیری نەوت دەڵێ "ئەو سنوورەی پێیدەڵێن زۆنی سەوز ڕۆژانە لەسەرووی 120 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکات".

لە وەزری هاوین یەکێک لە کێشەکانی هاووڵاتیان کەمی کاژێرەکانی کارەبایە. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی "لە دابەشکردنی کارەبای نیشتمانی غەدر لە سلێمانی کراوە بۆ نموونە ئێمە 50 هەزار هاوبەشی کارەبامان لە پارێزگای هەولێر زیاترە و 100 هەزاریش لە پارێزگای سلێمانی داهاتی کارەبامان لە هەردوو پارێزگاکە زیاترە، کەچی لە مانگی ئاداری ئەمساڵ هەولێر 1009 میگاوات کارەبای پێدراوە، بەڵام سلێمانی 668 میگاوات کارەبای پێدراوە، بۆیە داوامان کردووە بەپێی ژمارەی هاوبەش کارەبای سلێمانی بدرێت".

> ڕۆژانە لە زۆنی سەوز 120 هەزار بەرمیل نەوت دەردەهێنرێ

### پاڵاوگەی بازیان کێشەی بۆ سلێمانی دروستکردووە

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دوو پاڵاوگەی گەورەی نەوتی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی دروستکردووە. بەپێی قسەی ڕێکەوت زەکی، ڕۆژانە پاڵاوگەی بازیان پێنج تەنکەر نەوتی سپی دەنێرێت و دەڵێ: "پاڵاوگەی بازیان کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە، لەسەر سلێمانی حیسابە، کەچی نەوت و بەنزین و کارەباکەشی بۆ سلێمانی نییە، ئێستا کۆمپانیای قەیوان ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق. ئەو گازە کە خۆی لە پاڵاوگەی بازیان بەکاری دەهێنێ لەگەڵ ئەو گازەی لە بازاڕ دەیکڕێت هەمووی بەکاردەهێنێ، گازی مۆلیدەکانی لە سلێمانی گران کردووە، گرفتی بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە. بەهۆی گرانبوونی گازوایل پێشبینی دەکرێت نرخی یەک ئەمپێری کارەبا لە 15 هەزارەوە بۆ 20 هەزار دینار گران بێ، چونکە بۆ ئیشکردنی ڕۆژێکی مۆلیدەکان پێویستمان بە 500 هەزار لیتر گاز هەیە، لە کاتێکدا لە ماوەی یەک هەفتەدا تەنیا یەک ملیۆن لیتر گاز لە سلێمانییەوە هاتووە".

هەروەها ئاشکرای دەکات کە بەشێک لەو بەنزینە خراپەی دێتە نێو سلێمانی بەرپرسانی حیزبی و حکومی لە پشتە و دەڵێ: "ئەو کارمەندەی لە مەرزی باشماخ کواڵیتی بەنزینەکان دەپشکنێ، سەر بە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە، ئێمە ناتوانین پێی بڵێین وا بکە و وا مەکە، بەشێک لەو تانکەرە بەنزینانە خراپن، بەڵام وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕێگایان پێدەدات، چونکە کۆمپانیایەکی زەبەلاح دەیهێنێ و نووسراوی وەزارەت دەهێنێ، لە ماوەی ڕابردوودا 63 تەنکەر بەنزینی خراپ دەستیان بەسەردا گیراوە".

### وەبەرهێنان لە سلێمانی نیوەی هەولێرە

سلێمانی جگە لەوەی خاوەنی دەروازەی سنوورییە بە سەتان ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە، بەڵام ب هۆی دۆخە سیاسییەکی لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک سەرمایەدار شارەکەیان جێهێشتووە و لە هەولێر سەرمایەکانیان بەگەڕخستووە.

ڕێکەوت زەکی دەڵێ "لە ساڵی 2015 لە پارێزگای سلێمانی قەبارەی وەبەرهێنان 13 ملیار دۆلار بوو، بەڵام لە پارێزگای هەولێر 24 ملیار دۆلار بوو، ڕاستە هەولێر پایتەختە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی زیاترە. بە بۆچوونی من بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخەش ئیدارەکانی پارێزگای سلێمانی بووە کە یەکێتی و گۆڕان لێی بەرپرسیارن".



ڕێکەوت زەکی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

# حەشدی شەعبی لە کەرکووک مەشقی سەربازی بە منداڵان دەکات

**روودا - هەولێر**

لە یەک ساڵی رابردوودا هێزەکانی حەشدی شەعبی مەشق و راهێنانی سەربازی و هەڵگرتنی چەکی سووکیان بە280 منداڵ کردووە، هەندێکیشیان لە شەڕی دژی داعشدا بەشدارییان کردووە.

بەپێی بەدواداچوونێکی (روودا)، فەرماندە و راهێنەرانی حەشد لە گوندی بەشیر لە پارێزگای کەرکووک راهێنان بەو منداڵانە دەکەن. منداڵەکان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە و بە جلوبەرگی سەربازییەوە مەشقیان پێدەکرێت. ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 16 ساڵە، لە حاڵەتی پێویستدا لە شەڕەکانیشدا بەشداریی دەکەن.

ساڵی رابردوو پەرلەمانی عێراق یاسایەکی پەسەند کرد کە تێیدا هێزەکانی حەشدی شەعبی وەکوو بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق ناساند، بەو پێیەش دەبێ لە چوارچێوەی یاساکانی عێراقدا هەڵسوکەوت بکەن. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە چەندین بۆنەدا رایگەیاندووە کە حەشد بەشێوەیەکی فەرمی بەشێکن لە هێزە



حەشدی شەعبی لە ماوەی ساڵێکدا مەشقی بە 280 منداڵی گوندی بەشیر کردووە

چەکدارەکانی عێراق. بەڵام بەپێی یاسای عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەکارهێنانی منداڵان بۆ مەبەستی سەربازی قەدەغەیە.

ئەمساڵ نزیکەی 100 منداڵ لە گوندی بەشیری نزیک کەرکووک مەشقیان پێکراوە. ساڵی رابردووش مەشق بە 180 منداڵ کرابوو. سەید قەمبەر مووسەوی، کەسایەتییەکی ئایینی حەشد لە گوندەکە پێیوایە مەشق و راهێنانی سەربازی بە منداڵان کارێکی گونجاوە، بە گوتەی مووسەوی "ئەم منداڵانە فێری هونەری سەربازی و چۆنێتی بەکارهێنانی چەک دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان و ناوچەکانیان بکەن".

گوندی بەشیر گوندێکی تورکمانی شیعەیە و لە حوزەیرانی 2014 کەوتە ژێر دەسەڵاتی داعش و لە ئایاری 2016 لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا رزگار کرا. هێزەکانی پێشمەرگە دوای رزگارکردنی بەشیر گوندەکەیان رادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردەوە.

مووسەوی ئاماژە بۆ هێرشەکانی 2014 دەکات و دەڵێت "کاتێک داعش هێرشی کردە سەر گوندی بەشیر، زیانێکی زۆرمان بەرکەوت، چونکە هیچ کەسێک نەبوو مەشقی سەربازی وەرگرتبێت".

رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، ناسراو بە هیومان رایتس وۆچ لە چەندین راپۆرتدا ئاماژەی بۆ ناونووسکردنی منداڵان لە هێزەکانی عێراقدا کردووە، لەوانەش حەشدی شەعبی. ئەو رێکخراوە لە راپۆرتەکەی مانگی حوزەیرانیشدا داوای لە حکومەتی ئەمریکا کردبوو ناوی حکومەتی عێراق بگەڕێنێتەوە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی منداڵان لە هێزە چەکدارەکاندا ناونووس دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بڕیاری دا عێراق لە لیستی ئەو وڵاتانە دەربهێنێ.

هەتا ئێستا دیار نییە هۆکاری ئەو بڕیارەی ئەمریکا چی بووە. لە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوە بۆ ساڵی 2016 عێراق لە لیستی ئەو وڵاتانەدا بوو کە منداڵان بۆ سەربازی و شەڕ ناونووس دەکەن. بەشی پارێزگاری لە منداڵانی رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ پێیوایە ئەو بڕیارەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاکامی لێدوانە سیاسییەکانی پشت دەرگا داخراوەکانە، نەک ئەو فاکتانەی لە واقیعدا هەن.

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیش رایگەیاند لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکە پێکدەهێنن و داوای هەنگاوی خێرایان کرد. جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، بە (روودا)ی گوت "ئێمە داوا لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دامەزراوە ئەمنییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کۆتایی بەوە بهێنن". جوان حەسەن گوتیشی "ئێمە گوشار دەخەینە سەر حکومەتی ناوەندی بۆ ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگریی عێراق وەڵامیان هەبێت و دڵنیامان بکەنەوە کە منداڵانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ بۆ شەڕ بەکار نەهێنرێن".

# ململانێی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی تەنگی بە مەسیحییەکان هەڵچنیوە

**روودا - هەولێر**

لە ماوەی پەلاماری داعشدا هەزاران مەسیحی ناوچەکانی خۆیان جێهێشت. ئێستاش ئەم رەوتە جارێکی دیکە دەستی پێکردووەتەوە، هۆکاری راکردنی ئەمجارەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چیدی متمانەیان بە هێزی ناوچە دراوسێیەکانیان نەماوە.

پاتریارکی کڵێسەی کلدانییەکانی بابل بە ماڵپەڕی (دەیلی کۆڵەر)ی ئەمریکی راگەیاندووە "دۆخی مەسیحییەکان کارەساتبارە". بەگوێرەی راپۆرتی ساڵی 2016 ی رێکخراوی حەموڕابی بۆ مافی مرۆڤ، زیاتر لە نیوەی ئەو 120 هەزار دانیشتووە مەسیحییەی لە کاتی هێرشەکانی 2014ی داعش بەرەو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان رایانکردبوو، ئێستا بە یەکجاری عێراقیان جێهێشتووە.

لویس مارکۆس، ئەندامی ئەنجوومەنی شارۆچکەی قەرەقووش، بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی گوتووە "دوای ئازادکردنی دەشتی نەینەوا کۆچکردن زۆرتر بووە".

قەرەقووش بە پایتەختی مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا دادەنرێ و 20 میل لە باشووری رۆژهەڵاتی مووسڵەوە دوورە. بە گوتەی مارکۆس "کاتێک خەڵک گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بینییان وێران کراوە، ئیدی ورەیان نەما. ئەوان سێ ساڵ چاوەڕێ بوون لەو کابووسە رزگاریان بێت، بەڵام وا دەرنەچوو".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (دەیلی کۆڵەر)، حکومەتی ئەمریکا 100 ملیۆن دۆلاری وەکوو هاریکاری دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی ناوچە

> کورد و شیعە دەیانەوێ ناوچەکانمان داگیر بکەن
>
> پاتریارکی کڵێسەی کلدانییەکانی بابل

مەسیحی و ئێزدینشینەکان تەرخان کردووە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە دەڵێن هەتا ئێستا جگە لە کاولکاری هیچی دیکەیان نەبینیوە. تەنانەت پاتریارکێک بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی گوتووە "یەک دۆلاریشمان لەو هاوکارییە نەبینیوە".

مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، لە کاتی سەردانی ئەو پاتریارکە بۆ کۆشکی سپی، بەڵێنی ئەو هاوکارییەی دابوو، بەرپرسێکی حکومەتی ئەمریکاش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پارەکە بۆ (USAID)ی ئەمریکی لە هەولێر و نەتەوە یەکگرتووەکان نێردراوە، بە گوتەی بەرپرسەکە ئەو هاریکارییە دەبێت "بۆ چاککردنەوەی ئاو و کارەبا لە دەشتی نەینەوا خەرج بکرێت، بەڵام ئەگەر ناوچەکە خەڵکی لێ نەبێت، ئەوانیش ناتوانن خەرجی بکەن".

پاتریارکی کلدانییەکانی بابل دەڵێت سەرەڕای وێرانکارییەکان مەسیحییەکان دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، چونکە "ئەگەر ئێمە ناوچەکەی خۆمان ئاوەدان نەکەینەوە، خەڵکانی دیکە دێن و دەست بەسەر گوند و شارۆچکەکانی ئێمەدا دەگرن، هەڵبەت هەر ئێستاش گوشارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی رێگری لە گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بکەن".

بەپێی راپۆرتی ماڵپەڕە ئەمریکییەکە خاڵی پشکنینی هێزەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کێشە بۆ گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکانی خۆیان دروست دەکەن. لویس مارکۆس یەکێک لە حاڵەتەکانی خۆی باس دەکات و دەڵێت "زۆربەی جاران لەو خاڵی پشکنینانەدا نزیک دوو کاژێر رامانده‌گرن. دوو هەفتە لەمەوبەر ناچاریان کردم بگەڕێمەوە".

راپۆرتەکەی (دەیلی کۆڵەر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان و حەشدی شەعبی هێڵێکی سەربازییان دامەزراندووە و بە کردەوە ناوچە مەسیحی و ئێزدییەکانیان بەسەر دوو زۆندا دابەشکردووە. ئەو شارۆچکانەی کە پێشتر تەنیا دە خولەک بە ئۆتۆمبێل لە یەک دووربوون، ئێستا چەند کاژێرێکی دەوێت بۆ ئەوەی خاڵەکانی پشکنینی نێوانیان ببڕێت.



50%ی ئەو مەسیحیانەی ئاوارەی کوردستان بوون روویان لە ئەورووپا و ئەمریکا کردووە

هەم بەغدا و هەم هەولێر جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو بەربەستە ئەمنییانە بۆ ماوەیەکی کاتی دەبن، بەڵام سەرکردە مەسیحییەکانی ناوچەکە نیگەرانن لەوەی ئەم بەربەستانە هەتاهەتایی بن و بۆ هەمیشە ناوچەکەیان دابەش بکات.

نیگەرانی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا تەنیا لە دانانی بەربەستە ئەمنییەکان و خاڵەکانی پشکنیندا کورت نابێتەوە. راپۆرتەکەی دەیلی کۆڵەر ئاماژە بەوە دەکات کە دوو سەرۆک شارەوانی ئالقۆش و تەلکێف بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر کار لادراون. لە جێگەی ئەوان دوو مەسیحی ئەندامی پارتی دانراون. بەرپرسە لەسەر کار لادراوەکەی تەلکێف ناوی بەسام بەلۆیە.

پاتریارکی کلدانییەکانی بابل هۆشداری دەدات کە "بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێک خەڵک دەڵێن، دەشتی نەینەوا ناوچەی جێ ناکۆکی نییە. کورد و شیعە دەیانەوێت دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن کە رزگاریان کردوون، بەڵام ئەوان مافی ئەوەیان نییە".

# عێراق 73 تانکەکە لە رووسیا دەکڕێت؟

**پۆڵ ئیدن**
**روودا - هەولێر**

مانگی رابردوو حکومەتی عێراق گرێبەستێکی کڕینی تانکی جۆری (T_90)ی لەگەڵ حکومەتی رووسیا واژۆ کرد. کۆمپانیای بەرهەمهێنەری تانکەکان ئاشکرای کردووە کە 73 تانکی لەو جۆرە رەوانەی عێراق دەکات، بەڵام شارەزایان پێیانوایە جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانە کاتێکی زۆری دەوێت.

مایکڵ نایتس، شارەزای کاروباری عێراق لە پەیمانگای واشنتن، بە (روودا)ی گوت "زۆر گرێبەستی لەو جۆرە لە رابردوودا کاتێکی زۆریان بردووە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، هەڵبەت ئەگەر هەر جێبەجێ بکرێن، بە تایبەتیش کاتێک مەسەلەکە فرۆشتنی ژمارەیەکی زۆر کەرەستەی نوێی سەربازیی بێ".

نایتس پێیوایە تەنیا کاتێک دەکرێ بڵێین ئەو گرێبەستە کراوە کە "تانکەکان رەوانەی عێراق بکرێن و پارەکەش گوازرابێتەوە". ئەوەشی گوت کە "عێراق پێویستە زۆر دەستکراوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێ دەرەقەتی پارەی ئەو هەموو تانکە بێت"

تیمور ئاخمێتۆڤ، شرۆڤەکاری کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی کاروباری نێودەڵەوتی رووسیا، ئاماژە بۆ گۆڕانێک لە تێڕوانینی حکومەتی عێراق دەکات، لەبەر ئەوەی "حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەدوای رووخانی سەدام حوسێنەوە جەختیان لەوە کردووەتەوە کە حەز دەکەن تانکی رۆژئاوایی بەکاربهێنن. بەڵام شەڕی سووریا و عێراق هێز و کاریگەریی مەکینە جەنگییەکانی رووسیای دەرخست".

بە بۆچوونی ئاخمێتۆڤ "ئەم گرێبەستە بۆ رووسیاش سەرکەوتنێکی گەورەیە، رەنگدانەوەی سەرکەوتنی تانکی (T_90)ی رووسی لە سووریا و سیستەمی دژە- مووشەکی (TOW)ە کە لە سووریا



> کڕینی تانکی رووسی لەلایەن عێراقەوە تەنیا راگەیاندنێکی سیاسییە
>
> مایکڵ نایتس

ئەرکی پارێزگاری لەو تانکانە لەئەستۆیە".

شرۆڤەکارە رووسیەکە پێیوایە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق رووی لە کەرستەی جەنگی رووسی کردووە ئەوەیە کە لە کەرستە سەربازییەکانی ئەمریکا هەرزانترن و بەکارهێنانیشیان ئاسانترە. جگە لەمەش رووسیا بایەخێکی زۆر بەوە نادات لایەنی کڕیار ئەو چەک و کەرستە سەربازییانە بۆچی بەکاردەهێنێ.

ئاخمێتۆڤ و نایتس لەسەر ئەوە کۆکن کە ئاسان بوونی بەکارهێنان و لێخوڕین و چاککردنەوەی کەرستە جەنگییەکانی رووسیا هۆکاری سەرەکی کڕینی چەکەکانە لە مۆسکۆ. نایتس گوتی "سەربازانی عێراق حەزیان لە تانکە رووسییەکانە، چونکە لەگەڵیان ئاشنان، جگە لەمە ئەو تانکانە هەم چاککردنەوەیان ئاسانە، هەم بە ئاسانی بار دەکرێن و هەمیش بۆ زۆربەی پردەکانی عێراق دەست دەدەن

حکومەتی عێراق مێژوویەکی دووری لە بەکارهێنانی تانکەکانی (T_72) و (T_55)دا هەیە. لە کۆتایی هەشتاکان، ماوەیەک دوای شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و ماوەیەک پێش دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی کەنداو، بەغدا بەنیازبوو کارگەی بەرهەمهێنانی تانکی (T_72) بەناوی شێری بابل لە عێراق بکاتەوە.

وەکوو ئاخمێتۆڤ ئاماژەی پێدەکات لە دوای 2003 حکومەتی عێراق هەوڵی بەدەستهێنانی کەرستە و تەکنۆلۆژیای جەنگی ئەمریکی داوە، لە نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2012 حکومەتی ئەمریکا 140 تانکی جۆری ئابرامسی ئێم یەکی بە عێراق فرۆشتووە. بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی عێراق مەیلێکی زیاتری بۆ چەک و کەرستە سەربازییەکانی رووسیا تێدا دروستبووە و نموونەی ئەمەش لە چەکەکانی هەلیکۆپتەردا دەبینرێت.

عێراق سەرەتا بەنیاز بوو 24 هەلیکۆپتەری جۆری بوینگ و ئاپاچی (AH_64) لە ئەمریکا بکرێت و تێچووی ئەو پاکێجەش 4.8 ملیار دۆلار بووە. بەڵام ئەو گرێبەستەی حکومەتی عێراق بە نیاز بوو بیکات شکستی هێنا، یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوە بوو کە حکومەتی عێراق پێویستی بە ساڵانێکی زۆر دەبوو بۆ ئەوەی ئەو جۆرە هەلیکۆپتەرانە لەگەڵ سیستەمی سەربازی و ئاسمانی خۆیدا بگونجێنێ.

بەغدا ژمارەیەک هەلیکۆپتەری جەنگی جۆری نایت هانتەر (MI_28) و هیند (MI_35)ی رووسی کڕی، کە هەر زوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی رومادی و فەللوجەدا کەڵکیان لێوەرگیرا. لە هاوینی 2014 و لە کاتی هێرشەکانی داعش ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی جۆری (SU_25)ی رووسی لە ئێران و رووسیا وەرگرت. حکومەتی عێراق لە سەردەمی سەدامیشدا کەڵکی لەو فڕۆکانە وەرگرتبوو. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانە، عێراق سەرکەوتووانە فڕۆکەی جەنگیی (F_16)ی لە ئەمریکا کڕیوە و ئەو فڕۆکانە لە جەنگی دژی داعش بەکارهێنراون. نایتس پێیوایە کڕینی دەبابەت (T_90) جگە لە "راگەیەندراوێکی سیاسی" هیچی دیکە نییە، لەبەر ئەوەی "عێراق لە بنەڕەتدا پێویستی بە تانک نییە".

## بانکێکی کوردستان قەرزی بچووک دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

بانکی هەرێمی بازرگانی ناسراو بە RT Bank خزمەتگوزاری پێدانی قەرزی بچووکی ڕاگەیاند، بڕی قەرزەکەش دەگاتە 50 ملیۆن دینار.
لە ڕاگەیێندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، ئارتی بانک ڕایگەیاندووە "لەپێناو بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز و سەربەخۆ بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بانکی بە بەرزترین ئاست ڕایدەگەیێنین". بانکەکە ڕوونکردنەوەی زۆرتری داوە: "ئێستا هاووڵاتیان و گەنجانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بانکەکەمانەوە دەتوانن بۆ بنیاتنانی پرۆژەی تایبەت بە خۆیان داوای قەرزی بچووک بکەن، یاخود بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانیان کە بڕەکەی دەگاتە 50 ملیۆن دینار".

RT BANK

لە چوار ڕۆژی جەژندا

# پێشبینی دەکرێت 30 هەزار ئاژەڵ بکرێنە قوربانی



لە هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ خواست لەسەر گۆشتی سوور زیاد دەبێ (فۆتۆ: ڕووداو)

**لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 4.2 ملیۆن ئاژەڵ لە کوشتارگەکانی کوردستان سەربڕدراون**

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکات لە جەژنی قوربانی ئەمساڵدا نزیکەی 30 هەزار سەر ئاژەڵ بکرێنە قوربانی.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا سێ ملیۆن و 541 هەزار و 125 سەر مەڕ و بزن، لەگەڵ 669 هەزار و427 سەر ڕەشەوڵاخ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون.

بەپێی ئەو ئامارە ساڵ بە ساڵ خواست لەسەر گۆشتی سوور زیاد دەبێ، بە جۆرێک لە ساڵی 2012دا 631 هەزار 796 ئاژەڵی بچووک و گەورە سەربڕدراون، بەڵام لە ساڵی 2014 سەربڕینی ئاژەڵ گەیشتە یەک ملیۆن و 31 هەزار ئاژەڵ.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ و سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەپێی ئاماری کوشتارگەکان، خواست لەسەر گۆشتی سوور لە هەرێمی کوردستان، بەراورد بەو قەیرانەی هەیە، زۆر کەمی نەکردووە، بۆ نموونە سەربڕینی ئاژەڵ لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە ساڵانی 2012 و 2013 زیاتر بووە".

وەزارەتی کشتوکاڵ، بڕی پێویستی هەر تاکێکی لە گۆشتی سوور بە 14.4 کیلۆ هەژمار کردووە. بەپێی پێشبینی دەستەی ئامار، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان ساڵی ڕابردوو گەیشتووەتە 5 ملیۆن و 614 هەزار کەس، بەوپێیەش ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستان پێویستی بە 80 هەزار و 841 تۆن گۆشت بوو، بەڵام بەرهەمی کوشتارگەکان تەنیا 71 هەزار و 500 تۆن بووە.

دکتۆر مقداد ئیبراهیم لەوبارەیەوە دەڵێت: "قەسابەکان 20%ی ئاژەڵەکانیان لە دەرەوەی کوشتارگەکان سەردەبڕن و ساڵانەش بە هەزاران تۆن گۆشتی بەستوو هاوردە دەکرێ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو بڕە دەخۆن کە وەک ستاندارد بۆ پێویستیی تاک لە هەرێمی کوردستان دیاری کراوە. بەپێی داتاکان، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە خەڵکی تورکیا و ئێران گۆشت دەخۆن، بەڵام سعودیەکان زیاتر لە ئێمە گۆشتی سوور دەخۆن".

مانگانە لیژنەی پارێزگاکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێ بە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و گۆشتی بەستوو بەگوێرەی پێویست دەدات.

دکتۆر جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتینەی ڤێترنەری لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر گۆشتی سوور لە کوردستان و عێراق هەیە، تەنیا لە شەش مانگی ڕابردوودا 85 هەزار و 385 سەر جوانەگا لە جۆرجیا، ئەرمینیا، بەرازیل و ڕۆمانیاوە هاوردە کراون. هەروەها 3200 کیلۆ گۆشتی سووریش هاوردە کراوە".

زیاتر لە دوو هەفتەی ماوە بۆ جەژنی قوربان کە موسوڵمانان بەو بۆنەیەوە قوربانی دەکەن، بۆیە هەر لە ئێستاوە نرخی ئاژەڵی قوربانی بەرزبووەتەوە. د.جەمال شوکری گوتی: "لە جەژنی قورباندا بازاڕی فرۆشتنی ئاژەڵ گەرم دەبێت، بەراورد بە 10 ڕۆژی ڕابردوو نرخی هەر کیلۆیەکی ئاژەڵی زیندە قەبان 1000 دیناری چووەتە سەر، بۆیە کەمێک ئاسانکاریمان کردووە، لەوانەیە بەر لەهاتنی جەژن شەش هەزار ئاژەڵ هاوردە بکرێن".

عەبدوڵڵا خەسرۆ جامباز، خاوەنی کۆمپانیای خزمەت بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو، ساڵانە نزیکەی 7000 جوانەگا لە جۆرجیا و ڕۆمانیاوە هاوردە دەکات، ئەو دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر جوانەگای جۆرجی و ڕۆمانی هەیە".

بەگوتەی ئەو بازرگانە، ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ مەرجەکانی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیادکردوون، بۆیە نرخی ئاژەڵ بەرزبووەتەوە. عەبدوڵڵا خەسرۆ دەڵێت: "بەرهەمی ئاژەڵی خۆماڵی ناتوانێت خواستی ناوخۆ لە گۆشتی سوور پڕ بکاتەوە، بۆیە ئەگەر ڕێگە بەهاوردەکردنی ئاژەڵ نەدرێ، کیلۆیەک گۆشت دەگاتە 50 هەزار دینار".

لە هەرێمی کوردستان 27 کوشتارگە بۆ سەربڕینی ئاژەڵ هەن، ماوەی چەند ساڵێکە بۆ پاکڕاگرتنی ژینگەی شارەکان و پاراستنی خەڵک لە نەخۆشییە گوازراوەکان، لە چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا کراوەن و بەخۆڕایی ئاژەڵ بۆ هاووڵاتیان و کۆمپانیا و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان سەردەبڕن، لەهەندێ پارێزگاش تیمی گەڕۆک بۆ سەربڕینی ئاژەڵ لەماڵان دادەنرێت.

دکتۆر میقداد دەڵێت: "لە چوار ڕۆژی جەژندا سەرجەم کوشتارگەکان کراوە دەبن و پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکەن بۆ سەربڕینی ئاژەڵەکانیان، تیمی گەڕۆکیشمان دەبێت بۆ سەربڕینی ئاژەڵ لە ماڵان، چونکە وەک نەریتێک خەڵک حەز دەکەن لەبەردەم ماڵەکانیان قوربانیی بکەن، بۆیە پێشبینی دەکەین 80%ی ئەو ئاژەڵانەی لە جەژندا دەکرێنە قوربانی لە دەرەوەی کوشتارگەکان سەرببڕدرێن".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی پێشبینی دەکرێ لە جەژندا بکرێنە قوربانی، دکتۆر میقداد گوتی "هەرچەندە بەهۆی سەربڕینی ئاژەڵەوە لە دەرەوەی کوشتارگەکان ناتوانین ئامارێکی وردمان دەستبکەوێ، بەڵام پێشبینی دەکەم نزیکەی 30 هەزار سەر ئاژەڵ لە ناوەوە و دەرەوەی کوشتارگەکان سەرببڕدرێن".

### سلێمانی گۆشتخۆرترین پارێزگایە

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی زیاتر لە پارێزگاکانی دیکە گۆشتی سوور دەخۆن. بۆیە لە سەربڕینی ئاژەڵیشدا پشکی شێری بەرکەوتووە. بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو لە کوردستان 858 هەزار و 92 ئاژەڵ سەربڕدراون کە 497 هەزار و 374 ئاژەڵیان لەو پارێزگایە بووە. دکتۆر بورهان عومەر عەلی، لێپرسراوی هۆبەی کوشتارگەکانی پارێزگای سلێمانی دەڵێت "ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی لە پارێزگاکانی دیکە زیاترە. بۆیە لەڕووی سەربڕینی ئاژەڵەوە هەردەم لە پێشەوەی پارێزگاکانی دیکەیە و زۆرترین فرۆشی گۆشتی سووریش لەسەر ئاستی عێراق لە پارێزگای سلێمانییە". گوتیشی: "70%ی ئەو ڕەشەوڵاخەی ساڵی ڕابردوو لە سلێمانی سەربڕدراون، هاوردە بووە. بەڵام مەڕ و بزنە سەربڕاوەکان نیوەیان خۆماڵی بوون".

# کوردستان ساڵانە 50 هەزار تۆن گوڵەبەڕۆژە هاوردە دەکات



لە هەرێمی کوردستان ساڵانە 38 هەزار تۆن گوڵەبەڕۆژە دەخورێ

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە

**جووتیارانی بیتوێن دەتوانن بەشی هەموو کوردستان گوڵەبەڕۆژە بچێنن**

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

خاکە بەپیتەکە و ئاو و هەوا لەبارەکەی کوردستان هێشتا نەبووەتە فاکتەرێک بۆئەوەی چیدی کوردستان پێویستی بە گوڵەبەڕۆژەی هاوردەکراو نەمێنێ، هەرچەندە بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت جووتیارانی کوردستان ئێستا لە جاران زیاتر گوڵەبەڕۆژە دەچێنن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەچوار ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی گوڵەبەڕۆژەی خۆماڵی لە 2681 تۆنەوە بۆ 3296 تۆن زیادی کردووە، بەڵام ئەم بڕە لەگەڵ پێویستیی هەرێمی کوردستان یەکناگرێتەوە کە ساڵانە نزیکەی 38 هەزار تۆنە، بۆیە ساڵانە بە هەزاران تۆن گوڵەبەڕۆژە لە دەرەوە هاوردە دەکرێ.

کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "بەهۆی گەڕانەوەی جووتیاران بۆ کشتوکاڵکردن، ماوەی چەند ساڵێکە بەرهەمی گوڵەبەڕۆژە زیادی کردووە. ئێمەش بۆ هاندانی جووتیاران و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و بەبازاڕکردنی، ماوەی سێ ساڵە لەکاتی پێگەیشتن باج دەخەینە سەر گوڵەبەڕۆژەی هاوردە. ئەمساڵیش باجەکەمان دوو هێندە زیاد کردووە و کردوومانەتە 500 دینار بۆ هەر کلیۆیەک".

لە پلانی وەزارەتی کشتوکاڵدا، گوڵەبەڕۆژە لە چوارچێوەی بەرهەمە ستراتیژییەکان دانراوە، چونکە دەیەوێ لە داهاتوودا بۆ بەرهەمهێنانی زەیت سوودی لێ وەربگرێ.

نیشتمانی سەرەکیی گوڵەبەڕۆژە دەشتەکانی ئەمەریکای باکوورە. ئێستا بەیەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییە خۆراکییە کشتوکاڵییەکان دادەنرێ، زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ خواردن و دەرهێنانی زەیت گرنگی زۆر بەچاندنی دەدەن. ساڵانە زیاتر لە 18 ملیۆن هێکتار زەوی لەجیهاندا بەو بەرهەمە دەچێندرێت.

ڕووسیا لە پێشەنگی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی گوڵەبەڕۆژەیە. بەدوای ئەویشدا ئەرجەنتین، ئۆکراینا، چین، هیندوستان، ئەمەریکا، فەرەنسا، نەمسا، ڕۆمانیا، بولگاریا و باشووری ئەفریقا دێن. لە بەرهەمهێنانی زەیتی گوڵەبەڕۆژەشدا ئۆکراینا لە پلەی یەکەم دێت کە ساڵانە 3.3 ملیۆن تۆن بۆ وڵاتان دەنێرێ.

لە کوردستان چاندنی گوڵەبەڕۆژە مێژوویەکی کۆنی هەیە. پێشتر بەشێوەیەکی فراوان لەدەشتی بیتوێن و شارەزوور دەچێندرا، بەڵام تاوەکوو ئێستا بۆ دەرهێنانی زەیت سوودی لێ نەبینراوە، 99%ی ئەو گوڵەبەڕۆژەیەی لە کوردستان دەچێندرێ بۆ خواردنە.

ساڵح حوسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە دەڵێت: "دوای ڕاپەڕین و وەستانی کارگەکانی توتن، تاکە بەرهەمی بەراو و ستراتیژی لەدەشتی بیتوێن گوڵەبەڕۆژە بوو، بۆیە لە ساڵی 1999 ڕووبەری چێنراوی گوڵەبەڕۆژە لەدەشتی بیتوێن گەیشتە نزیکەی 20 هەزار دۆنم، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی و گرفتی ساغکردنەوە و لێشاوی هاوردە، چاندنی ئەم بەرهەمە ساڵ بەساڵ ڕووی لە کەمیی کرد، ئێستا ساڵانە 4-5 هەزار دۆنم گوڵەبەڕۆژە دەچێندرێ".

سەبارەت بە بەرهەمی ئەمساڵیش، ساڵح حوسێن گوتی: "ساڵی ڕابردوو جووتیارەکانمان گرفتی ساخکردنەوەی بەرهەمیان هەبوو، بۆیە ئەمساڵ 1000 دۆنم کەمتر لە ساڵی ڕابردوو چێندراوە، بەو هۆیەشەوە بەرهەمەکەیان لە 1750 هەزار تۆنەوە بۆ 1400 تۆن کەمی کردووە".

ساڵح پێیوایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ دڵنیایی بداتە جووتیاران و گوڵەبەڕۆژەی هاوردە قەدەغە بکرێ، بە تەنیا جووتیارانی دەشتی بیتوێن دەتوانن لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بەشی پێویستیی ناوخۆ گوڵەبەڕۆژە بچێنن.

ساڵح حوسێن پلانی وەزارەت بۆ پارێزگاری لە گوڵەبەڕۆژەی خۆماڵی بە پلانێکی لاواز دەزانێ و دەڵێت: "کاریگەری نییە، چونکە گوڵەبەڕۆژە بەرهەمێکی وشکەیە و دەتوانرێ زیاتر لە ساڵێک هەڵبگیرێ، بۆیە خاوەن کارگەکانی چەرەزات بەر لە پێگەیشتنی گوڵەبەڕۆژەی خۆماڵی، بڕێکی زۆر گوڵەبەڕۆژە لە دەرەوە دەهێنن.

سلێمان محەممەدئەمین، جووتیارێکی گوندی کفرە دۆڵی دەشتی بیتوێنە. 30 ساڵە گوڵەبەڕۆژە دەچێنێ. پێشتر ساڵانە نزیکەی 30 دۆنم گوڵەبەڕۆژەی دەچاند، بەڵام ئەمساڵ تەنیا 14 دۆنمی چاندووە. سلێمان محەممەد دەڵێت: "بەهۆی گوڵەبەڕۆژەی هاوردەوە، گرفتی ساغکردنەوەمان هەیە، بۆیە ئەمساڵ کەمترم چاندووە".

بە گوتەی جووتیاران، چاندنی دۆنمێک گوڵەبەڕۆژە نزیکەی 100 — 120 هەزار دیناری تێدەچێ. هەر دۆنمێکیش بە گوێرەی خزمەت و جۆری تۆوەکەی 300 — 500 کیلۆ بەرهەم دەدات.

سلێمان محەممەد، بەهۆی باشترکردنی کواڵیتی و زیادکردنی بەرهەم لەیەکەی ڕووبەر پێشتر بڕوانامەی ڕێزلێنانی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ پێبەخشراوە، دەڵێت "ئەو گوڵەبەڕۆژەی ئێمە دەیچێنین تۆوەکەی خۆماڵییە، تامی لە گوڵەبەڕۆژەی هاوردە زۆر خۆشترە، پێشتر لە بازاڕ خواستی زۆری لەسەر بوو کیلۆی نزیکەی 4000 دیناری دەکرد، ئێستا بە 2000 دینارە، چونکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئێستا خەڵک زیاتر گوڵەبەڕۆژەی هاوردە دەکڕێ کە نرخەکەی زۆر هەرزانە".

لە هەرێمی کوردستان 19 کارگەی مۆڵەتدار بۆ ئامادەکردنی گوڵەبەڕۆژە هەیە. بەرهەمەکانیان لە ناوخۆ و شارەکانی عێراق بەبازاڕ دەکەن، بۆیە ساڵانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ و کارگەکانی جەرەزات بەهەزاران تۆن گوڵەبەڕۆژە لە وڵاتانی چین، ئۆکراینا، بولگاریا، ئەمەریکا و کەنەداوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

ساڵح ئەحمەد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا و کارگەی جەرەزاتی زێڕ بۆ بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی گوڵەبەڕۆژە، دەڵێت: "لە کوردستان و عێراق خواستێکی زۆر لەسەر گوڵەبەڕۆژەی خواردن هەیە، بۆیە ساڵانە بازرگان و خاوەن کارگەکان 40 تاوەکو 50 هەزار تۆن گوڵەبەڕۆژە لە دەرەوە دەهێنن".

کارگەکەی ساڵح ئەحمەد، ڕۆژانە پێنج تۆن گوڵەبەڕۆژە ئامادە دەکات و لە بازاڕ دەیفرۆشێ، ساڵح ئەحمەد دەڵێت "لە شارەکانی عێراق خواست لەسەر بەرهەمی کارگەکانی هەولێر هەیە، بۆیە گوڵەبەڕۆژەی کارگەکانی هەولێر هەتا شاری بەسرا دەڕوات. 75%ی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات".

### کارگەکان گوڵەبەڕۆژەی خۆماڵییان ناوێ

پێشتر کارگەکان بەشێک لە گوڵەبەڕۆژەی خۆماڵییان دەکڕییەوە، بەڵام ئێستا 100 % پشت بەهاوردە دەبەستن. ساڵح ئەحمەد، خاوەنی کارگەی چەرەزاتی زێڕ دەڵێت: "بەرهەمی ناوخۆ گرانە و کواڵیتیەکەشی باش نییە، بۆیە زۆربەی کارگەکان پشت بە گوڵەبەڕۆژەی هاوردە دەبەستن".
ساڵح ئەحمەد، بۆ کارگەکەی ساڵانە 1500 تاوەکو 2000 تۆن گوڵەبەڕۆژە لە چین و ئەمەریکاوە هاوردە دەکات، دەڵێت "تۆنێک گوڵەبەڕۆژە لەچینەوە بە 110 دۆلار دەگاتە هەولێر، بۆیە هیچ بازرگانێک ئامادە نییە لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی، گوڵەبەڕۆژە هاوردە بکات و بۆ تۆنێک گوڵەبەڕۆژە 500 هەزار دینار بدات، ساڵانە بەر لە وەرزی قەدەغەکردنی هاوردەی دەکەن، بۆیە زیادکردنی باج هیچ سوودی بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی نییە".

بەرهەمی ڕۆژانەی 100 هەزار بەرمیلە

# پەیەدە و حکومەتی سووریا داهاتی نەوتی ڕمێلان وەکو برا بەش دەکەن

ئازاد جەمکاری
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی نەوتی حکومەتی سووریا ئاشکرای دەکات کە داهاتی نەوتی ڕمێلان لە پارێزگای حەسەکە لە نێوان حکومەتی سووریا و پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)دا بەش دەکرێ، مووچەی کارمەندانی کێڵگەکەش لەلایەن حکومەتی سووریاوە دەدرێ.

یەکەم بیری نەوت لە پارێزگای حەسەکە، ساڵی 1958 لە کێڵگەی (کراتشۆک) دۆزرایەوە، پرۆسەی لێدانی بیری نەوت تاوەکوو ساڵی 2011 درێژەی کێشا و لەئەنجامدا 1670 بیرە نەوت لێدران، بەڵام 1322 بیریان کێشەی تەکنیکییان هەیە و بێ بەرهەمن.

دوای کشانەوەی ڕژێمی سووریا لە ڕۆژئاوای کوردستان، یەکێک لەو ناوچانەی کەوتە دەست پەیەدە، کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان بوو کە لە ڕۆژی 2013/3/1 ڕادەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کرا.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی نەوتی سووریا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت کە پەیەدە گۆڕانکاری لە ستافی کۆمپانیاکەدا کردووە.

وەک ئەو سەرچاوەیە گوتی، پێش قەیرانی سووریا کارگێڕیی کۆمپانیاکە لەدەست ئەندازیار نەبیل مەحموود بوو کە عەلەوییە و خەڵکی دەشتی جەبلەی سەر بە پارێزگای لازقییەیە، بەڵام دوای قەیران کۆمپانیاکە لەلایەن چەند کەسێکەوە بەڕێوەدەبرێ، لەوانە عەلی شێر کە وەک ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "کادیری پێشکەوتووی پەکەکەیە، خەڵکی باکووری کوردستانە و بەڕێوەبەری ڕاستەقینەیە".

ئەو سەرچاوەیە باسی هاوئاهەنگیی خۆیان لەگەڵ پەیەدە لەبارەی ئیشوکارەکانی کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان دەکات و دەڵێت: "پەیوەندیی ڕۆژانەی

> ڕۆژانە 20 هەزار لیتر نەوتی ڕمێلان هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ

وەزارەتی نەوتی حکومەتی سووریا و پەیەدە لەڕێی گەیاندنی ڕاپۆرتی ڕۆژانەوە دەبێت کە تێیدا زانیاریی تێروتەسەل لەبارەی ئاستی بەرهەمەکان و ڕێکارە کارگێڕییەکان دەنووسرێت. هەریەک لە ئەحمەد پاشا و محەممەد ئیبراهیمیش کە ئەفسەری سەربازین، ئەرکیان هاوئاهەنگییە لە نێوان وەزارەت و پەیەدە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە "ئیبراهیم ئیبراهیم، برای نەسرەددین ئیبراهیم سکرتێری ئەلپارتی، مانگێک پێش ئێستا لەلایەن فەرماندەیی یەپەگەوە بە بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان دامەزرێنراوە".

ئیبراهیم دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاریی وزەیە و خەڵکی قامیشلۆیە.

## کێ مووچەی کارمەندەکان دەدات؟

سەرچاوەکەی (ڕووداو) لەبارەی ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان دەڵێت: "پێش قەیران، ژمارەی کارمەندەکانی 5800 کەس بوو، بەڵام دوایی کەمکرایەوە بۆ 3500 کەس. ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لەو کۆمپانیایە بۆ 50% زیادی کردووە. کۆی مووچەکانیان پێشتر 215 ملیۆن لیرەی سووری بوو، ئێستا بۆ 130 ملیۆن لیرە کەمبووەتەوە، مووچەشیان لەلایەن حکومەتی سووریاوە دەدرێ".

کۆمپانیای ڕمێلان 1550 یەکەی نیشتەجێبوونی هەیە کە تایبەتن بە کرێکاران و کارمەندان و بەرپرسەکانی، بەڵام ئەو سەرچاوەیە گوتی "پەیەدە 150 یەکەی داوەتە لایەنگر و ئەندامانی خۆی، بەتایبەتی بۆ کەنعان بەرەکات لێپرسراوی ناوچەی ئەلجەزیرە، یەکەیەکی دیکەشیان بە کوڕێکی ساڵح موسلیم داوە، هەروەها باڵەخانەیەکی گەورەشیان تایبەت کردووە بۆ ئیدارەی خۆسەری لە ناوچەی ئەلجەزیرە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە: "دوو سەرکردەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی بەناوەکانی حوسێن سلێمان و فەرحان مەرعی لە خانووەکانیان دەرکراون، پاشان خانەوادەی یەکێک لە پێشمەرگەکانی ڕۆژئاڤاشیان لە هەمان شوێن دەرکرد. سێ فەرمانبەریشیان بەناوەکانی هەڤاڵ عیسا، محەممەد مەردی و شەهناز گەلۆ بەتۆمەتی ئەندامێتی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد، لەکار دوورخستەوە".

## بەرهەمی نەوتی ڕمێلان چەندە؟

بەڕێوەبەرایەتی کێڵگە نەوتییەکانی حەسەکە 12 کێڵگە لەخۆدەگرێت کە بریتین لە ڕمێلان، سازابا، سوێدییە، کراتشۆک، عەلیان، عۆدە، دیجلە، حەمزە، لەیلان، بەدران، بەعشوق و شامۆ. پێشتر سەرجەم بەرهەمەکانیان لە وێستگەی تەل عەدەس کۆدەکرایەوە و دواتر غاز و نەوتەکەشی بۆ وێستگەکانی حمس و بانیاس تاوەکوو ساڵی 2011 دەگوازرایەوە، واتە بەر لە سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا.

بەر لە قەیرانەکە بەرهەمی ئەو کێڵگانە ڕۆژانە 170 هەزار بەرمیل بووە، ئەگەر گرفتی تەکنیکی نەبووبێ. بەڵام ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "بەرهەمی ئێستای ئەو کێڵگانە 80 هەزار بەرمیلە، هەندێک ڕۆژیش دەگاتە 100 هەزار بەرمیل".

ئەو سەرچاوەیە باسی چۆنیەتی ساخکردنەوەی بەرهەمی ئەو کێڵگانە دەکات و دەڵێت: "ڕۆژانە 20 هەزار بەرمیل بۆ پێداویستیی ناوخۆ لەلایەن ئیدارەی خۆسەری بەکاردێ، بەشێکی بۆ وێستگەی تەل عەدەس کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریادایە هەناردە دەکرێت. هەروەها 20 هەزار بەرمیلیش لە ڕێگەی بۆڕییەوە بەرەو وێستگەی سوێدیی سێیەم دەگوازرێتەوە، بەهۆیەوە دەگاتە وێستگەی عەلیوکا لەنێو هەرێمی کوردستان. ئەم هێڵەش لەسەردەمی سەدام حوسێنەوە هەیە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان بووەتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ یەپەگە. ئەوان لیترێک بەنزین بە 75 لیرە دەفرۆشنەوە بە بازاڕ، بەڵام لە بازاڕی ڕەش بە 250 لیرە دەفرۆشرێتەوە. هەورەها لیترێک گاز بە 40 لیرە دەفرۆشێ و لە بازاڕی ڕەشیش بە 150 لیرە دەفرۆشرێتەوە.


ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاوا ڕۆژانە 20 هەزار لیتر لە نەوتی ڕمێلان لە نێوخۆدا ساخ دەکاتەوە

> 50%ی کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان کوردن

لە ڕێگەی کۆمپانیای ڕمێلانەوە، تەزووی کارەبا بۆ دانیشتووانی پارێزگای حەسەکە دابین دەکرێ. بەر لە قەیرانەکە 200 مێگاوات کارەبای دابین دەکرد، دواتر بۆ 120 مێگاوات کەمی کرد، لە کاتێکدا حەسەکە پێویستی بە 350 مێگاوات هەیە.

## پەیوەندیی یەپەگە و کۆمپانیاکانی نەوت

جگە لە کۆمپانیای ڕمێلان بۆ بەرهەمهێنانی نەوت، لە پارێزگای حەسەکە دوو کۆمپانیای دیکەی کەرتی تایبەت هەن کە لە کێڵگەکانی عۆدە و کێڵگەی دیجلە کار دەکەن و هەردوو کێڵگەکەش لەلایەن یەپەگەوە پاسەوانی دەکرێن.

سەرچاوەکەی وەزارەتی نەوتی سووریا لەبارەی کێڵگەی نەوتی عۆدە دەڵێت: "ئەو کێڵگەیە دەکەوێتە دەشتی تربەسپی، لەلایەن کۆمپانیایەکی چینی کاری تێدا دەکرێ، بەرهەمەکەشی ڕۆژانە نزیکەی 1000 بەرمیل دەبێت. نەوتەکەی لە جۆری قورسە بەڵام کۆمپانیاکە ئێستا لەسەر نەوتی سووک کار دەکات. یەپەگە کێڵگەکە دەپارێزێت و لەبەرامبەردا مانگانە 10 ملیۆن لیرەی سووری وەردەگرێ".

سەبارەت بە کێڵگەی دیجلەش کە دەکەوێتە ناوچەی عەلی ئاغا لە دەشتی تەلکۆچەر، ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو کێڵگەیە کۆمپانیای گۆڵف سانتس کاری تێدا دەکات کە سەر بە ڕامی مەخلوف کوڕی خاڵی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریایە. کێڵگەکە 28 بیرە نەوتی هەیە و بەرهەمی ڕۆژانەی 40 هەزار بەرمیلە. ئەویش لەلایەن یەپەگەوە دەپارێزرێ و لە بەرامبەریشدا 10 ملیۆن لیرەی سووری وەردەگرێ".

> یەکێ لەو کۆمپانیایانەی یەپەگە پاسەوانیی دەکات سەر بە ڕامی مەخلوفی کوڕە خاڵی بەشار ئەسەدە

ئاستی پابەندبوونی بە ڕێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەمەوە بۆ 75% دابەزیوە

# ئۆپێک لە بەرهەمهێنانی نەوتدا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

ڕووداو- هەولێر

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو ڕایگەیاند کە بەرهەمهێنانی نەوتی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) لە مانگی تەمووزدا بۆ ئاستێکی پێوانەیی لەماوەی ئەمساڵدا بەرزبووەتەوە، هەرچەند هەوڵەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی نێوان داخوازی و خستنەڕووی نەوت بەردەوامە، بەڵام ماوەی سێ مانگە ئاستی بەرهەمهێنانی بەردەوام بەرز دەبێتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کردووە کە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان لە مانگی ڕابردوودا بە بڕی 520 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 98.16 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەوپێیەش بەرهەمهێنانی جیهانیی نەوت لە مانگی تەمووزدا 500 هەزار بەرمیل لە تەمووزی 2016 زیاتر بووە.

هەرچەند هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بەردەوامە، بەڵام ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو ڕێکخراوەش 230 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 32.84 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەوجۆرەش بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی تەمووزدا ژمارەیەکی پێوانەیی نوێی تۆمار کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، هۆکاری بەرزبوونەوەی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی ئۆپێک بۆ پابەندنەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامان و بووژانەوەی کەرتی نەوتی لیبیا و نایجیریا دەگەڕێتەوە کە لە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتی ئۆپێکدا بەشدارییان پێ نەکراوە.

هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەوتی ئۆپێک بۆ هاتنی وەرزی گەرما و پێویستییەکانی دابینکردنی کارەبا دەگەڕێتەوە. هەموو ساڵێک لە سێ مانگی هاویندا ئاستی داخوازیی نێوخۆیی بەرزدەبێتەوە، وڵاتانی ئۆپێکیش کە زۆربەی لە زۆنی گەرمی زەویدان، ناچارن یان ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە، یان بە کەمکردنەوەی ئاستی هەناردە قەرەبووی داخوازیی نێوخۆیی بکەنەوە.

ساڵی ڕابردوو ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێککەوتن. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئۆپێک 1.2 ملیۆن بەرمیل و 10 وڵاتەکەی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک دەبوو نزیکەی 600 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ئاستی بەرهەمهێنانی مانگی تشرینی یەکەمی 2016یان کەم بکەنەوە. ئامانج لە ڕێککەوتنەکە کەمکردنەوەی نەوتی کۆگاکان و بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت بوو کە لە ناوەڕاستی 2014وە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە دابەزین کردووە. مانگی ئایاری ئەمساڵ ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێک ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە هەتا مانگی ئاداری 2018.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکە کە بنکەی سەرەکیی لە پاریسە، هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی جیهانی بۆ گەشەکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا و ئاساییبوونەوەی کەرتی نەوتی کەنەدا دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەلایەن ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، نرخی نەوتی برێنت لە سەرووی 50 دۆلار جێگیر بووە و بازاڕەکانیش خەریکە باڵانسیان بۆ دەگەڕێتەوە. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە دەڵێن "بۆ ئەوەی هاوسەنگبوونەوەی بازاڕەکانی نەوت بەردەوام بێت، پێویستە بەرهەمهێنەرەکان قەناعەت بە بازاڕ بهێنن کە لەسەر پەیمانەکەی خۆیان بەردەوام بن. هەتا ئێستا ئەوەی دەبینین ئەوەیە ئۆپێک نایەوێت پابەند بێت".

ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئاستی پابەندیی ئۆپێک بە ڕێککەوتنەکە بۆ 75% دابەزیوە و ئەوەش نزمترین ئاستی پابەندی بووە لە 2017دا. ئاستی پابەندیی ڕێکخراوەکە لە مانگی حوزەیراندا 77% بوو. بەرزترین ئاستی پابەندی بە ڕێککەوتنە لەمساڵدا نزیکەی 87% بووە. ئاستی پابەندیی 10 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێکیش باشتر بووە و گەیشتووەتە 67%. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (IEA) ئەو 22 وڵاتەی لە ناو ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێناندان (واتە 12 وڵاتی ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک) لە مانگی حوزەیراندا ڕۆژانە 470 هەزار بەرمیلیان زیاتر لەو ئاستە بەرهەمهێناوە کە لە ڕێککەوتنە هاوبەشەکەدا بەڵێنیان لەسەر دابوو.

ژمارەیەک لە وڵاتانی بەشداربووی ڕێککەوتنەکە هەر لەسەرەتاوە جەختیان لەسەر پابەندیی خۆیان کردبووەوە، لەوانەش سعودیە کە بەڵێنی داوە ئاستی هەناردەی نەوتی لە مانگی ئابدا بۆ 6.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێنێت. هەریەک لە وڵاتانی جەزائیر، عێراق و ئیمارات بە ڕێژەیەکی لاواز پابەندی ڕێککەوتنەکە بوون. خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە، بە ڕۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە، سعودیە بەدووری نازانێت ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی لەوەی ئێستاش کەمتر بکاتەوە.

هەتا ئێستاش بازاڕی جیهانیی نەوت لە دوو ڕووەوە بە گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک کردووە. ئۆپێک مێژوویەکی سەرکەوتووی لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکان نەبووە. جیا لەمەش بازاڕەکانی نەوت پێیان وانییە ئاستی ئێستای کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بەس بێت بۆ ئەوەی نەوتی کۆگاکان کەم بێتەوە و بازاڕەکان جارێکی دیکە پێویستیان بە وڵاتانی بەرهەمهێنەر بێت.

هاوسەنگبوونەوەی بازاڕەکانی نەوت لەلایەکەوە پەیوەستە بە ئاستی خستنەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە وابەستەی ئاستی داخوازییە لە جیهاندا. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات ئاستی داخوازی لەسەر نەوت هەتا کۆتایی 2017 زیاتر لەوە گەشە بکات کە پێشتر مەزەندە کرابوو. بەپێی پێشبینییەکانی ئاژانسەکە، داخوازی لەسەر نەوت هەتا کۆتایی ئەمساڵ بە بڕی 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەبێتەوە. ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی 2018 بریتیی دەبێت لە 1.4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بۆیە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێیوایە هۆکاری مانەوەی نرخەکانی نەوت لە سەرووی 50 دۆلار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازی دەگەڕێتەوە.

پاش دەرچوونی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، نرخەکانی نەوت بە ڕێژەی 1% دابەزین. ڕۆژی هەینی نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت 51.42 دۆلار بوو، بەو پێیەش 48 سێنت لەچاو ڕۆژی پێشتر دابەزی.



داخوازیی لەسەر نەوت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بۆ 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزدەبێتەوە

ڕووداو هونەری
ژمارە (469) - دووشەممە 2017/8/14

## لۆکە زاهیر پەشیمانە



**ڕووداو – هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژ لۆکە زاهیر لە ئەنجامدانی چەندین کاری ڕابردووی پەشــیمانە و دەڵێت ئەگەر تەمەن بگەڕێتەوە، ئەو کارانە ناکاتەوە. لۆکە زاهیر، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی تۆڕی میدیایی ڕووداو، کە هەفتەی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە گوتی "لە ئەنجامدانی چەندین کاری هونەری ڕابردوو پەشیمانم، ئەگەر تەمەن بگەڕێتەوە، ئەم کارانە ئەنجام نادەمەوە". لۆکە لە بارەی کاری هونەری دەڵێت چەندین کاری هونەری نوێ بە ستایلی جیاواز ئامادە دەکات، بەڵام بۆ داهاتوو پلانی ئەوەی هەیە کە بەرهەمەکانی بەشێوەی کلیپی سینگل بڵاوبکاتەوە.

## دایان ئەبی عەللام، شاجوانی لوبنان بۆ (ڕووداو):

# نمایشکاریم پێ گرنگترە لەوەی شاجوان بم





سـاڵی 2015 بووەتە شـاجوانی هاوینەی لوبنـان، دواتر لە سـاڵی 2016 وەک شـاجوانی لوبنان نوێنەرایەتی وڵاتەکەی کرد لە هەڵبژاردنی شـاجوانی کیشـوەرەکان لە سـریلانکا. ئەکتەرە و لە چەنـد درامایەکـی تەلەڤزیۆنیدا دەرکەوتووە. بـەڵام خەونی ئەو پێشکەشـکاری تەلەفزیۆنییـە. دایان ئەبی عەللام شـاجوانی لوبنان، لـە هەڤپەیڤینێکـدا لەگەڵ (ڕووداو) بـاس لە کار و پرۆژەکانی دەکات.

دەرباز یونس
ڕووداو – بەیروت

**ڕووداو: تۆ لە ساڵی 2015، شـاجوانی لوبنـان بوویـت، هەروەها لە چەند ڕێوڕەسمێکی دیکەی شاجوانیشدا ناسناوت بردووەتـەوە، ئەزموونـی بەشداریکردنت لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنـی شـاجواندا چۆن بوو؟**

**دایان:** **من لە ساڵی 2015 ناسناوی شـاجوانی هاوینەی لوبنانم** بەدەسـتهێنا. دواتر نوێنەرایەتـی لوبنانـم کـرد لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی ئینتەر کۆنتینانتەر لە سـریلانکا، ئەمانە یەکێک بوون لە باشـترین ئەزموونەکان لە ژیانی مندا. هیوادارم هەموو کچێک بتوانێت لە ژیانیدا لەم ئەزموونانە ببینێت، چونکە ئەزموونی هاتنـە دی خەونەکانـم بـوون. خەونی منداڵیی هەموو کچێک تا گەورەش دەبێت ئەوەیـە بتوانێـت تاجێک بەدەسـتبهێنێ، خەونی هەموو کچێک ئەوەیە کە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خۆی بکات، من پێموابێت یەکێک لە ئامانجەکانی ژیانم پێکا، ئەمە شەرەفێکی گەورەبـوو بـۆ مـن کـە توانیـم نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خۆم بکەم.

**ڕووداو: چی بوون ئەو مەرجانەی کە پێویسـت بـوون لە کچێکـدا هەبن بۆ ئەوەی ببێتە شـاجوانی هاوینـەی لوبنان، یـان لـە ڕێوڕەسـمەکاندا بەناوی لوبنانەوە بەشداری بکەیت؟**

**دایان:** مەرجەکان تەنیا لە دەرکەوتندا نەبوون، تەنیا ئەوە نییە کە ڕوخسـارێکی جوانـت هەبێت، یان کچێکی فاشیۆنیسـتا بیـت، بوون بە شـاجوان تەنیـا دەرکەوتنی ڕوخسـاری دەرەوە نییـە، زیاتـر لـە بـارەی کەسـایەتی کەسەکانە. لە بارەی ئاستی خوێندن و باکگراوندی ڕۆشنبیرییە. لەبارەی دەرکەوتن لەسەر شانۆ و تێپەڕین و متمانە بەخۆبوونە. واتە شاجوان دەبێت کچێک بێت بتوانێت خۆی پیشان بدات، ئازاد بێت لەسەر شانۆ، دەبێت بڕوانامەی بەرزی هەبێت، زانیاری تەواوی لەبارەی وڵاتەکەی خۆی هەبێت، کاری کردبێت و ئەزموون لە دوێنێی خۆی وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتوویەکی باشتر دروست بکات، پێموابێـت یەکێک لـەو هۆکارانەی وای کرد من لە ڕێوڕەسـمەکانی جوانیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنم دەرکەوتنم بوو لەسەر شانۆ، هاوکات وەڵامـم بۆ ئەو پرسـیارانەی کە لیژنـەی دادوەرانی ڕێوڕەسـمەکان ئاراستەی منیان دەکرد.

**ڕووداو: ئەوان چییان لە تۆ پرسی و تۆ چیت وەڵامدانەوە؟**

**دایان:** دوو پرسیار بوون، پرسیاری یەکەم ئەوەبوو کە ئەگەر هێزی ئەنجامدانی هەموو شـتێکم هەبێت، لە ماوەی 24 کاژێردا لە لوبنان چی دەکەم، لەو کاتەدا ئێمە لە لوبنان پەرلەمانمان نەبوو، من گوتم لە ماوەی 24 کاژێردا پەرلەمانێکی نوێ دروسـتدەکەم، پەرلەمانێک کـە نوێنەرایەتـی خەڵکی لوبنان بکات وەک وڵاتێکی دیموکراسـی. پرسـیاری دووەم ئـەوە بوو کە ئەگـەر منداڵێکم هەبێت و منداڵەکە کەمئەنـدام بێت، ئایـا منداڵەکە لەناو دەبەم یـان بەخێوی دەکەم، دەبووایە هۆکاری وەڵامەکانیشت ڕوونبکەیتەوە، منیش وەڵامم دایەوە و گوتم بە دڵنیاییەوە بەخێوی دەکەم، چونکە کەسایەتی و توانا و سەرکەوتنی مرۆڤەکان بەپێی ڕوخسار و دەرکەوتنی دەرەوەیان نییە، بەڵکو مۆراڵی مرۆڤەکان گرنگە، واتە ناخی ئەو کەسە چی تێدایە.

**ڕووداو: زۆر باشە، دوو ساڵ بەر لە ئێستا تۆ ئەم دوو ناسناوەت بردووەتەوە و نوێنەرایەتی وڵاتەکەشـت کردووە، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوو پرۆژەکانی تۆ چی بوون؟**

**دایان:** کار و پرۆژەی زۆرم هەبووە، هەموو شـاجوانەکان لە دوای بردنەوەی ناسناوەکان نابنە کەسی بەرچاو و سەرکەوتوو، لە پرۆژە و

## سەماکارێکی باشم، بەڵام گۆرانی ناڵێم

دەرکەوتنەکانیان بەردەوام نابن، من لەو بوارەدا زۆر باش ماومەتەوە، بەردەوام لە بەردەم کامێرای میدیاکان بووم. بوون بە شاجوان تەنیا بردنەوەی ناسناو و وەرگرتنی تایتڵەکە نییە، بەڵکو ئەنجامدانی کار و پڕۆژەی باشە لە دوای وەرگرتنی تایتڵەکە، کاتێک کچێک ناسناوی شاجوان وەردەگرێت دەرگای زۆری بە ڕوودا دەکرێنەوە بۆ ئەوەی کار و پڕۆژەی هەبێ، چانسـی زۆری بۆ دێتە پێش، بەڵام ئەوە لەسـەر زیرەکـی ئەو کەسـە دەمێنێتەوە کە چۆن ئەو شـانس و دەرفەتانە دەقۆزێتەوە. من بە جدی کارم لەسەر پڕۆژەکانم کردووە و ئێستاش کاریان لەسەر دەکەم.

**ڕووداو: ماوەیـەک بـەر لە ئێسـتا لە کوردسـتان بوویت و وەک نمایشـکارێکی جلوبـەرگ دەرکەوتـی، بـەر لەوەی ببێتە شـاجوان نمایشکاری جلوبەرگ بوویت، ئێستاش لەم کارەت بەردەوامیت؟**

**دایـان:** بەڵێ، من نمایشـکارێکی فریلانسـم، حـەزم لە جیهانی دەرکەوتن و بەردەم کامێرایە. هەمیشە حەز دەکەم چالاک بم و لە وڵات و شوێنی جیاوازی دونیا چالاکیم هەبێت، هەموو کار و چالاکییەکی پەیوەندیدار بە کامێراشـم خۆشدەوێت، وەکو نمایشکاری، سینەما، فیلم و دەرکەوتن وەک ئەکتەر، ئەنجامدانی ڕیکلام، دەرکەوتنیش وەک نمایشکاری جلوبەرگ تەنیا ڕۆیشتن بەسەر فەرشی سوور و پۆشینی جلوبەرگ نییە، نمایشکاری گەیاندنی پەیامێکە کە دەبێت نمایشکار بتوانێت بیگەیەنێت. من پێموایە نمایشکاری زۆر لە دەرکەوتن وەک شـاجوان گرنگترە، چونکە دەبێت نمایشکاری جلوبەرگ بتوانێت بە باشـی پەیامی ئەو دیزاینەرە بگەیەنێت لە ڕێگەی ڕۆیشـتنی لەسەر ستەیج و شـێوازی پۆشینی جلوبەرگەکە، ئێمـە لـە هەولێر ئەو کارەمان کـرد، فاشـن شـۆیەکمان کرد، من لەوێ نوێنەرایەتـی لوبنانم دەکرد.

**ڕووداو: چەند نەشـتەرگەری جوانکاریت کردووە؟**

**دایـان:** تەنیا یـەک، ئەویش بۆ لووتم، چونکە بـە منداڵی لووتم شکابوو، نارێک بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشـتی مـن پشـتگیری نەشـتەرگەری جوانکاری دەکـەم، جوانی متمانەی زیاتر بە ئافرەتان دەدات، بەمەرجێک لە سـنوور تێنەپەڕێت و ئافرەتەکە نەکاتە کەسـێکی دەستکردی تەواو.

**ڕووداو: دەتەوێت ببیتە پێشکەشکار؟**

**دایان:** بەڵـێ خەونم ئەوەیە وەکو تۆ ببمە پێشکەشکار.

**ڕووداو: ئەی بۆ گۆرانیگوتن؟**

**دایـان:** نا نەخێـر، نامەوێ گۆرانی بڵێم، ئەگەرچی زۆر سەما دەکەم.

**ڕووداو: ئەی بواری نواندن؟**

**دایـان:** بەڵێ لە بـواری نواندن دەمەوێـت پێشـبکەوم، حـەزم لە هەموو کارێکی بـەردەم کامێرایە، تەنیا گۆرانیگوتن نەبێت.

## حەز دەکەم ببمە پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی

## شەیدا بۆ (ڕووداو):

# لە تورکیا هیچ کۆنسێرتێک ناکەم

**دڵخواز بەهلەوی**
**ڕووداو– هەولێر**

شـەیدا، هونەرمەندی کوردی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێت لەبەر خاتری هونەرەکەی ناچار بـوو ڕۆژئاوا جێبهێڵـێ و ڕوو بکاتـە تورکیا، ئەو دەڵێت کـە دەمێکە ئەلبوومێکـی ئامادەیە، بەڵام نازانێ بۆچی بڵاوناکرێتەوە.

شـەیدا ئێسـتا یەکێـک لـە بەنێوبانگترین هونەرمەندانی گۆرانیبێژە لە ڕۆژئاوای کوردسـتان. ئەو بەو تۆنە غەمگینەی چەندین کەسـی شەیدای دەنگـی خـۆی کـردووە. شـەیدا دەڵێـت ئـەو غەمگینییەی لە دەنگیدا هەیە زۆرتر بە جەماوەری ناساندووە.

ئەحمـەد ڕەمـەزان کـە شـەیدا ناسـناوە هونەرییەکەیەتی، ساڵی 1971 لە شاری عاموودای ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەدایکبـووە، باوکـی سـێ منداڵـە، ئەویـش وەکو هـەزاران کـوردی دیکەی ڕۆژئـاوا لە دوای قەیرانی سـووریا ناچار بوو زێدی خۆی جێبهێڵێ و ئێستا لە شاری ئیزمیری تورکیا نیشتەجێیە.

شـەیدا سـێ ئەلبوومی گۆرانی هەیـە. یەکەم ئەلبوومی لە سـاڵی 1999 تۆمار کردووە. سـاڵی 2004 ئەلبوومێکـی بـە نـاوی ئـاخ ژ ئەسـمەر بڵاوکردووەتەوە. سـاڵی 2009 سـێیەم ئەلبوومی خۆی بە ناوی کەچا کورد بڵاوکردووەتەوە.

شـەیدا باسـی دوایین بەرهەمی خـۆی دەکات و دەڵێـت "دوا بەرهەمـم سـاڵی 2013 بـوو کـە ئەلبوومێـک بـوو حەوت گۆرانـی لەخۆگرتبوو، لە نێویانـدا گۆرانی "ئـەرێ برا" هەبوو کـە تەنانەت کلیپیشـمان کرد، بەڵام نازانم کەی بڵاودەبێتەوە و پێویستە بڵاوبکرێتەوە، چونکە لە گرێبەستەکەماندا وا هاتووە".

## گۆرانییەک بۆ گشتپرسی تۆمار دەکەم

شـەیدا لە ماوەی ڕابـردوودا چەند گۆرانییەکی سـینگڵی تۆمار کـردووە، لەوانـەش (کۆبانێ) و (گوڵی کوردسـتان). هەروەها گۆرانییەکی تایبەت بـە مرۆڤایەتی و برایەتی. شـەیدا دەڵێت "گۆرانی و چەندیـن چالاکیـی دیکەی هونەریـم هەیە بەڵام تۆمارنەکراون، باری ئابووریشم باش نییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەرکی خۆم تۆماریان بکەم".

شـەیدا لەبارەی جێهێشـتنی عامـوودا دەڵێت: "زۆربەی موزیکژەن و خاوەن سـتۆدیۆکان، بەهۆی شـەڕ و خراپیی دۆخـی ڕۆژئاڤا، کۆچیـان کرد و هەمـوو چالاکییەکانم وەسـتان. دۆخەکـە هێندە خراپ بوو بۆمان نەدەکرا بچینە دەرەوە، لەو کاتەدا چەندین گۆرانیم لەنێو ماڵی خۆمدا تۆمار کرد بەڵام بەهۆی نەبوونی موزیکژەنی کەمان و گیتار کارەکە سەختتر دەبوو، دەبووایە بۆ دۆزینەوەی موزیکژەن یان بچیتە تورکیا یان دیمەشـق". هەروەها دەڵێت "دۆخـی ڕۆژئاڤـا بـەرەو خراپبـوون دەچـوو. بۆ پاراسـتنی منداڵەکانم و دابینکردنی داهاتوویەکی باش بۆیان، بەناچاری بڕیارماندا بچینە تورکیا و لە ئیزمیر نیشتەجێ ببین".

عاموودا هەمیشـە لە خەیاڵی شـەیدادایە، ئەو تەمەنـی منداڵی و گەنجێتی خۆی بە کشـتوکاڵ و هونەر لەو شـارەدا بەسـەر بردووە، هەمیشـە خۆزگە دەخوازێ ڕۆژێک زووتر بگەڕێتەوە ئەوێ. شـەیدا دەڵێت "ژیانی مرۆڤ واتە یادەوەری، هیـچ مرۆڤێـک نییە خۆشەویسـتی بـۆ خاک و نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوونی نەبێت. عاموودا ئەو شارەیە تێیدا لەدایکبووم و تەمەنی منداڵێتی و گەنجی و خۆشەویستیم لەوێ بووە. خۆشترین کاتەکانـی ژیانـم لەم خاکـەدا بووە. هیـوادارم دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێ و بگەڕێمەوە".

دڵی شـەیدا هەر لـە ڕۆژئاوای کوردسـتانە، بەتایبەتی لەلای هاوڕێ کۆچکردووەکەی فەرهاد عەجمۆ. شـەیدا دەڵێت "سـەختترین ساتەکانی ژیانـم، هەواڵـی کۆچـی دوایـی دایکـم و هاوڕێی خۆشەویستم شاعیری داهێنەر فەرهاد عەجمۆ بوو،

## ڕۆژئاوام لەبەر نەبوونی میوزیکژەن و ستۆدیۆ بەجێهێشت

مـن لە دوورە وڵات بووم. هەسـتێکی زۆر ناخۆش و شـۆکی ژیانم بوو، نەمدەزانی چی بکەم، تەنیا خەمخواردن بەشی من بوو".

ئـەو زیاتر لەبـارەی هاوڕێکەی قسـە دەکات و دەڵێـت "چەندیـن شـاکاری زۆر جوانـی هەیە کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. چەندین پرۆژەی ئەدەبیی زۆر جوانـی هەبـوو بـەردەوام بـۆی باسـدەکردم کـە چۆن هەوڵـدەدات پرۆژەکانی قۆنـاغ بەقۆناغ سـەربکەوێت. لە پڕۆژەی داهاتوومـدا هەوڵدەدەم سەرجەم شیعر و شاکارە هونەرییە بڵاونەکراوەکانی چـاپ بکەم بۆ ئـەوەی نەوەی نوێ ئاشـنای ئەم شاکارە هونەرییە زۆر جوانانە بن".

سـەبارەت بـە چالاکییـە هونەرییەکانـی لـە تورکیـاش دەڵێـت: "چەند جارێـک داوام لێکراوە کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز بکەم بەڵام ڕەتمکردەوە".

شـەیدا لەنێو هەوادارانیدا بە محەممەد شێخۆی سـەردەم ناسراوە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکی پێشووی لەگـەڵ (ڕووداو)دا گوتـی کـە کاریگەریـی ئـەو هونەرمەندەی لەسـەرە و دەڵێت "محەممەد شێخۆ نەک لەسـەر من، بەڵکو کاریگەری لەسـەر هەموو هونەرمەندانـی ئێسـتا هەبـووە. ئەو سـتوونێکی هونەری گۆرانییە لە ڕۆژئاوای کوردستان".

باشووری کوردستان خۆی بۆ گشتپرسی لە 25ی ئەیلول ئامادە دەکات، بەشـێک لـە هونەرمەندان دەیانەوێ بـە هونەرەکەیان هانی هاووڵاتیان بدەن بەشداری لە گشتپرسیدا بکەن.

شـەیدا لـە ئیزمیـرەوە دڵـی بۆ ئەو بەشـەی کوردسـتان لێـدەدات و دەڵێـت "سـەربەخۆیی کوردسـتان ئامانج و خەونی ئێمەیـە، بە هەزاران شـەهیدمان بۆ ئەو ئامانجە داوە، بۆیە دەبێ کاری زیاتری بـۆ بکەین، هیوادارم کوردسـتان لەسـەر نەخشەی نوێی جیهان ببینم".

شـەیدا ئاشـکرای کـرد کـە بەرهەمێکـی بـۆ گشتپرسـی ئامادە کـردووە و گوتـی "هاوڕێیەکم خەڵکی ڕۆژئاڤایە و شاعیرە بەناوی خالید عومەر، شیعرێکی نووسیوە کە تایبەتە بە ڕۆژی گشتپرسی و هیوادارم بتوانم تۆماری بکەم".



## فرۆشگای جلی کوردی لە ئەڵمانیا دەکرێتەوە

**رووداو- هەولێر**

دوو ئافرەتی خەڵکی هەولێر لە ئەڵمانیا فرۆشگایەکی جلی نوێ و کۆنی کوردیان کردووەتەوە. ئەو دوو ئافرەتە دیزاینی جلوبەرگی کوردییان خوێندووە. دیلمەند مەحمود و دلڤین شەریف یەکەمجار فرۆشگایەکی ئۆلانیان کردەوە، دواتریش لە 2016 کۆگایەکیان لە ئێسێن کردەوە. ئەوان تەنیا جل و پشتێن و شاڵی کوردی دەفرۆشن. ئەو دوو دیزاینەرە بە (رووداو)یان گوت "ئێمە لە فرۆشگاکەی خۆماندا کاری دیزاین و دوورین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی خۆمان دەکەین". نرخی هەر جلێکی کوردیش لە 100 بۆ 700 یورۆیە، هۆکاری بەرزبوونی نرخەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە باشترین قوماش لە ئامادەکردنی جلەکان بەکاردێنن.

### سۆسیال دیموکرات دژە و لیبراڵەکان پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن

# هەڵوێستی چەپ و راستەکان لە گشتپرسی، کوردی سوێد دابەش دەکات

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

"هەمیشە سۆسیال دیموکراتم بە پارتی خۆم زانیوە، هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە رۆژێک دەنگ بە راستەکان بدەم، بەڵام تێگەیشتم کە راستەکان بەتایبەتیش لیبراڵەکان، پارتی ئێمەن". ئەمە گوتەی کوردێکی دێرینی سوێدە کە پێشتر لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان هاوسۆز بووە و بگرە لە نێویاندا چالاک بووە. بەڵام ئێستا خۆی بە لایەنگری سەرسەختی لیبراڵەکان دەزانێت. چونکە وەک ئەو دەڵێت :"تەنیا ئەوان هاوسۆزی راستەقینەی کوردن".

بابەتی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی، لەنێو سیاسییەکانی سوێدیش بووە مایەی قسەوباس و تەبەنیکردنی هەڵوێستی جیاواز.

بیۆرن ئولوف سکۆگ، باڵیۆزی سوێد لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتبووی "ئێمە پشتگیری لە گشتپرسیی هەرێمی کوردستان ناکەین و لەگەڵ ئەوەین عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە".

ئولوف سکۆگ کە لەسەر پارتی سۆسیال دیموکرات و چەپ حیسابە، بەم دەربڕینەی دووبارە کوردی ئەو وڵاتەی نیگەران و تووڕە کرد. هێژان مەجید کە یەکێکە لە کوردە تووڕەکان، دەڵێت: "باوەڕ ناکەم جارێکی دیکە ئەو پارتە بتوانێت دەنگی کورد بۆ لای خۆی بهێنێتەوە کە پێشتر پشتی پێ بەستووە".

هێژان 22 ساڵە لە سوێد دەژی و کاری زۆری لەگەڵ چەپەکان کردووە. ئەو دەڵێت: "ئەو کاتەی سۆسیال دیموکرات تووشی قەیران بوو، بە شاندی گەورە چوونە کوردستان، تەنانەت بانگێشتی بەرپرسی سیاسی کوردیان کرد بێنە سوێد بۆ ئەوەی لە نێو کوردی سوێد بانگەشەیان بۆ بکەن، بەڵام ئێستا ئەو پارتە کە حوکمڕانە، دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان دەکات".

ئەگەرچی لە هیچ بڵاوکراوەیەکی فەرمیی ئەو پارتەدا شتێکی لەو شێوەیە نەگوتراوە، بەڵام هیچ کاتێک لە دەرەوەی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق شتی دیکەیان نەگوتووە. هێژان مەجید دەڵێت: "لە بابەتەکانی پێشمەرگە و شەڕی داعش و پەیوەندییە دیبلۆماتیکەکاندا دەبوو ئەوەمان بزانیایە کە سۆسیال دیموکرات و چەپەکان بە گشتی هاوسۆزی کورد نین، بگرە ئیستیغلالی خاڵە لاوازەکانیش دەکەن".

هێژان پێیوایە پشتگیریی پارتە چەپەکان لە کورد لە رابردووشدا جگە لە دروشم هیچی دیکە نەبووە، بۆیە رەخنە لەو کوردانە دەگرێ کە لە نێو چەپەکان کار دەکەن و دەڵێت: "هاوسۆزیی هەندێک کوردی سوێد لەگەڵ پارتە چەپەکان، لە بێئاگایی و ناهۆشیاریی زیاتر هیچ نییە".

ئەم بۆچوونەی هێژان بۆچوونی سەتان کوردی ئەو وڵاتەشە، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لەنێو پارتی گەلی لیبراڵەوە کە بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکەن.

> هاوسۆزیی هەندێک کوردی سوێد لەگەڵ چەپ، لە بێئاگایی و ناهۆشیارییەوەیە
>
> کوردێکی سوێد

### لیبراڵەکان چییان گوت؟

بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی پارتی گەلی لیبراڵ، بە واژووی چەند کەسایەتییەکی دیاری ئەو پارتە کە لە نێویاندا سەرۆکی پێشووی پارتەکە و دوو پارلەمانتار و پارلەمانتارێکی ئەورووپا و چەند کوردێکیش هەن، دەنگدانەوەی زۆری لەنێو مێدیاکانی سوێد هەبوو.

ئەوان گوتبوویان "پێویستە لێگەڕێین عێراق و کوردستان رێگەی جیاوازی خۆیان بگرنەبەر". لە بەیاننامەکەدا چەند نموونەیەکی سەرکەوتووی جیابوونەوەی وڵاتانیان باس کردووە و جیابوونەوە و سەربەخۆیی کودستانیان بە رێگەیەکی گونجاو وەسف کردووە.

دانیال سۆگۆ، ئەندامی ئەو پارتە بە (رووداو)ی گوت: "مافی بڕیاردانی چارەنووس و خۆبەڕێوەبردنی نەتەوە ژێردەستەکان، لەو مافە سەرەکییانەن کە پارتی گەلی لیبرال هەمیشە خەباتی بۆ کردووە".

ئەو باسی جیاوازیی خۆیان لەگەڵ چەپەکان و سۆسیال دیموکراتەکان دەکات و دەڵێت: "جیاوازیی لیبراڵەکان، لەگەڵ سۆسیال دیموکرات و چەپەکان بە گشتی ئەوەیە، بەناوی نەتەوەی جیاواز و پرسی ناوخۆی وڵاتانەوە خۆی لە سەربەخۆیی نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد نادزێتەوە".

شوکری دەمیر و ئیسماعیل کامیل دوو لە کەسایەتییە کوردە دیارەکانی ئەو پارتەن، یەکەمیان بەشداری لە نووسینی ئەو بەیاننامەیەدا کردووە، دووەمیشیان لە دوو خولی رابردوودا ئەندامی ئەو حیزبە بووە.

ئیسماعیل کامیل دەڵێت: "لە دەرەوەی دروشم و گوتە، پارتی گەلی لیبراڵ بە کردەیی کاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە". کامیل لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ (رووداو) گوتبووی: "ئەو کاتەی بە بەیاننامەیەکیش پشتگیری لە کوردستان نەدەکرا، ئێمە کارمان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی سوێد لە هەولێر کرد".

شوکری دەمیر کەسایەتیی دیاری کوردی ئەو پارتە بە (رووداو)ی گوت "سەربەخۆیی کوردستان ئەولەوییەتی کاری ئێمەیە، وەک کوردی سوێدی و ئەندامی پارتی گەلی لیبراڵ".

هەڵوێستی لیبراڵەکان لەبارەی کوردەوە، وای کرد دەمیر واز لە سۆسیال دیموکراتەکان بهێنێ و بچێتە ریزی لیبراڵەکان. دەمیر دەڵێت :"لە نێو هەموو پارتەکانی سوێد تەنیا پارتی لیبراڵ دۆستی راستەقینەی کوردە".

سۆسیال دیموکرات زۆرترین ئەندامی کوردی لە پەرلەمانی سوێد هەیە، بەڵام خۆبەدوورگرتنی ئەو حیزبە لە هەڵوێستێکی فەرمی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان، جێگەی نیگەرانیی ئەندامانی کوردی ئەو پارتە بووە.

سازان ئاسۆ لە رێکخراوی گەنجانی ئەو پارتە کار دەکات و دەڵێت:"چەندینجار هەڵوێستمان هەبووە، بۆیە نیگەرانین لەوەی ئێستا شتێکی فەرمی لەو شێوەیە ناکات، بەڵام جەختکردنەوەش لە یەکپارچەیی عیراق مانای دژایەتی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی نییە".

سازان پێیوایە پارتەکەیان بەو جۆرەش نییە کە لیبراڵەکان باسی دەکەن. ئەو دەڵێت "مەسەلەی کردنەوەی کونسوڵگەریی سوێد لە هەولێر، هاوکاریی پێشمەرگە لە شەڕی داعش، بەرهەمی خەباتی پارتەکەی ئێمەیە".

حیشیمەت ئاغەلی ئەندامێکی دیکەی کوردی ئەو پارتەیە، بۆچوونێکی پێچەوانەی سازانی هەیە و دەڵێت "ئەگەر لە داهاتوودا سۆسیال دیموکرات و باڵی چەپی حوکمڕان، هەڵوێستی جدی نەبێت، واز لەو حیزبە دێنم".

لەنێو ئەو کوردانەدا خەڵکی وەکو باوەڕ ئەحمەدیش هەن کە پێیانوایە هەڵوێستی سۆسیال دیموکراتەکان واقیعبینانەیە و دەڵێت "ئێستا دەرفەتەکە گونجاو نییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان".





#### هەڵبژاردنەکان و سەنگی کورد



ناوەراستی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و شارەوانییەکانی سوێد بەڕێوەدەچن، کورد کە دەیان هەزار دەنگدەری لە سوێد هەیە، لەو هەڵبژاردنانەدا دەتوانێ قورسایی هەبێ.

باوەڕ ئەحمەد کوردی کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، پێیوایە بەیاننامەکەی پارتی گەلی لیبراڵی سوێد بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی دەنگە. بەڵام فریاد رەسوڵ کە لێکۆڵینڤانێکی کوردە، دەڵێت "ئەگەر سەربەخۆیی کورد ببێتە بابەتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەمە نیشانەیەکی زۆر باشە و سەرەتایەکی زۆر ئەرێنییە".

ئیلینور هامرێن قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سیۆدیرتۆرن کە تێزی دکتۆراکەی لەسەر کورد و ناسیۆنالیستی دوورەمەودایە، دەڵێت: "خەونی دروستکردنی دەوڵەت بووەتە بنەمای هێزی کورد و وەک نەتەوەیەکی چالاکی سوێد دەریخستوون".

# کوردی کەنەدا خۆیان لە گرووپێکدا کۆدەکەنەوە

**رووداو- تۆرنتۆ**

هیچ کۆچبەرێک لە کەنەدا، وەکو رەنا عەلی رۆشنایی نەخراوەتە سەر، ئەو کە بە چوار زمان قسە دەکات، بووەتە باسێکی گەرمی نێو کۆچبەرانی کورد و هەندێک میدیای کەنەدی. رەنا لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بووەتە خاوەنی خانووی خۆی لە کەنەدا.

رەنا عەلی، چیرۆکی سەرکەوتنی ئەزموونی کۆچبەرێکی کوردە لە کەنەدا. ئێستا چەند کۆچبەرێک دەیانەوێ توانای کۆچبەرانی وەکو رەنا و ئەوانی دیکە لە رێکخراوێکدا کۆبکەنەوە و وەکو رەوەندی کوردی لە ئەوروپا چالاک ببن.

"دەمانەوێت وەکوو کوردی ئەوروپا، بە تایبەتیش کوردی سوێد، چالاک بین و سیاسی و پارلەمانتار و وەزیرمان تێدا هەڵکەوێ". ئەمە گوتەی هێمن ساڵحە کە کۆچبەرێکی کوردە لە کەنەدا و زۆر لەمێژ نییە مافی پەنابەریی وەرگرتووە.

ئێستا کەنەدا بووەتە رووگەی سەتان کۆچبەری کورد، بە تایبەتی کوردی باشووری کوردستان، بەشێک لەو کۆچبەرانە زۆر بەخێرایی توانیویانە خۆیان بگونجێنن و ببنە خاوەنی پرۆژە.

هێمن ساڵح، خەونی جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی هەیە و دەڵێت کورد خەریکە دەبنە رەوەندێکی دیاری کەنەدا، بۆیە "زۆر گرنگە کاری لەسەر بکرێت و وەک کورد رەوەندێکی چالاک بین، نەک هاوشێوەی ئەمریکا بتوێینەوە".

ئەو رەخنەی زۆری لە کوردی ئەمریکا هەیە کە چالاک نین و دەڵێت "دەبوو کوردی ئەمریکا زۆر لە کوردی سوێد و ئەڵمانیا چالاکتر بوونایە، هیوادارم ئێمە وا نەبین، چونکە زۆرین و خاوەنی هێز و توانایین".

ئێستا هێمن لە پاڵ پرۆژە بازرگانییەکانی کە تەنیا بۆ خۆژیاندنی بووە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کە لە نێویاندا کۆچبەری تازە و کۆن هەن، خەریکی دروستکردنی گرووپێکن و چالاکی دەکەن و زانیاری کۆدەکەنەوە. هێمن گوتی: "بۆ خۆژیاندن دەستم بە چەند کارێکی بچووکی بازرگانی کردووە، بەڵام خەونی دیکەم هەیە بۆ رەوەندی کوردی لە کەنەدا و نەتەوەکەم لە کوردستان".

هێمن زیاتر لەبارەی پرۆژەکەیان قسەی کرد و گوتی "ژمارەیەکی زۆر کوردی چالاک لێرە هەبوون، بەڵام لێکدابڕابوون و ئاگایان لە یەکدی نەبوو، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کورد روویان لەم وڵاتە کردووە، هەردووک پێکەوە دەتوانین کاری زۆر باش بکەین و ببینە گرووپێکی بەهێز".

هێمن هەروەها دەڵێت: "من و زۆر لە هاوڕێکانم خۆبەخش بووین، لە کەمپەکان بەهانای ئەوانەوە دەچووین کە پێویستیان بە هاوکاری هەبوو، ئەمە هانیداین کارەکان لە گرووپێکدا کۆبکەینەوە و وەک رێکخراوێک دەستبەکار بکەین".

### روو لە دووکان و کافتریا دەکەن

بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی کۆچبەری تازەی ئەو وڵاتە لە رێگەی بانگهێشت، یان سپۆنسەری رۆیشتوون کە پرۆسەیەکە کەمتر خەرجی و بەخێوکردنی دەکەوێتە سەر دەوڵەت، زۆربەیان روویان لە کاری بازرگانیی بچووک کردووە. لەوانەش کردنەوەی مارکێت و شووشتنگەی ئۆتۆمبێل و چێشتخانە و هەروەها بەنزینخانە.

رەفعەت بەرزنجی هەشت مانگە گەیشتووەتە کەنەدا. ئەو دەڵێت "ئێستا مارکێتێکم هەیە و زیاتر لە 12 کارمەندی کورد و عەرەبم هەیە". مارکێتەکەی رەفعەت لە نێوجەرگەی شاری تۆرنتۆیە. ئەو دەڵێت "کەمتر کورد روو لەم ناوچەیە دەکەن، بەڵام زۆربەیان لە دەوری من کۆبوونەتەوە و خەونی ئەوەم هەیە کارەکەم بە پشتی ئەوان گەورە بکەم".

زریان سەمەد کوردێکی دیکەی تازە کۆچبەرە و دووکانێکی بچووکی لە گەڕەکەکەی خۆیان کردووەتەوە. ئەو بە (رووداو)ی گوت "نازانم چەندە کارەکەم سوودی دەبێت و سەرکەوتوو دەبم، بەڵام زۆر مەبەستم بوو پشت بەخۆم ببەستم و بەدوور بم لە سۆسیال و بەخێوکردن".



کۆچبەرانی تازە زۆربەیان روویان لە کاری بازرگانی کردووە

#### زمانزانەکان ئیشیان باشە

رەنا عەلی، 28 ساڵ، کوردی فەیلییە و لەدایکبووی بەغدایە، بەڵام زۆربەی ژیانی منداڵی و گەنجێتی لە باشووری کورستان بووە. ئەو ئێستا بووەتە بابەتی گەرمی نێو کۆچبەران و لە چەند مێدیایەکیش باسکراوە.

بەهۆی زانینی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و هەروەها کوردیش کە زمانی دایکێتی، رەنا ئێستا کارێکی زۆر باشی دەستکەوتووە کە وەرگێڕانە. رەنا دەڵێت "ئەوەی زمانە جیاوازە ئاسیاوی و رۆژهەڵاتییەکان بزانێت، نانی کەوتووەتە رۆنەوە. داهاتی هەفتانەم دوو هێندەی ئەو کارمەندانەیە کە چەندین ساڵە ئەو کارە دەکەن".

رەنا یەکێکە لە چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکان. جیا لە ژیانی ئاوارەیی لە ئێران و باشووری کوردستان و تورکیا، ماوەیەکی زۆریشی لە ئەوروپا بەسەر بردووە، بەڵام ژیانی لە ئەوروپا پڕ بووە لە شکست و ئێستا لە کەنەدا قەرەبووی دەکاتەوە. رەنا تەنیا ساڵێکە لە کەنەدایە و خاوەنی خانووی خۆیەتی کە ئەمە شتێکی ئاسان نییە بۆ کۆچبەرێکی تازە.

رەنا پێشتر لە سوێد داوای مافی پەنابەرێتی کردبوو، بەڵام داواکەی رەتکرابووەوە، بۆیە ناچار بوو روو لە کەنەدا بکات. ئەو دەڵێت :"ئەوروپام پێ خۆشتر بوو، بەڵام لە هیچی سەرکەوتوو نەبووم، لە کەنەدا ژیانێکی نوێم دەستپێکردەوە".

## ژنێکی بەساڵاچوو دەکوژرێ

**رووداو- سەیدسادق**

ئێوارەی رۆژی 2017/8/11، لە گەڕەکی بەرکێوی شارۆچکەی سەیدسادق ژنێکی تەمەن 80 ساڵ بەکوژراوی لەماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. دیاری رەفیق، قایمقامی سەیدسادق بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو ژنە ناوی حاجی خاوەرە، بە تەنیا ژیاوە. هێشتا جۆری کوشتن و هۆکارەکەی بەتەواوی روون نەبووتەوە". وەک دیاری رەفیق باسیکرد، لەکاتی پشکنینی شوێنەکەدا دەرکەوتووە حاجی خاوەر هەندێک ئاڵتوون و پارەی هەبووە، دزراوە. دەست و قاچی بەستراونەتەوە ئینجا کوژراوە. هەروەها حەیدەر حەسەن، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی شەهید شەوکەت بە (رووداو)ی گوت "شوێنەواری ئەشکەنجە بە تەرمەکەوە دیاربوو، پێدەچێت رۆژێک زیاتر بێت خنکێندرابێت".



رووداو ژنان
ژمارە (469) - دووشەممە 2017/8/14

### بەردەوام لێیانداوە

# کچێک لە داخی باوک و باوەژنەکەی، خۆی دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

(ح) و خوشکەکەی نزیکەی 15 ساڵ لەمەوبەر کەوتنە بندەستی باوەژنەوە، بەگوتەی یەکێک لە کەسە نزیکەکانیان، بەردەوام لەلایەن باوک و باوەژنەکەیانەوە لێیاندراوە، تەنانەت ئەو رۆژەش کە (ح) لە ماڵەکەی خۆیاندا و بە چەکی باوکی، خۆی تێدا کوشت.

رۆژی 2017/8/1 کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (ح.م) بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دوای جیابوونەوەی باوک و دایکیان، (ح) و (ر) و برا ساواکەیان بەبێ دایک مانەوە، هەر لە سەرەتاوە براکەیان مرد و ئەو دوو خوشکە لەلایەن نەنکیان (دایکی باوکیان)ـەوە بەخێودەکران.

(ە) کە کەسێکی نزیک لەو خێزانەیە، وردەکاریی زیاتری لەبارەی ئەو دوو کچە و مامەڵەی باوک و باوەژنەکەیان درکاند و بە (رووداو)ی گوت کە دوو سێ ساڵ دوای جیابوونەوەی باوک و دایکی ئەو دوو کچە، (م) کە باوکی کچەکانە، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی خزمی خۆیان کردووە. بەڵام هەر لەسەرەتاوە باوەژنەکە رقی لە منداڵەکان بووە و مامەڵەکردنی لەگەڵیان زۆر خراپ بووە.

### ژێر پێی کچەکەی داخ کردبوو

(ە) کە لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئەو دوو کچەیە، بە دوو منداڵی بێ تاوان وەسفیان دەکات و دەڵێت باوەژنەکەیان هەر لە خۆیەوە رقی لە دوو منداڵەکە دەبووەوە.

(ە) بەسەرهاتێکی (ح) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "جارێکیان چووینە ماڵیان، (ح)م بینی نەیدەتوانی بە ئاسانی پێیەکانی لەسەر زەوی دابنێت، دواتر بۆم دەرکەوت لەلایەن باوەژنەکەیەوە ژێرپێی داخکرابوو، ئەوان هیچ گوناهێکیان نەبوو، بەڵام باوەژنەکەیان رقی لێیان بوو، بەردەوام لێیدەدان و دەیشکاندنەوە لەناو خەڵکدا، هەموو کارێکی ماڵی پێدەکردن. قەت نەمانبینیوە جلێکی جوانیان لەبەردا بێت". بەگوتەی (ە) تەنانەت باوەژنی ئەو دوو کچە، هەردوو کچەکەی ناچار کردبوو واز لە خوێندن بێنن".

سەبارەت بە بێدەنگیی باوکی منداڵەکانیش لە هەڵسوکەوتی ئەو ژنە بەرامبەر منداڵەکان. (ە) گوتی "باوکیشیان بەم مامەڵە خراپەی ژنەکەی دەزانی، بەڵام دەسەڵاتی بەسەردا نەدەشکا، تەنانەت باوکیان خۆیشی خراپ بوو لەگەڵ ئەو دوو کچە".

### بە چەکەکەی باوکی، خۆی دەکوژێ

(ە) لە زمانی خوشکە بچووکەکەی (ح) وە باسی ئەو رۆژە دەکات کە (ح) خۆی کوشتووە و دەڵێت: "رۆژی 2017/8/1 باوەژنەکە دەچێتەوە ماڵی باوکی. دوو کچەکەش لەگەڵ خۆی دەبات، بەڵام لەوێ شەڕیان پێدەفرۆشێ و لێیان دەدات. ئەگەرچی ماڵی باوکی زۆر داوای لێدەکەن دەست لە تووڕەبوون و لێدان لە کچەکان هەڵبگرێت، بەڵام ئەو گوێ بەوانیش نادات و بەردەوام دەبێت لە لێدانیان، تەنانەت (ح) ئەو رۆژە نانیشی بۆ ناخورێت، دواتر کە باوکیان دێت بەدوایاندا، باوەژنەکەیان دەڵێت ئەم کچانەت زۆر هار و بێئەدەبن و من چیدی تەحەمولیان ناکەم، بۆیە باوکیان کچەکان دەباتەوە ماڵەوە".

(ە) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "لەو کاتەی (ح) خەریکی شۆردنی حەوشەی ماڵەکەیە، باوکی دەست دەداتە سۆندەیەک و لە (ر)ی خوشکی دەدات کە تەنانەت ئێستاش شوێنی لێدان و سۆندە بە جەستەیەوە دیارە، (ح) زۆر خەم دەخوات و بە خوشکەکەی دەڵێت ئێمە زۆر بێکەسین، بۆیە بەوجۆرە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، پاشان دەچێتە ژوورەوە و هەر بە چەکەکەی باوکی گوللەیەک لەسەر دڵی خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ".

بەگوتەی (ە)، ئەو کچە دوای ئەوەی لەداخی باوەژنەکەی تەقەی لەخۆی کردووە، دوا قسەشی هەر بۆ باوەژنەکەی بووە: "بەرلەوەی گیانی دەربچێ دوا قسەی هەر بۆ باوەژنەکەی بوو، گوتبووی لەگەڵ (ر)ی خوشکم باش بە".

(ە) دەشڵێت: "لەنێو خزم و کەسەکانماندا هیچ کەسێک نییە نەزانێت هۆکاری خۆکوشتنی (ح) بێزاربوونی بوو لە مامەڵەی خراپی باوک و باوەژنەکەی لەگەڵ خۆی و خوشکەکەی".

### خزمەکانیان بۆ بێدەنگ بوون؟

(ە) نایشارێتەوە کە هەموو خزم و کەسوکاریان ئاگاداری ئەو مامەڵەیەی باوک و باوەژنەکە بوون لەگەڵ ئەو دوو کچە، بەڵام کەس قسەی نەکردووە و نەیویستووە کێشە بۆ خۆی دروست بکات. هەروەها دەڵێت "هۆیەکی تری ئەوە بوو کە خزم و کەسوکاریان زۆر خێڵەکین، دەشترسان ئەگەر دایک و باوەژنەکە دەستگیر بکرێن، دەبێت خۆیان منداڵەکان بەخێو بکەن، بۆیە هیچیان نەگوت و بێدەنگییان هەڵبژارد".

(ە) سەرکۆنەی خۆی دەکات کە پێش ئەوەی ئەو رووداوە بقەومێ، نەیتوانیوە هیچ بۆ دوو کچەکە بکات: "خۆزگە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، شتێکم بۆیان دەکرد، (ح) کچێکی زۆر رۆح سووک بوو، هەرکاتێک ئێمەی دەبینی باوەشی پێدا دەکردین، بەڵام نەیدەتوانی هیچ شتێک بۆ ئێمە باس بکات، چونکە باوەژنەکەی هەمیشە بەدەوریەوە بوو، نەیدەهێشت لە کەسمان نزیک ببنەوە، لەترسی ئەوەی نەکا شتێک بڵێ".

(ە) دەڵێت "ئەوانەی بەشداریی پرسەکەی (ح)یان کرد، کەسیان سەرەخۆشییان لە باوک و باوەژنەکەی نەکرد، چونکە دەیانزانی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ (ح) و خوشکەکەی چەندە خراپ بووە".



### مامانێک چوار هەزار کچی خەتەنە کردووە

# رێکخراوێک مامانەکان رازی دەکات کچان خەتەنە نەکەن

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

رێکخراوێکی لۆکاڵی کە کار لەسەر نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە دەکات، دەڵێت مامانی وا هەیە تاوەکو ئێستا زیاتر لە چوار هەزار کچی خەتەنە کردووە، هەروەها دەڵێت لەو ماوەیەدا توانیویانە قەناعەت بە 35 مامان بهێنن کە دەستبەرداری خەتەنەکردن ببن، بەڵام مامانی وا هەیە هێشتا کچان خەتەنە دەکات.

رێکخراوی ئەلەند کە رێکخراوێکی لۆکاڵییە، بە هاوکاریی کونسولخانەی هۆڵەندا لە کوردستان، لە مانگی ئایاری ئەمساڵ هەڵمەتێکی لەژێر ناوی "بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێیینە" راگەیاند، لەو هەڵمەتەدا قسە لەگەڵ 4000 ئافرەت لە 200 گوندی سنووری پارێزگای هەولێر کراوە کە سەرجەمیان خەتەنە کراون. یەکێک لە راهێنەرانی پرۆژەکەش دەڵێت "خەتەنەکردن هێشتا بەردەوامە".

کوردستان رەسوڵ، رێکخەری پرۆژەکانی رێکخراوی ئەلەند لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "سەردانی 200 ناحیە و گوندی سنووری پارێزگای هەولێرمان کرد. 4000 ئافرەتی خەتەنەکراو و 200 مەلا و 200 موختارمان بینیوە، باسی خەتەنەکردنی مێیینەمان لەڕووی ئایینی، تەندروستی، دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ کردوون. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیمان بۆ باسکردوون کە خەتەنەکردنی مێیینەی قەدەغە کردووە".

### لە 4 بۆ 8 ساڵیدا خەتەنەکراون

لەو رووپێوەدا، وەکو کوردستان رەسوڵ باسی دەکات "ئەو ئافرەتانەی قسەیان لەگەڵ کراوە، لە تەمەنی 4 تاوەکوو 8 ساڵیدا خەتەنە کراون کە بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستی، منداڵ لەو تەمەنەدا 90% بۆ 95%ـی پێکهاتەکانی جەستەی دادەمەزرێت. ئەوانیش لەو تەمەنەدا بە مووس لەژێر ترسێکی زۆردا خەتەنەکراون، بۆیە هەموویان لە ترسێکی بەردەوامدان و تەنانەت لە ناوی خەتەنە دەسڵەمێنەوە و دەتۆقێن، چونکە کاریگەریی دەروونی زۆر زۆری لەسەریان هەبووە".

### خەتەنە هۆکارە بۆ جیابوونەوە

رێکخەری پرۆژەکانی رێکخراوی ئەلەند لە هەولێر پێیوایە هۆکاری زۆربوونی جیابوونەوەی هاوژینەکان بەشێکی پەیوەندی بە خەتەنەکردنی مێیینەوە هەیە و دەڵێت: "بەشێکی زۆری هۆکاری جیابوونەوە بۆ خەتەنەکردنی ژنان دەگەڕێتەوە، چونکە خەتەنەکردن توانای سێکسی ئافرەت لاواز دەکات".

دەشڵێت "ئەگەرچی ئامارێکی فەرمیم لەلا نییە، بەڵام ئەو کەیسانەی بینیومە، نزیکەی 70%ی هۆکارەکەی خەتەنەکردنی کچانە".

### عەرەب وازی لێهێنا و کورد بەردەوامە

بە گوتەی کوردستان رەسوڵ، بەشێکی زۆری پیاوان لە کەرکووک و مەخموور و شوێنەکانی دیکە، ژنی دووەم دەهێنن کە زۆربەیان عەرەبن. کوردستان لەو پیاوانەی پرسیوە: ئایا هاوژینەکەی خۆت کێشەی ماڵداری و خراپیی هەڵسوکەوتی هەیە؟ دەڵێن نا، هۆکاری دیکە هەیە کە ناتوانین بیڵێین، مەبەستیان کێشەی ساردوسڕیی سێکسە. کوردستان دەڵێت "بۆیە پەنا دەبەنە بەر هێنانی ژنی عەرەب، چونکە عەرەب خەتەنە ناکرێن و وازیان لێهێناوە، بەڵام کورد بەردەوامە لەسەری، لەکاتێکدا سەرەتا عەرەب خەتەنەکردنی کچانی هێنایە ناو کوردەوە، تەنانەت لە 49 وڵاتی ئیسلامی بە سعودیەشەوە خەتەنەکردنی کچان نییە".

> قەناعەتمان بە 35 مامان هێناوە واز لە خەتەنەکردن بێنن
>
> رێکخەری پرۆژەکانی رێکخراوی ئەلەند

سەبارەت بەو کەسانەی لە پشت خەتەنەکردنی کچانەوەن، کوردستان دەڵێت: "بڕیاری خەتەنەکردنی کچەکان بەشێکی کەمی لەلایەن پیاوانەوە دەدرێت، زۆربەیان بە بڕیاری ژنە بەتەمەنەکان و دایکی کچەکان خەتەنە دەکرێن کە هەندێکیان بەهۆکاری ئایینی و هەندێکیشیان لەبەر نەریت دەیکەن. هەندێکیان دەڵێن ئەگەر کچەکانیان خەتەنە نەکرێن ئارەزووباز دەردەچن، لە داهاتوودا ئابڕووی خێزانەکانیان دەبەن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە ئەسڵی نییە".

کوردستان دەڵێت ئافرەت هەبووە دوو جار خەتەنەکراوە "چونکە مامانەکە بەسەقەتی خەتەنەی کردووە. دوایی کێشەی تەندوستی بۆ دروست بووە و تووشی نەخۆشی لە رەحم یان نەزۆکی بووە، بۆیە هاوژینەکەی ژنی بەسەرهێناوە، یان لێی جیابووەتەوە".

### خەتەنەکردنی کچان بەردەوامە

سەرەڕای دانانی سزا بۆ خەتەنەکاران و ئەوانەی هاندەری خەتەنەکردنی کچانن، بەڵام هێشتا خەتەنەی کچان بەردەوامە. کوردستان گوتی "ئەگەرچی بەیاسا خەتەنەکردن قەدەغەکراوە، بەڵام هێشتا خەتەنەکردنی کچان هەر هەیە. لە چەند گوندێک هەر ماوە کە من بەدواداچوونی بۆ دەکەم، تەنانەت نزیکەی مانگێک لەمەوبەر خەتەنەی کچان لە چەند گوندێک کراوە".

### مامانێک 4000 کچی خەتەنە کردووە

خەتەنەکردنی کچان لەلایەن مامانەکانەوە دەکرێ، بە تایبەتی ئەو مامانانەی بەشێوەی ئەکادیمی نەیانخوێندووە، بۆیە کچانی خەتەنەکراو هەمیشە مەترسیی لەسەر ژیانیان هەیە.

کوردستان رەسوڵ دەڵێت لە ماوەی ئەو پێنج مانگەدا قسەیان لەگەڵ چەندین مامان کردووە و ئەو ژمارانەی لەبارەی خەتەنەوە لەو مامانانەیان بیستووە تووشی سەرسوڕمانی کردوون.

لەوبارەوە دەڵێت: "ئەو مامانانەی قسەم لەگەڵ کردوون، سەدان و هەزاران منداڵیان خەتەنە کردووە، یەکێک لەوانە 700 منداڵ و یەکێکی دیکە 3000 و مامانێکیش گوتی تاوەکوو ئێستا 4000 کچم خەتەنە کردووە".

### مامانەکان واز دەهێنن

ئامانجی سەرەکیی پرۆژەکە وەک کوردستان باسی کرد، هۆشیارکردنەوەی مامانەکان بووە، تاوەکوو دەستبەرداری خەتەنەکردنی کچان ببن. ئەو پێیوایە هەوڵەکانیان ئەنجامی باشی هەبووە.

"لەماوەی ئەو پێنج مانگەدا توانیمان قەناعەت بە 35 مامان بهێنین کە دەستبەرداری خەتەنەکردن ببن، بەڵام مامانیش هەیە وازی نەهێناوە، بۆیە منیش وازم لێنەهێناوە و چەند جارێک چوومەتەوە لای و مەترسییەکانم بۆ روونکردووەتەوە، یان مامۆستای ئاینیم بردووەتە لای تاوەکوو بۆی روون بکاتەوە کە خەتەنەکردنی کچان هەڵەیە و لە ئایینی ئیسلامدا نییە، ئینجا وازیان هێناوە، بەشێکیشیان لە ترسی یاسا وازیان لە کاری مامانی هێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی رێژەی خەتەنەکردن زۆر کەم ببێتەوە، بەڵام بنەبڕ نەکراوە و هەر هەیە".

بە گوتەی کوردستان رەسوڵ، ئەگەرچی جاران بەئاشکرا و تەنانەت بەبەرچاوی خەڵکیشەوە لەسەر کانی و بن دار و ناو رووبارەکان کچان خەتەنە دەکران، بەڵام ئێستا مامانەکان بە نهێنی و بەبڕی 5 هەزار دینار خەتەنەی کچان دەکەن.



سەرەڕای قەدەغەکردنی بە یاسا، هەر لەم مانگەدا لە چەند گوندێک کچان خەتەنە کراون

### سزای خەتەنەکار چییە؟

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2011دا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی دەرکرد. بەپێی ماددەی دووی ئەو یاسایە. خەتەنەکردنی مێیینە بە توندوتیژی هەژمار کراوە. سزاکەشی لە ماددە شەشی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە کە دەڵێت:

یەکەم: هەر کەسێک هانی خەتەنەکردنی مێیینە بدات. سزا دەدرێت بە غەرامەکردن کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

دووەم: هەر کەسێک مێیینەیەک خەتەنە بکات. یان بەشداری تێدا بکات. سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ. هەروەها غەرامەش دەکرێ بە بڕە پارەیەک لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

سێیەم: هەر کەسێک خەتەنەی مێیینەی ناکامی کرد. سزا دەدرێت بە بەندکردن لە یەک ساڵ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ. هەروەها غەرامەش دەکرێ بە بڕە پارەیەک لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە 10 ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

چوارەم: باری تاوانبار قورستر دەبێ ئەگەر بکەرەکە پزیشک بوو. یان دەرمانساز بوو. یان کیمیایی بوو. یان مامان بوو. یان یاریدەدەرەکانیان بوون. هەروەها بۆ ماوەی سێ ساڵ لە پیشەکەی دووردەخرێتەوە.

## گەنجێک لەنێو ماڵەکەیدا دەکوژرێ



**ڕووداو — سۆران**

ڕۆژی 2017/8/11 لە نێو شارۆچکەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆران تەقە لە ژن و پیاوێکی گەنج کرا، بەو هۆیەوە پیاوەکە کوژرا و ژنەکەش برینداربوو.
نەقیب هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە شارۆچکەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆران، تەقە لە ژن و پیاوێک دەکرا بەهۆیەوە پیاوەکە دەکوژرا و ژنەکەش بریندار بوو". ئەو گەنجە خێزانداربووە، تەمەنی 19 ساڵ بووە، ناوی (م.ز.ع)ە بەگوتەی کەسوکارەکەی "کاژێر 3:00ـی بەرەبەیان لە ماڵەکەی خۆیدا چەند گوللەیەکی لێدراوە و کوژراوە. پۆلیس دەڵێت "تۆمەتبارەکان رایانکردووە و تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون".

## کچەکەیشیان لەگەڵ خۆیان بردووە و هەڵاتوون

# ژنەکەی و برازاکەی خیانەتی لێ دەکەن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو — هەولێر**



ئەحمەد پاش ئەوەی هەست بە ناپاکیی هاوژین و برازاکەی دەکات، لە نانەواخانەکەی، کاژێر پێنجی بەرەبەیان دەستە حەبێکی سەرئێشە دەخوات و بێهۆش دەبێت، بەڵام یەکێک لە شاگردەکانی بەپەلە دەیگەیەنێتە نەخۆشخانە و لە مردن ڕزگاری دەکات.

ئەحمەد 39 ساڵ، خەڵکی شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای سلێمانییە. ماوەی پێنج ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵ (س.م)ی تەمەن 36 ساڵان کردووە کە پوورزای خۆیەتی، بەگوتەی خۆی لەگەڵ (س) بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردووە و خاوەنی کچێکی تەمەن سێ ساڵانن.

ئەحمەد خاوەنی نانەواخانەیەکە، شەوانە کاژێر دووی نیوەشەو تاوەکو کاژێر 10ی سەرلەبەیانی کاری تێدا دەکات. برازاکەی ئەحمەد بەناوی (ف.ح) کە قوتابیی زانکۆیە، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵی ئەحمەد نیشتەجێ بوو. ئەحمەد متمانەیەکی تەواوی بە برازاکەی هەبوو، خەمی هاوژین و کچەکەی نەبوو کاتێک دەچووە سەر کار، بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێ کە ژنەکەی و برازاکەی خیانەتی لێدەکەن.

ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت "شەوێکیان چووم بۆ نانەواخانە، دوای هەویر شێلان، بیرم کەوتەوە مۆبایلەکەم لە ماڵەوە بیرچووە، نزیکەی کاژێر 4ـی بەرەبەیان گەڕامەوە ماڵەوە. بۆ ئەوەی منداڵەکەم و ژنەکەم خەبەریان نەبێتەوە بە هێواشی دەرگاکەم کردەوە، بەڵام (س) لەسەر جێگاکەی نەبوو".

ئەحمەد یەکسەر بۆ گەرماوی ماڵەکەیان دەچێ، بەڵام لەوێش نەبوو. دەڵێ "لەوکاتەدا گومانم بۆ هەموو شتێک چوو، بەڵام گومانی ئەوەم نەکرد لە نهۆمی سەرەوە بێت".

ئەحمەد گومان دەکات کە (ف) نەخۆش بێ و بانگی ئامۆژنی کردبێ، بۆیە دەچێتە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەی.

ئەحمەد گوتی "کاتێک دەرگای ژووری نووستنی (ف)م کردەوە، بینیم ئەویش لەسەر جێگاکەی نەبوو، دەنگێک لە گەرماوەکەوە هات، پێکەنینی هاوژینەکەم بوو، ئەژنۆم شکا، بەرەو چێشتخانەکە چووم تا چەقۆ هەڵبگرم، بەڵام نەمتوانی، برازاکەم کوڕی برا گەورەکەم بوو کە لە شەڕی دژی داعشدا شەهید ببوو، دڵم نەهات براژنەکەم بۆ دووجار بە مەرگی ئازیزانی شاد بکەم".

ئەحمەد یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ نانەواخانەکە و دەڵێت "نەمدەویست بژیم و جارێکی دیکە هاوژین و برازاکەم ببینمەوە، بۆیە هەوڵی خۆکوشتنم دا. لە ژووری هەویرشێلانەکە کەسی لێ نەبوو، بە شاگردەکانم گوت هەستدەکەم نەخۆشم، پشووێک دەدەم، کە چوومە ژوورەوە دەستە حەبێکم خوارد، وابزانم نۆ دانە حەبی تێدابوو، دوای چارەگێک هۆشم نەما، کاتێک هۆشم هاتەوە بینیم لە نەخۆشخانەم".

### گەدەیان شووشت و لە مەردن ڕزگاریان کرد

کامەران کە شاگردی ئەحمەدە و وەستاکەی لە مردن ڕزگار کردووە بە (ڕووداو)ی گوت: "وەستام دوای گەڕانەوەی بۆ نانەواخانەکە ڕەنگی وەک پەڕۆی زەردی لێهاتبوو، بەلادا دەکەوت، زۆر پرسیارمان لێکرد کە چی بەسەر هاتووە؟ بەڵام ئەو تەنیا گوتی ماندووم و دەمەوێت پشوو بدەم، دوای چەند خولەکێک لە ڕۆیشتنی بۆ ژووری هەویرشێلانەکە، چوومە ژوورەکە، بینیم کەوتبوو، وامزانی خەوتووە، بۆیە ویستم بێمە دەرەوە تا خەبەری نەبێتەوە، بەڵام دەستە حەبێکی بەتاڵم لە تەنیشتی بینی، بەوە زۆر ترسام و بانگی شاگردەکانم کرد، دواتر بردمان بۆ نەخۆشخانە، لەوێش ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانیان کرد و گەدەیان بۆ شووشت".

ئەو شاگردە پەیوەندی بە (س) دەکات بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە کە ئەحمەد ڕووداوێکی وای بەسەر هاتووە "پەیوەندیم بە هاوژینی وەستاکەمەوە کرد تاوەکوو ئاگاداری بکەمەوە لە بارودۆخی مێردەکەی و پێمگوت دوای ئەوەی هاتەوە بۆ ماڵ بارودۆخی تێکچوو و هێناومانەتە نەخۆشخانە، بەڵام (س) بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، مۆبایلەکەی داخست".

ئەحمەد دوای دوو دەرچوونی لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام هاوژین و کچەکەی و برازاکەی هەڵاتبوون.

### داوای پشکنینی DNA بۆ کچەکەی دەکات

لەو ڕۆژەوە ئەحمەد سۆراخیان دەکات، دەڵێت "دوای وەرگرتنی زانیاری بۆم دەرکەوت بەرەو تورکیا هەڵاتوون، من نامەوێت بگەڕێنەوە، تەنیا داوای کچەکەم دەکەم بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکەم و بزانم کچی منە یان هی برازاکەم، ئەگەر منداڵی من بێت، دەیگەڕێنمەوە لای خۆم، ئەگەرنا ئەویش دەدەم بە هاوژین و برازاکەم".

(ز.ح) کە برای (ف) و برازای ئەحمەدە لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر مامیشم لە براکەم خۆشبێت، ئێمە لێی خۆشنابین، چونکە دوای شەهیدبوونی باوکم، مامم هەمووکات یارمەتی ئێمە و براکەشمی دەدا، ماوەی سێ ساڵە هاوین و زستان براکەم لەلای ئەوان دەژیا، دوکانی بۆ بەکرێ گرتبوو و کاری کۆمپیتەری دەکرد، هەموو کات وەک کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد".

بەگوتەی (ز.ح) دوای ئەو ڕووداوە و هەڵاتنیان "براکەم پەیوەندی بە دایکمەوە کردووە و داوای لێکردووە ئاڵتوونەکانی بۆ بفرۆشێت و پێیگوتووە من و ئامۆژنم دەمێکە پەیوەندیمان هەیە و دەیانەوێت بەرەو هەندەران ڕابکەن، بەڵام دایکم حاشای لێکردووە".



مۆقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## هاوژینەکەی بێ بەڵێن دەرچوو

تاوەکو قەناعەتی پێ هێنا شووی پێ بکات، بەرد شەقی برد، بەڵام دواتر لێی کەوتە بیانوو بۆ ئەوەی دەستبەرداری جگەرگۆشەکەی ببێ، بەڵام ئافرەتەکە لە نێوان هاوژین و منداڵەکەیدا، ئەوەی دووەمی هەڵبژارد و لێی جیابووەوە. ئەوە چیرۆکی ئەم هەفتەیەی گۆشەکەمانە کە باس لە ژنێک دەکات هاوژینەکەی زۆری لێکردووە دەستبەرداری منداڵەکەی ببێ، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە.

ئەو ئافرەتە ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی کردین و بەسەرهاتی خۆی بەو جۆرە گێڕایەوە: "کچێکی جوان و جاحێڵ بووم، خوازبێنیم زۆر بوو، دواتر شووم کرد، سەرەتای ژیانمان بێ کێشە بوو، منداڵێکمان هێنایە سەر دونیا، بەڵام دواتر وردە کێشە لە نێوانمان دروستبوو، کێشەکان گەورە بوون تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی جیاببینەوە. بەو مەرجە جیابوومەوە منداڵەکە لەلای خۆم بێت، هاوژینەکەشم ڕازی بوو. دەستی منداڵەکەم گرت و هاتمەوە ماڵی باوکم. کە خەڵک زانییان تەڵاقدراوم، چەند کەسێک هاتنە خوازبێنیم، بەڵام مەرجی من بۆ شووکردنەوە ئەوە بوو کە دەبێ منداڵەکەم لەگەڵ خۆم بێ، یەکێک لەوانەی هاتە خوازبێنیم، بەو مەرجە ڕازی بوو. منیش بەڵێننامەیەکم پێ پڕکردەوە کە منداڵەکەشم لەگەڵم دەبێت و بەخێویشی بکات، ئەویش واژۆی لەسەر کرد".

ئافرەتەکە درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا و گوتی "ماوەیەک لەگەڵ ئەویش بێ کێشە تێمپەڕاند، بەڵام زۆری نەبرد ئەویش کەوتە بیانووگرتن، لە هەمووشی نامەعقولتر ئەوە بوو کە دەیگوت دەبێ ئەو منداڵە ببەیتە لای باوکی، من ئامادە نیم منداڵی خەڵک بەخێو بکەم. منیش سووربووم لەسەر ئەوەی منداڵەکە لەلای خۆم بمێنێتەوە. ئیدی لەسەر ئەو منداڵە بەردەوام شەڕمان بوو. پێمگوت تۆ کاتی خۆی بەڵێنت پێدام کە ئەو منداڵە لەلای من بێ، خێرە ئێستا پەشیمان بوویتەوە، تۆ ئەگەر منداڵی منت ناوێت، منیش منداڵی تۆم ناوێ، ئەویش پێیگوتم بڕۆ بۆ خۆت داوای تەڵاق بکە، دیارە ئەو پیاوە لە من بێزار بووبوو، بۆیە منداڵەکەی کردبوو بە بیانوو".

لەسەر داوای ئافرەتەکە بەدوای پیاوەکەماندا نارد بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بکەین و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەین. لێمان پرسی بۆچی پێشتر بەڵێنت بەو ئافرەتە داوە کە منداڵەکەی بۆ بەخێو بکەی و ئێستا پەشیمان بوویتەوە. پیاوەکە نکۆڵی لەوە نەکرد کە بەڵێننامەیەکی لەو شێوەیە لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئێستا حەز ناکات ئەو منداڵە لەلای ئەو بمێنێتەوە و دەیەوێ بگەڕێتەوە لای باوکی خۆی، ئافرەتەکەش پێیدەڵێت ئەگەر ئەو منداڵە بگەڕێتەوە لای باوکی من لەلای تۆ دانانیشم، بۆیە منیش پێمگوتووە دەتوانی داوای تەڵاق بکەی.

بە پیاوەکە ڕاگەیەنرا کە ئەگەر ئەو ژنە داوای تەڵاق بکات هەموو مافێکی دەکەوێ، چونکە تۆ ئەو بەڵێننامەیەت پێشێل کردووە کە لە نێوانتان هەبووە. پیاوەکە ئامادەیی خۆی نیشاندا کە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن، بەڵام ژنە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی ئیدی ژیانی لەگەڵ ئەو پیاوە زۆر زەحمەتە.

ناچار بووین چارەسەرە یاساییەکەیان بۆ پێشنیاز بکەین. بە ژنەکەمان گوت دەتوانی سەردانی دادگای باری کەسی بکەیت و سکاڵایەک بۆ جیابوونەوە لە هاوژینەکەت تۆمار بکەی. ئەو بەڵێننامەیەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی داوای مافی خۆت لە هاوژینەکەت بکەی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا، لەو دۆسیەیەدا یاسا پشتگیریی ژنەکە دەکات. چونکە لە مادە 57ی یاسای باری کەسی ساڵی 1959دا هاتووە "ئەگەر مێردی دایک بەڵێنێکی نووسراوی دا بۆ بەخێوکردنی منداڵی دایکەکە و پابەند نەبوو بە بەڵێنەکە، ئەوە دایکەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بەهۆی دووری لە منداڵەکانی، خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– ژاراوە**



مەعسومە چیدی نەیتوانی بەرگەی دووریی ئەو سێ منداڵە بگرێ کە ساڵانێک شەونخونی بەدیاریانەوە کێشابوو. دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، لە ماڵی دایکیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەوەتەی بەرهەمی زەوییە کشتوکاڵییەکەیان پێگەیشتبوو، مەعسومە زۆربەی بەیانیان لەگەڵ دایک و باوکی دەچووە نێو زەوییەکەیان بۆ ڕنینی بامیە، بەڵام ئەو ڕۆژە ڕوخسەت لە دایک و باوکی وەردەگرێ و لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. دواتر دایک و باوکی بەسەر مەرگی کچەکەیاندا دێنەوە.

(مەعسومە.م.ئا) دانیشتووی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر بوو. ئەو ژنە کە دایکی سێ منداڵ بوو، نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/8/12 لە ماڵی باوکی بە پەتێک خۆی خنکاند. پۆلیس دەڵێت مەعسومە بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە خۆی خنکاندووە.

دلاوەر کە زڕبرای مەسومەیە، دەڵێت مەعسومە ساڵێک لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، هۆکاری جیابوونەوەکەشی ئەوە بووە کە هاوژینی پێشووی ژنی بەسەرهێنابوو. بۆیە مەعسومە بڕیار دەدات جیاببێتەوە.

دلاوەر دەڵێت مەعسومە باوکی لە ژیاندا نەماوە، دایکیشی شووی بە باوکی ئەو کردووەتەوە، بۆیە دوای جیابوونەوەی گەڕاوەتەوە لای دایکی و زڕباوکی.

دلاوەر باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە مەعسومە خۆی خنکاندووە و دەڵێت "مەعسومە زۆربەی بەیانیان لەگەڵ دایک و باوکم دەچوو بۆ بامیە لێکردنەوە، لە ڕۆژی ڕووداوەکە پێیگوتبوون ئەمڕۆ ناتوانێ لەگەڵیان بچێ و خەریکی چێشتلێنان و ماڵ پاککردنەوە دەبێ".

باوک و دایکی مەعسومە چاوەڕێ بوون کە نیوەڕۆ نانێکی گەرمی دەستی کچەکەیان بخۆن، بەڵام بەسەر مەرگی کچەکەیاندا هاتنەوە. دلاوەر دەڵێت "دایکم و باوکم کە گەڕابوونەوە دەرگا داخرابوو، لە دەرگایان دابوو کەس دەرگای نەکردبووەوە، تەلەفۆنیان بۆ مەعسومە کردبوو، وەڵامی نەدابووەوە. دواتر باوکم بەسەر دیواری ماڵی براکەمدا کە لە تەنیشت ماڵیانە، چووبووە سەربان و لە هەورەبانەوە چووبووە خوارەوە. بەڵام دەرگای ژوورەکان داخرابوون، دواتر بە دەرنافیز دەرگاکانیان کردبووەوە، بینیبوویان مەعسومە لە ژوورێکدا خۆی هەڵواسیوە".

دلاوەر کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لە قەڵادزێ بووە بە تەلەفۆن لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە، سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی مەعسومە، دەڵێت "هەموومان بەو ڕووداوە شۆک بووین، چونکە مەعسومە هیچ کێشەی نەبوو، نەخۆشیش نەبوو، تاکە شت کە گومانی بۆ ببەین بەو هۆیەوە خۆی خنکاندبێ، منداڵەکانیەتی، ئەو زۆر بیری سێ منداڵەکەی دەکرد، هەر کاتێک منداڵێکی لە دەرەوە ببینیایە دەستی بە گریان دەکرد، زۆرجار منداڵەکەی دەگرت و توند توند لە باوەشی خۆی دەگرت. زۆرجار بۆ منداڵەکانی دەگریا، بە جۆرێک هەندێکجار لە هۆش خۆی دەچوو".

بە گوتەی دلاوەر، مەعسومە لە کاتی جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی داوای کردبوو منداڵەکان لەلای خۆی بن، بەڵام هاوژینەکەی داواکارییەکەی ڕەتکردبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی پێدەدا جاروبار چاوی بە منداڵەکان بکەوێ.

عوسمان محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو ئافرەتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی شەممەی ڕابردوو تەرمی ئەو ژنەیان هێنایە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەکەمان، لە ئەنجامی پشکنین بۆمان دەرکەوت کە بە پەت خۆی خنکاندووە. ئێمە لە لای خۆمان توێکاریمان بۆ تەرمەکە کرد دواتر تەرمەکەمان ڕادەستی کەسوکارەکەی کردەوە.

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش عوسمان محەممەد گوتی "کەسوکارەکەی لەلای ئێمە گوتیان کێشەی لەگەڵ هاوژینی پێشووی هەبووە و لێی جیابووەتەوە. ئەوان سێ منداڵیان هەبووە، منداڵەکان لەلای باوکیان بوون، ئەو ژنەکەش بەرگەی دووری منداڵەکانی نەگرتووە، بۆیە خۆی خنکاندووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 17 ژن بە ڕووداوی جیاجیای وەکو سووتان، خۆسووتاندن، خۆکوشتن و خۆخنکاندن لە پشدەر و بیتوێن گیانیان لە دەستداوە.

مولازم ڕێبوار ئەسعەد بەرپرسی ڕاگەیاندنی نووسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "پۆلیس هەر دوای ڕووداوەکە گەیشتە ماڵی ئەو ژنە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوتووە ئەو ژنە خۆی خنکاندووە، بۆیە پۆلیس کەسی لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکردووە، کەسوکاریشی سکاڵایان لەسەر کەس نەبووە".

بەپێی ئەو ئەنجامانەی پۆلیس لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەستی کەوتووە، وەک مولازم ڕێبوار ئاماژەی پێدا "ئەو ژنە بەهۆی کێشەیەک ساڵێک لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە و لەگەڵ دایکوباوکی ژیاوە. هەر ئەو جیابوونەوەیە بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی منداڵی هەبووە و لێیان دووربووە، کاریگەری زۆری لەسەر هەبووە و بەو هۆیەوە خۆی خنکاندووە".

هێشتا قەرز دەکات

# عێراق 120 ملیار دۆلار قەرزدارە


عێراق بە یەکێک لە وڵاتە گەندەڵەکان دادەنرێت و بەپێی پێنوێنی گەندەڵی، لە پلەی 161ـەمین وڵات دێت لە کۆی 168 وڵات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

عێراقی دوای داعش بیر لەوە دەکاتەوە ناوچە وێرانبووەکانی ئاوەدان بکاتەوە و هەزاران خێزانی ئاوارە بگێڕێتەوە بۆ شوێنی ژیانیان. وڵاتێک کە هیوا لەسەر قەرزی زەبەلاح هەڵدەچنێ، رەنگە بتوانێ شارەکان بونیاد بنێتەوە، بەڵام دواجار کەڵەکەبوونی قەرز بە خراپی تێکیدەشکێنێتەوە.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێ "سەرقاڵی توێژینەوەیەکی وردە لەسەر قەرزەکانی عێراق و چارەنووسی وڵاتەکە بەهۆی قەرزاربوونێکی مەترسیدارەوە".

ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ کۆی قەرزەکانی عێراق تاوەکو ئێستا "گەیشتووەتە 111 ملیار و 725 ملیۆن دۆلار، بەڵام کێشە ئەوەیە کە هێشتا عێراق لە هەوڵی وەرگرتنی قەرزی دیکەدایە بۆ ئەوەی بتوانێ خەرجییەکانی شەڕ و مووچەی فەرمانبەرانی هەڵبسوڕێنێ".

هێشتا بەرپرسانی بەغدا چاویان لەوەیە بانکی نێودەوڵەتی دەرفەتی دیکە بداتە ئەو وڵاتە و گوژمەیەک پارەی دیکە بەقەرز وەربگرێ. لە هەمانکاتدا چاوەڕێن ژاپۆن 150 ملیۆن دۆلار بداتە عێراق، بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی ئاو و کارەبای پێ جێبەجێ بکەن.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، هەروەها باس لەوە دەکات کە عێراق پێش پرۆسەی ئازادیش قەرزی کردووە و 41 ملیار دۆلاری وڵاتانی کەنداوی لەلا بووە، بەڵام دەڵێت "قەرزە زۆرەکەی عێراق لە دوای ساڵی 2014ەوە کراوە، ئەوکات حکومەتی بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستانیشی بڕیبوو".

گوتیشی: "51 ملیار دۆلاری دیکە لە نادی پاریس وەرگیرابوو، بەڵام نزیکەی 5 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار لەو قەرزە ماوە و ئەوی دیکەی دراوەتەوە".

عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و سامانی دیکەی سروشتی، بەڵام لەو رۆژەوەی دروستکراوە زۆر کەم سەقامگیریی بەخۆیەوە بینیوە. بەهۆی ئەوەشەوە هەمیشە داهاتە زۆرەکەی بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی بەکارهێناوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام وێرانەی دوای جەنگەکانی ئاوەدانکردووەتەوە. هەرچەندە بەرپرسانی عێراق دوای رووخاندنی سەددام مزگێنیی بونیادنانەوەی عێراقیان دا، بەڵام پێشتر لێکۆڵەری گشتیی ئەمریکی بۆ کاروباری بونیاتنانەوەی عێراق رایگەیاندبوو کە لەسەردەمی مالکیدا 6.6 ملیار دۆلاری عێراق بەهەدەر چووە و عێراق هیچ سوودێکی لە سندووقی گەشەپێدان نەبینیوە بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی.

بەپێی قسەی ئەردەڵان نورەدەین، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بێت، لایەنی ئەرێنیش هەیە لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە لە ساڵی 2014 دا، چونکە هەرێمی کوردستان دەبێ شان بداتە بەر دانەوەی ملیاران دۆلار کە بەغدا قەرزی کردووە "ئەو قەرزانەی بەغدا تاوەکو پێش 2014 کردوونی، دەبێ هەرێمی کوردستان بەشداریی لە بژاردنەوەیدا بکات ئەگەر سەربەخۆییش رابگەیێنێ، چونکە تاوەکو پێش ئەو ساڵە 17%ی بودجەی عێراقی وەرگرتووە".

عێراق بە یەکێک لە وڵاتە گەندەڵەکان دادەنرێت و بەپێی پێنوێنی گەندەڵی، لە پلەی 161ـەمین وڵات دێت لە کۆی 168 وڵات، زۆربوونی گەندەڵی بووەتە هۆکاری بەهەدەردانی سامانی عێراق، سوود وەرنەگرتن لە سامان بەمەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان.

بەپێی ئامارەکانی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، کۆی گشتیی بەرهەمی ناوخۆی عێراق 174 ملیار دۆلارە. رێژەی قەرزەکان لە کۆی بەرهەمی ناوخۆ 61%ـە، پێشبینی دەکرێت تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ قەرزەکانی عێراق بۆ 120 ملیار دۆلار زیاد بکات و لە ساڵی 2018 دا بگاتە 132 ملیار دۆلار.

هەیسەم جبووری، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند "قەرزە دەرەکییەکانی عێراق 67%ی کۆی گشتی قەرزەکانی پێکهێناوە، 33%ی قەرزەکانیش ناوخۆیین". بەڵام ئەحمەدی حاجی رەشید دەڵێت قەرزەکانی عێراق 111 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە "68 ملیار دۆلاری قەرزی دەرەکییە و 43 ملیار دۆلاریشی هی بانکە نێوخۆییەکانە کە حکومەت لێی وەرگرتوون".

بەڵام کە ئەوە دۆخی ئابووریی عێراقە، وڵاتان چۆن هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی قەرزی دیکە بخەنە سەر خەرمانەی قەرزەکانی؟ ئەحمەد حاجی رەشید، هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە دەیانەوێ جگە لە وەرگرتنی نەوت بە نرخێکی هەرزانتر، کۆمپانیاکانیشیان دەستیان لە پرۆژە و ئاواکردنەوەی ناوچە وێرانبووەکانی عێراق گیربێ.

بەهۆی ناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە لەساڵی 2003 تا 2014، هەرێمی کوردستان 40 ملیار دۆلاری لە قەرزەکانی عێراق بەردەکەوێت، بەڵام وەک ئەردەڵان نورەدین گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار نییە بچێتە ژێرباری بژاردنەوەی یەک دیناری قەرز کە لەدوای ساڵی 2014 کرابێ".

ئەو پەرلەمانتارە کوردە هەروەها دەڵێ: "دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەو وڵاتانە بکاتەوە کە قەرز دەدەنە عێراق، ئەو ناچێتە ژێرباری بژاردنەوەی قەرز، چونکە هیچی وەرنەگرتووە".

> ئەگەر کوردستان سەربەخۆییش رابگەیێنێ دەبێ بەشداری لە دانەوەی قەرزەکانی عێراق بکات
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

> عێراق 67 ملیار دۆلاری دەرەوە قەرزدارە
>
> پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ

**قەرزەکانی عێراق**

| | | |
|---|---|---|
| پێش 2003: | 41 | ملیار دۆلار |
| ساڵی 2016: | 111 | ملیار دۆلار |
| ساڵی 2017: دەگاتە | 122 | ملیار دۆلار |
| ساڵی 2018: دەگاتە | 134 | ملیار دۆلار |
| قەرزی دەرەکی: | 68 | ملیار دۆلار |
| قەرزی ناوخۆیی: | 43 | ملیار دۆلار |



رۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی بێت نەهرێن

# بارزانی رازی بووە دەشتی نەینەوا ببێتە پارێزگا



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- هەولێر**

چەند خولەکێکی کەم بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای گشتپرسی هاتبووە دەرەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی ئەوەیان کردبوو کە کەی و چۆن بچنە بەغدا بۆ دانوستاندن لەبارەی گشتپرسی. ئەو لەو بەرپرسە سیاسییە مەسیحییانەی باشووری کوردستانە کە ئومێد لەسەر داهاتووی ژیان لەگەڵ بەغدا هەڵناچنێ، بەڵام پێشیوایە دەبێ دەستکەوتی سیاسیی مەسیحی و کلدۆئاشوورییەکانی باشووری کوردستان، گرێدراوی دەستکەوتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بێ.

## 200 هەزار ئاوارەی مەسیحی

مەسیحییەکان بە عێراق و کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، بەشێکی زۆریان لە دەشتی نەینەوا نیشتەجێن، بۆیە شەڕی داعش کە سەرەتاکەی لە مووسڵ و دواتریش دەشتی نەینەوا بوو، گورزی کاریگەری لە مەسیحییەکان دا.

رۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتی پارتی بەیت نەهرێن، دەڵێ هێشتا بە دەیان کچ و کوڕ و ژن و پیاوی مەسیحی لە بندەستی داعش بە دیلێتی ماون "نازانین بۆ رەققەیان بردوون یان لە عێراق ماونەتەوە". هەروەها دەڵێت: "بەهۆی شەڕی داعشەوە وێڕای دەربەدەربوونی زۆرتر لە 200 هەزار مەسیحی، 85%ی مەسیحییەکان لە هەولێر و دهۆک لە کامپی ئاوارەکاندان".

## سەقفی داواکارییەکانیان بەرزدەکەنەوە

لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991ەوە، باشووری کوردستان هێندەی ئێستا رووداوی سیاسی و گەرمی بەخۆوە نەبینیوە. لەلایەک ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە 25 ئەیلولی داهاتوو، لەلایەک ئەو کێشە سیاسییە نێوخۆییانەی سەریان کێشا بۆ پەکخستنی پەرلەمان و لەلایەکی دیکەش شەڕی داعش و قەیرانی دارایی کە مەیلی بەشێک لە خەڵکیان بەلای خەونە مەزنەکانی دەوڵەت و گشتپرسیشەوە نەهێشتووە. زۆربەی مەسیحییەکان دەکەونە دەشتی نەینەوا، کە ئەمڕۆ پێیاندەگوترێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوانیش پێیانوایە چارەنووسیان لەسەر رێگای چارەنووسی سیاسی باشووری کوردستانە.

رۆمیۆ هەکاری، نوێنەرایەتی مەسیحییەکان دەکات لەو لیژنەیەی بۆ گشتپرسی پێکهێنراوە. پێیوایە زۆربەی مەسیحییەکان لەگەڵ ئەوەن بەیەکگرتوویی بڕۆنە نێو پرسە چارەنووسسازەکان، لەسەرەتاوە چەند پێشنیارێکیان هەبووە بۆ ئەوەی بەشداریی لە گشتپرسی بکەن "مافەکانمان روون بێ و دیاری بکرێ، هەروەک چۆن لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان و دەشتی نەینەوا پەسەند کراوە. بارزانی و لایەنە سیاسییەکانیش لەگەڵ ئەو داوایانەی ئێمەن و پشتیوانی لێدەکەن".

گوتیشی: "ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ گشتپرسی بەسەرکەوتووی ئەنجام بدات و ببێتە دەوڵەت، ئەوکات ئێمەش داواکارییەکانمان زیاتر دەکەین و داوای هەرێمی دەشتی نەینەوا دەکەین".

دەشتی نەینەوا، لە ناوچەکانی ئەلقوش و باشیک و تەلسقۆف و باتنایە و تلکێف و قەرەقووش و چەند گوندێکی دیکە پێکدێ. دانیشتووانەکەی لە مەسیحی و کوردی ئێزدی و شەبەک پێکدێن. لەدوای داعشەوە بەجۆرێک دابەشبووە کە 60%ی ئەو ناوچانە ئێستا لەدەستی سوپای عێراق و حەشدی شەعبین و 40%ی بەدەست پێشمەرگە و هێزە مەسیحییەکانەوەیە. رۆمیۆ هەکاری دەڵێ راستە دەشتی نەینەوا لەدەست داعش رزگار کراوە "بەڵام هێشتا لە حاڵەتی شەڕدایە"، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ حەشدی شەعبی و ناکۆکییە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتووی ناوچەکە "دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەشتی نەینەوا جێبهێڵن و رۆڵەکانی دەشتی نەینەوا خۆیان بپارێزن".

> بارزانی و لایەنە سیاسییەکانیش لەگەڵ ئەو داوایانەی ئێمەن و پشتیوانی لێدەکەن

لە هەنگاوی یەکەمدا، مەسیحییەکان یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتییەکانی عێراق بۆ دروستکردنی پارێزگایەک لە دەشتی نەینەوا کە ناوەندی پارێزگاکە قەرەقووش یان بەرتلە بێ. رۆمیۆ هەکاری دەڵێ "بارزانی پشتیوانمانە، بەڵام بەغدا تاوەکو ئێستا پەسەندی نەکردووە".

پێش هاتنی داعش، مەسیحییەکان چەکیان پێ نەبوو، بەڵام دواتر چەند هێزێکی چەکداری مەسیحی بەناوی جیاواز لەو ناوچەیە پێکهاتن. ئایا ئەوە مەترسی لەسەر داهاتووی پێکەوەژیانی مەسیحییەکان دروست ناکات؟ رۆمیۆ هەکاری دەڵێ "ئەو هێزانە لە داهاتوودا پارێزگا نوێیەکەمان دەپارێزن، لە کۆنفرانسەکەی برۆکسل لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکییەکاندا داوای ئەو مافانەمان کرد. نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە گوتارێک پشتیوانیی هەرێمی کوردستانی بۆ داواکانمان دەربڕی".

## "بابلیون گوزارشت لە مەسیحییەکان ناکەن"

لە تلسقۆف و ئەلقوش و باشیک هەندێک لە مەسیحییەکانم لەبارەی گشتپرسییەوە دواند. هەندێک لەوان خوازیارن دەنگی ئەوانیش رۆڵ ببینێ لە یەکلاکردنەوەی ناسنامەی سیاسی نوێی ناوچەکەدا و هەشبوون دەترسان لەوەی باجی دەنگدانی ئەوان، قورستر بێ لەوەی لە سەردەستی داعش دایان. ترس لە نزیکبوونەی حەشدی شەعبی. هەر لەو رۆژانەدا رەیان کلدانی، سەرکردەی کەتائیبی بابلیونی سەر بە حەشدی شەعبی، هۆشداریی دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گشتپرسی لە دەشتی نەینەوا نەکات. ئەو حیزب و هێزە مەسیحییانەشی بە کڕدراو و ترسێنراو ناوبرد کە بەشداریی پرۆسەکە دەکەن.

رۆمیۆ هەکاری رەتیدەکاتەوە رەیان کلدانی نوێنەرایەتی مەسیحییەکان بکات "ئەوە هەوڵێکی حەشدی شەعبییە بۆ ئەوەی دۆخی دەشتی نەینەوا تێکبدەن، دەیانەوێ لە رێگەی بابلیونەوە پرۆژەی ئێمە بۆ پارێزگای دەشتی نەینەوا هەڵوەشێننەوە کە رەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە. بابلیون گوزارشت لە دەشتی نەینەوا ناکەن، راستە چەند گەنجێکی مەسیحییان تێدایە، بەڵام بەشێکیان حەشدی شەعبین لە نێو ئەو هێزە بەناو مەسیحییەدا".

## تەنیا یەک حیزبی مەسیحی دژی گشتپرسییە

سکرتێری گشتی پارتی بەیت نەهرێن دەڵێ لە سەرەتاوە دوو حیزبی مەسیحی نەهاتنە نێو پرۆژەی گشتپرسی "لەم ماوەیە یەکێک لەو حیزبانە لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و رێککەوتن، پێموایە لە کۆتاییدا ئەوی دیکەش رێکدەکەوێ". داواکاری ئەوەشی هەیە لە ئەنجامدانی گشتپرسیدا تایبەتمەندییەک بدرێتە دەشتی نەینەوا "خەڵک ناچار نەکرێ دەنگ بدەن، چونکە 90%ی ئەو خەڵکە لەنێو کەمپەکانی هەولێر و دهۆکن هەرچەندە زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەن بەشداریی بکەن".

سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسی لە دەشتی نەینەوا، رۆمیۆ هەکاری دەڵێت "لیژنەی باڵای گشتپرسی وا رێککەوتوون، ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا و ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکانی ئەو ناوچانە بڕیار بدەن کە ئایا گشتپرسی لەو ناوچانە بکرێ یان نا".

# ئازاری پشت و مل..
# بەڵا نوێیەکەی سەردەمی مۆبایل و لاپتۆپ



سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

کاتێک پزیشک خەریکی روونکردنەوەی نەخۆشییەکە بوو بۆ هێمنی تەمەن 24 ساڵ کە بە دەست ئازاری پشتییەوە دەیناڵاند، بە سەرسوڕمانەوە دەیگوت "باشە مامیشم وەکوو من فەقەراتی هەیە، مـن زۆر لەو گەنجترم، کەچی من ئازارم لەو زۆرترە". پزیشکەکە گوتی: "تـۆ زۆر لەسـەر فەیسبووک دەمێنیتەوە یان مامت؟". ئیدی هێمن بێدەنگ بوو.

هێمن تەنیا ئەندامێکی ئەو لەشکرە گەنجەیە کە لە سەرتاسەری جیهانەوە بەدەست پشتئێشەوە دەناڵێنن. پۆرتاڵی ناسـراوی "Global disease burden" کە گرنگی بە کاریگەریی نەخۆشـییەکان دەدات لەسـەر ئاستی تەندروسـتی و بەرهەمداریـی مـرۆڤ، دەڵێ "لـە دوای هەڵامـەت، پشتئێشـە لە هـەرە بڵاوترین نەخۆشـییەکانە کە خەڵکی بەهۆیـەوە وێڵن بەدوای پزیشک و چارەسـەردا!". ماڵپەڕە جیهانییەکە دەڵێ زۆربەی حاڵەتەکانی پشتئێشە پەیوەندییان بە سرەوتن و جووڵەی ناڕێکەوە هەیە و کەمتر بەهۆی نەخۆشی و زەبرێکی دیاریکراوەوەن.

ئەو پزیشـکەی هێمنی دیت، پسـپۆڕی جومگە و رۆماتیزمـە، ئـەو بـە (رووداو)ی گوت "لـە کۆی 77 نەخـۆش کە لەو چەنـد رۆژەدا بینیومن، زۆرتر لە 50 کەسـیان بەهۆی ئازاری پەیوەسـت بە پشت و ملەوە هاتوون".

ماڵپـەڕە بیانییەکـە دەڵـێ لـە نێـوان سـاڵانی 1990 بـۆ 2010 لە عێراق تێکچوونی تەندروسـتیی خەڵکی بەهۆی پشتئێشەوە بەرێژەی 18% و بەهۆی ملئێشەوە بە رێژەی 15% زیادیان کردووە.

توێژینەوەیەکـی زانسـتی لـە ئێـران کـە دانیشـتووانەکەی لـە زۆر رووەوە لێکچوونیان لەگەڵ دانیشتووانی کوردستان هەیە، ساڵی 2012 دەریخست کە 29.3%ی خەڵکی ئەو وڵاتە بەدەست پشتئێشەوە گرفتار بوون. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای پرسیارکردن لـە 25 هـەزار ئێرانـی ئەنجامدراوە و هەر ئەو سـاڵە لـە جۆرناڵـی زانسـتیی "Pain Research and Treatment" بڵاوبووەتەوە.

بەربڵاویی پشتئێشـە لە وڵاتانی دیکە بەمجۆرەیە: بەریتانیا 59%، دانیمارک 70%، فینلاند 75% و کەنەدا 84%. واتە کەسانی پێگەیشتووی ئەو وڵاتانە گوتوویانە لە کاتی توێژینەوەکەدا یان کاتێکی دیاریکراوی ژیانیان گرفتاری پشتئێشە بوون.

## گرفتی گەنج و پیرە

پزیشکێکی پسـپۆڕ دەڵێ کەم رۆژ هەیە کەسانی گەنج و بە تەمەن بۆ چارەی گرفتەکانی مل و پشـت رووی تێنەکەن.

د.سـامان محەممەد عەبدوڵڵا، پزیشکی پسپۆڕی جومگە و رۆماتیزم لە سـلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "لە گەنجەکاندا هۆکارە سەرەکییەکە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل و تابلێت و لاپتۆپە، لە بەتەمەنەکانیشـدا ئەو کار و پیشـانەی زۆر دانیشـتن و سـەر دانەواندنیان تێدایە، بۆ نموونە بەرگدرووەکان".

توێژینـەوە ئێرانییەکە بە داتاوە سـەلماندوویەتی ئـەم هۆکارانـە ئەگـەری تووشـبون بـە پشتئێشـە زیاددەکەن: تەمەنی گەورەتر، رەگەزی مێینە، ئەوانەی هاوسـەرگیرییان کردووە، ئەوانەی قەڵەون، هەژاریی، جگەرەکێشـان، ئەوانەی ئاستی خوێندنیان کەمترەو ئەوانەی کاری سەختی گوند دەکەن.

## سمارتفۆن، بەڵا نوێیەکە

دکتۆر سـامان یەکەم پزیشـک نییـە کە مۆبایل تاوانبـار دەکات بـە هـۆکاری ئـازاری بڕبڕەکانـی گەنجـان، بەڵکـو لەئەمریـکا بـە توێژینـەوە ئەوە سەلمێندراوە.

بەگوێـرەی راپۆرتی رۆژنامـەی گاردیانی بەریتانی توێژینەوەیەکی زانستی لە ئەمریکا دەریخستووە ئازاری مل و بڕبڕەکانی مل گرفتێکی بڵاوی ئەو کەسانەیە کە مۆبایل زۆر بەکاردێنن "سـەر شۆڕکردنەوەی بەردەوام بەسـەر شاشـەی مۆبایلەوە، گوشـارێکی زۆر لەسەر مل دروسـتدەکات و ئەگەری داخوران و سـتۆکبوونی بڕبڕە و دیسـک و بەستەری شانەکانی مل زیاددەکات و دوورنییە بگاتە بارێک کە ئیدی تەنیا نەشتەرگەری بتوانـێ راسـتی بکاتـەوە". د.کێنیـت هانسـراج، ئەنجامدەری سـەرەکی توێژینەوە ئەمریکاییەکە، وای گوتووە.

دکتـۆر هانسـراج گوتوویەتـی کاتێـک بـە گۆشـەی 15 پلـە ملمـان رادەگریـن (ملڕاگرتنی ئاسـایی) ئەو کێشـەی لەسەر بڕبڕەکانی ملمانە 27 پاوەندە، بەڵام کاتێک چەمانەوەی ملمان بۆ 60 پلە زیاددەکات (ملڕاگرتن بۆ تەماشاکردنی شاشەی مۆبایل) کێشەکە زیاددەکات بۆ 60 پاوەند.

توێژینـەوە ئەمریکاییەکـە دەڵـێ ئەگـەر رۆژانە 2-4 کاژێـر ملمان بـەو پلەی چەمانەوەیـە بەرامبەر مۆبایلەکانمان رابگرین، ئەوە لە ساڵێکدا 700- 1400 کاژێر گوشـارێکی نائاسـایی لەسەر بڕبڕە و دیسک و بەستەرەکانی ملمان دەبێ.

## ئازاری بڕبڕەکان وەک گرفتێکی ئابووری

ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو توێژینەوەی بەرفراوان دەکرێن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە هۆکارەکانی پشتئێشە و چارەسەریان، جونکە ئەوان لە دیدگا ئابوورییەکەوە فراوانتر لە زیانەکانی دەکۆڵنەوە.

توێژینەوەیەکـی سـاڵی 2007ی ئەمریـکا کـە لـە جۆرناڵـی زانسـتی (Arthritis Care and Research) بڵاوبووەتـەوە هۆشـداری دەدات کـە ئـازاری بڕبـڕەکان تەنیا گرفتێکی باوی تەندروسـتی نین، بەڵکو هۆکارێکی دیاری پەککەوتنی دەستی کار و بیانـووی وەرگرتنی مۆڵـەت و دوورکەوتنەوەیە لە کار و بەرهەمـداری. توێژینەوەکە پـاش ئەوەی بۆی دەرکەوتووە تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا 34 ملیۆن هاووڵاتی گرفتاری ئازاری پشت بوون و 19 ملیۆنیان لەگەڵ پشتئێشەدا ئازاری بڕبڕەکانی ملیشیان هەبووە.



## چارەسەرەکە لەلای ستیڤن هاوکینگە

بەو دواییانـە کەمپەینێکی جیهانیی کرا بۆ هۆشـیارکردنەوە لەبارەی قەڵەوی و لێکەوتەکانی. فیزیکناسـی بەناوبانگی جیهانی سـتیڤن هاوکینگ تەنیا بە چەند وشـەیەک گرفتەکە و چارەسەکەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی روونکردەوە. بەوەی گوتی "ئێوە ئێستا زۆر دەخۆن و کەم دەجوڵێن. ئەوەی لەسەرتانە تەنیا پێچەوانەکردنەوەی ئەو هاوکێشـە هەڵەیەیە. دەبێ ئیـدی کەم بخۆن و زۆر بجووڵێـن". ئەو رێنماییەی هاوکینگ لـە دوو رووەوە چارسـەرە بۆ گرفتی بڕبڕەکانی پشـت و مـل: یەکەم لە قەڵەوی دوورمان دەخاتەوە کە هۆکارێکی سـەرەکی ئازاری بڕبڕەکانە. هەروەها لە ژیانی تەمبەڵانەی سـەر کورسـی و بەردەم شاشـەکان دوورمان دەخاتەوە، کە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گرفتی بڕبڕەکانن.

د.سـۆران محەممەد غەریب، پزیشکی پسـپۆڕی جومگە و رۆماتیزم، بە (رووداو)ی گوت "دەبێ شـێوازی ژیان بگۆڕین لە ژیانی تەمبەڵانەوە بـۆ ژیانی پڕ جووڵە، بۆ بڕبڕەکانتان دەبێ هەم وەرزشی گشـتی بکەن وەکو پیادەڕەوی و مەلەکردن، هەم وەرزشەکانی بەهێزکردنی ماسولکەکانی پشت و مل ئەنجامبدەن".



# چارەسەری ئارەقەکردنەوەی دەست و ژێر پێ، نەشتەرگەرییە

د.زیرەک ئەنوەر تەیب*

ئارەقەکردنـەوە بریتییە لە دەردانی شـلەیەکی تایبەت لە ئارەقە رژێنەکانەوە کە لە پێستی مرۆڤ و زۆربەی گیانلەبەرە شـیردەرەکاندا هەن. کرداری ئارەقەکردنەوە کردارێکی فسـیۆلۆژیی ئاسـاییە و بەشـێکە لە رێکخسـتنی پلەی گەرمیی لەش. بڕی ئارەقەکردنەوەی لەش بەپێی رووبەری لەش و پلەی گەرمی و باری فسیۆلۆژی و ماندوویی دەگۆڕێت.

جگە لـە ئارەقەکردنـەوەی ئاسـایی، جۆرێکی دیکەی ئارەقەکردنەوە هەیە کە بەهۆی نەخۆشییە جیاوازەکانـەوە روودەدات. لـەم بـارەدا رێـژەی ئارەقەکردنـەوە زۆر زیاتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئارەقەکردنەوەی ئاسایی. ئارەقەکردنەوەش بەهۆی نەخۆشـی دوو جـۆری هەیـە، جـۆری یەکەمیـان ئارەقەکردنـەوەی هەمـوو لەشـە لـە ئەنجامـی نەخۆشـییە جیاوازەکانـی کوێـرە رژێنـەکان و نەخۆشییە هۆرمۆنییەکان و هەندێک نەخۆشی وەک شـێرپەنجە، ژەهراویبوون بە مـاددە کیمیاییەکان و زۆر نەخۆشـی دیکـە. بـە چارەسـەرکردنی ئـەو نەخۆشـییانە ئارەقەکردنـەوەش چارەسـەر دەبێـت. هەرچـی جـۆری دووەمـە، پێیدەگوترێ ئارەقەکردنەوەی سەرەتایی.

لە زۆربەی بارەکاندا ئارەقەکردنەوەی سەرەتایی هەردوو لەپی دەست و ژێر باڵەکان و هەندێ جاریش ژێر هـەردوو پێ دەگرێتەوە، لەوانەیە نەخۆشـەکە تەنیـا ئارەقکردنـەوەی هەبێت یاخود سـاردبوون و شـینبوونەوەی دەسـت و پـێ یـان پەنجەکانی هەبێت لەگەڵ ئارەقکردنەوەکە. بەرێژەیەکی کەمتر ئارەقەکردنەوەی سـەرەتایی لە دەموچاو و پێستی سەر روودەدات.

ئارەقەکردنـەوەی سـەرەتایی بەبـێ بوونـی نەخۆشـییەکی دیاریکـراو روودەدات، لـە ئەنجامی چالاکیـی سـۆزە کۆئەندامی دەمـار، بەتایبەت کە کەسـەکە دەکەوێتە ژێر گوشـارێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتـی یـان لـەو کاتانەی کەشـوهەوا گەرم دەبێـت، ئارەقەکردنەوەی سـەرەتایی لـە هەردوو رەگەزی نێر و مێدا روودەدات.

زۆرجـار ئـەو نەخۆشـیەش خـۆی گوشـاری دەروونی سـەر کەسەکە زیاتر دەکات و لە هەندێک باردا وای لێدەکات لە تێکەڵبوون بە کەسانی دیکە دووربکەوێتـەوە و خـۆی دوورەپەرێـز بگرێت. یان کاریگـەری دەخاتـە سـەر ئیـش و کاری رۆژانەی کەسـەکە تا دەگاتـە رادەی وازهێنان لـە کار یان دواکەوتن لە خوێندن.

دەستنیشـانکردنی ئارەقەکردنەوەی سەرەتایی کاتێـک دەکرێت ئەگـەر لانیکەم دوو لەم خاڵانە لە کەسەکەدا هەبن:

- ماوەی تووشـبوون بە ئارەقەکردنەوە زیاتر لە شەش مانگ بخایەنێ
- ئارەقەکردنـەوەی هەردوو لای راسـت و چەپ وەکو یەک.
- کاریگـەری هەبێـت لەسـەر چالاکییەکانـی رۆژانەی کەسەکە.
- ئارەقەکردنەوەکـە زیاتر لە جارێک رووبدات لە هەفتەیەکدا.
- لە پێش تەمەنی 25 ساڵی دەستپێبکات.
- بوونی نەخۆشـییەکە لە زیاتـر لە ئەندامێکی هەمان خێزان.
- نەبوونی ئارەقەکردنەوە لەکاتی خەودا.

چارەسـەرکردنی ئارەقەکردنـەوەی سـەرەتایی بەپێی بەردەستبوونی رێگاکانی چارەسەر و شوێنی ئارەقەکردنەوە و رێژەی ئارەقەکردنەوە جیاوازن.

لە زۆربەی بارەکاندا سەرەتا تەنیا بە چارەسەر لە رێـگای بەکارهێنانی کرێم، یان جێڵ دەبێت. ئەگەر کاریگەرییان نەبـوو، ئەوا لە رێی خواردنی دەرمان یان بەکارهێنانی دەرزی چارەسـەر دەکرێت. دواتر بـۆ ئارەقەکردنەوەی دەموچاو و هەندێکجار بۆ ژێر باڵ لەوانەیە بەکارهێنانی دەرزی بۆتۆکس سوودی هەبێت، رێگای دیکەی وەک چارەسـەر بە تەزووی کارەبایی و نەشـتەرگەریی لابردنی ئارەقەڕژێنەکان دەکرێـت. بەڵام ئەو چارەسـەرانەی کە باسـکران هەموویان چارەسـەری کاتین و بە وازهێنان لێیان ئارەقەکردنەوەکە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، جگە لەوەش زۆربەی دەرمانەکان کە بەکاردێن کاریگەریی لاوەکییان هەیە بەسەر لەشەوە، بە تایبەت ئەوانەی لە رێی خواردن یان دەرزی لێدان دەکرێن.

بـۆ ئارەقەکردنـەوەی لەپـی دەسـت، ژێر باڵ و هەروەهـا ئارەقەکردنـەوەی ژێـر پێیـەکان لـە زۆربەی بارەکاندا چارەسـەری یەکجاری بریتییە لە نەشتەرگەریی بڕینی ئەو سۆزە دەمارانەی بەرپرسن لە ئارەقەکردنەوە. نەشتەرگەریی ئارەقەکردنەوەی لەپەکانـی دەسـت و ژێـر بـاڵ بـە (نـازووری سـنگ) دەکرێ کـە برینێکـی بچـووک بەدرێژایی یـەک سـانتیمەتر لە دیـواری سـنگ دەکرێت. بۆ ئارەقەکردنـەوەی ژێر پێیەکانیش لە رێی برینێکی پێنـج سـانتیمەتری دەبێت لـە کەلەکـەوە. دوای نەشـتەرگەریی بڕینی سۆزە دەمارەکە، نەخۆشەکە چەنـد کاژێرێـک لـە نەخۆشـخانە دەمێنێتـەوە و ئێوارەی هەمان رۆژ دەتوانێ بچێتەوە ماڵەوە.

* پسپۆڕی نەشتەرگەریی سنگ و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن



هونەر رێبوار

# ئەشیعە لای پزیشک، چارەسەر لای بەیتار

یەکەم سـاتی دەسـتپێکردنی کارەکـەم لەنێو نەخۆشـخانەی فریاکەوتـن کـە تایبـەت بـوو بـە رووداوەکان بەوە دەستپێکرد کە پزیشکەکەی هاوڕێم گوتی: هەر نەخۆشـێک دێتە نەخۆشخانە شەرێکی دەوێـت، هەرچـی سـڵاو دەکات، یەکسـەر داوای ئەشـیعەت لێدەکات. هاوکارەکەم شـیفتەکەی دایە مـن و باری ئەو نەخۆشـانەی پێگوتم کە لە قاوش خەوێندراون، ئەو خواحافیزیی کرد و شـەرەکەی بۆ من بەجێهێشت.

لە سێ کاژێری یەکەمدا، بەشێک لە نەخۆشەکان بە گفتوگۆکردن لەوە تێدەگەیشتن کە پێویستیان بە ئەشیعە نییە، یان کە باسی زیانەکانیم بۆ دەکردن، پەشـیمان دەبوونـەوە. بەشـێک لەوانـەی داوای ئەشیعەیان دەکرد، حاڵەتەکەیان سارد بوو. واتە بە کەمی پێویستیان بە ئەشیعە دەبێ.

هێنـدەی نەبرد ژنێک و پیاوێـک، بە عارەبانە پزیشـکییەکە منداڵـە تەمەن پێنج سـاڵانەکەیان هێنایـە ژوورەوە، دایکەکـەی یەکسـەر گوتـی ئەشـیعەیەکمان بۆ بگرە دەمانەوێت بزانین قاچی چی لێهاتووە. کە پشـکنینم بۆ نەخۆشـەکە کرد، گومانێکی زۆرم هەبوو شـکانی هەیە. دوای ئەوەی زانیم نیشانە زیندەگییەکانی جێگیرن، ئەشیعەیەکم بۆ نەخۆشـەکە نووسی. زۆری پێنەچوو، هاتنەوە. کە سەیری ئەشیعەکەم کرد، بینیم هەردوو ئێسکی قاچی (قامیش و تەڵەزم)ی شـکابوون و تەواو لە یەکدی ترازابوون، پێمگوتن پزیشـکی نیشتەجێی دێرینـی ئێسـک و شـکان لێرەیـە. دەبێـت ئەو نەخۆشەکەتان ببینێت.

کەچی باوکی منداڵەکە گوتی: دکتۆر پێویسـت ناکات، پێشتر بەیتاریش قاچی منداڵەکەی راکێشا، بـەڵام داوای ئەشـیعەی کرد و ئێسـتا ئەشـیعەکە دەبەینەوە لای بەیتار.

خەریکە لەگەڵ بەیتارەکان وەکو هاوبەشمان لێ دێت. نەخۆش دێتە نەخۆشـخانە و داوای ئەشـیعە دەکات، دوای پشـکنین کە پزیشـک ئەشیعەی بۆ دەنووسێت، تەنیا رایەکی سەرەتایی لێ وەردەگرێت، پاشـان دەڵێت: دکتۆر لێرە چارەسـەری بۆ ناکەم، دەیبەمە لای بەیتار.

بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ حکومەت، ناوی هەموو بەیتارەکان تۆمار بکات و لەگەڵ پەیمانگەی تیشک ریکبکەوێت، ساڵانە ژمارەیەک دەرچووی بەشەکەیان لـە ماڵی بەیتـارەکان دابمەزرێـن، تاوەکو نەخۆش پێویستی بەوە نەبێت کە چیدی تەنیا بۆ تیشک بێتە نەخۆشـخانە، یان ئەوەی رێگـە لەو هەموو بەیتارە بگیرێـت کە بەبێ هیچ شـارەزاییەک لە توێکاری و جەستەی مرۆڤ کاردەکەن و دەست و پێی نەخۆش رادەکێشـن، بەڵام سـیفەتە باشـەکەی بەیتارەکان ئەوەیە، زۆربەیان بەبێ بوونی ئەشـیعە دەسـت لە شوێنی شکاوی و لەجێچوون نادەن.

## ئەشیعە بۆ کێ دەنووسرێت؟

لـە نەخۆشـخانەکانی فریاکەوتـن، لە بەشـی رووداوەکان تەنیـا ئەو حاڵەتانـە وەردەگیرێن کە نەخۆش پێویسـتی بە چارەسـەری خێـرا هەیە. بۆ نموونە نەخۆشـێک دێـت گومانی ئەوە دەکەی شکانی هەبێت، یان لەکاتی بەربوونەوەی مەترسی لەسـەر لوولەکانـی خوێنـی دروسـت بووبێـت و ئەگەری ئەوە هەبێت یەکێک لە پەلەکانی تووشـی لێکەوتەی خێرا ببێت.

بێگومان یەکێک لە بنچینەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی ئێسک و شکان، ئەشیعەیە .بەتایبەت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی تایبەت بە رووداوەکان، ئامێری ئەشیعە کۆڵەگەیەکی نەخۆشخانەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە هەر نەخۆشـێک گەیشتە نەخۆشخانە ئەشیعەی پێویستە.

پزیشک لە کۆلێژ فێر دەکرێت، پێش وێنەگرتنی تیشـکی بۆ نەخۆشـێک کە بەربووەتەوە، سەرەتا پشـکنینی بـۆ بـکات، بـە هەریەکـە لـە بینین، هەسـتکردن و جوڵـە زانیاری لەسـەر حاڵەتەکە وەردەگرێت، دواتر لەڕێگەی ئەشیعە بڕیار لەبارەی شکان و نەشکانی دەدات. پزیشک ئەو کاتە ئەشیعە دەنووسێت کە نەخۆشەکە برینێکی زۆری هەیە، یان شێوازی ئاسایی ئەندامانی جەستەی شێواوی پێوە دیارە، یان کەسـێک دێت کە شـێوازی رووداوەکەی ئاسایی نەبووە و گومانت لادروست دەبێت، کە ئەم ئێسـکەی جەسـتەی مرۆڤ زەحمەتە بەرگەی ئەم هێزەی گرتبێت و سـەلامەت دەرچووبێت. هەروەها لە کاتی پشکنینی فیزیکی، هەریەک لە نیشانەکانی وەک سووربوونەوە، ئەستووربوون، نەمانی جووڵە، ئازارێکی زۆر لەکاتی دەستلێدان و چەندین نیشانەی دیکە هەبن کە ئەگەری شکان زۆرتر دەکەن.

## بۆچی پزیشک ئەشیعە نانووسێت!

پزیشک زۆرجار کە دەزانێت نەخۆشەکە پێویستی بە ئەشـیعە نییە، تەنیا ئازارشکێن بۆ نەخۆشەکە دەنووسێت، بەڵام نەخۆشەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆچی پزیشک ئەشیعە نانووسێت؟

پزیشـک پێش بڕیاردان لەسـەر گرتنی تیشک، زانیاریی مەترسـیداری لەسـەر تیشـک هـەن، ئەو دەزانێـت گرتنـی ئەشـیعە لەمـاوەی دووگیانـی، مەترسـیی تووشـبوونی منداڵەکە بە شێرپەنجە بە رێـژەی 40% زیـاد دەکات. هەروەهـا لەکاتەکانـی دیکەش دووبارەبوونەوەی گرتنی تیشـک مەترسی چەندین جۆری شێرپەنجە زیاد دەکات. ساڵانە تەنیا لـە ئەمریکا نزیکـەی 4000 کـەس بەهۆکارەکانی پەیوەست بە بەرکەوتنی تیشک دەمرن.

# دوایین پێگەی داعش لە عێراق کوێ دەبێ؟

ڕووداو- هەولێر

مانگی پێشوو سوپای عێراق سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵی ڕاگەیاند، بەڵام هەتا ئێستا چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە ژمارەیەک شار و ناوچەی عێراقیان لەدەستدا ماوە، کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەش کۆمەڵێک تەحەدای نوێ ڕووبەڕووی هێزەکانی عێراق دەکاتەوە کە لە شەڕەکانی پێشوودا نەبوون.

## تەلەعفەر:

لە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا، حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ڕزگارکردنی ئەو شارەدا بەشداری ناکەن. هۆکارەکەشی ئەوە بوو هاوپەیمانان و حکومەتی عێراق نیگەرانی ئەوە بوون بەشداری ئەو هێزانە ترس لەلای دانیشتووانی شارەکە دروست بکات و پشتگیری لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی شارەکە نەکەن،

بۆیە هێزەکانی حەشد بەرەو لای تەلەعفەر جووڵەیان کرد و کۆمەڵێک ناوچەشیان لە دەوروبەری ئەو شارە کۆنترۆڵ کردەوە، بەڵام تورکیا هۆشداریی دا کە ئەو هێزانە نابێت بچنە ناو تەلەعفەرەوە. تورکیا نیگەرانی ئەوە بوو میلیشیا شیعەکان تۆڵەی کوشتاری تورکمانە شیعەکان لە تورکمانە سوننەکانی شارەکە بکەنەوە.

هێزەکانی تورکیا هەتا ئێستاش لە کەمپی زلکان لە ڕۆژهەڵاتی باشیک جێگیرن، ئەمەش بەو مانایە ئەگەری ململانێی تورکیا و میلیشیاکانی حەشد هەر ماوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دەیلی بیست، هەتا ئێستاش نیگەرانیی ئەوە هەیە کە تورکیا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی تەلەعفەردا بکات.

ئەحمەد ئەلئەسەدی، گوتەبێژی هێزەکانی حەشد، بە (فارس نیوز)ی ئێرانیی ڕاگەیاندووە "هەموو هێزەکانی حەشدی شەعبی، سوپای عێراق، پۆلیسی فیدراڵی و هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق بەشدار دەبن".

بەڵام ناکۆکییەکانی ئێران و تورکیا لەو ناوچەیە دەتوانێ کێشەی گەورە بۆ حکومەتی عێراق دروست بکات. چاودێرانی سیاسی دەڵێن شەڕی تەلەعفەر سەخت دەبێت لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە تەنیا سەربازی نییە، بەڵکو سیاسیشە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (دەیلی بیست)، یەکێک لە بژارەکان ئەوەیە بەشداری بە میلیشیا شیعە میانڕەوەکان بکرێت، لەوانەش کەتایبی ئەبو فەزلی عەبباس.

ئەو هێزە بەوە بەناوبانگە کە پابەندی حکومەتی عێراقە نەک ئێران. ئەو هێزە لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵیشدا یارمەتی فیرقەی نۆی سوپای عێراقی دابوو. یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو میلیشیایە ئەو هەواڵەی بۆ ماڵپەڕە ئەمریکییەکە پشتڕاست کردووەتەوە.

## حەویجە:

حەویجە دەکەوێتە باشووری پارێزگای کەرکوک و ماوەی سێ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی داعشدایە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئۆپەراسیۆنێک بۆ دەرکردنی داعش لەو شارە نەکراوە. هۆکاری ئەمەش بۆ دۆخی ئاڵۆزی سیاسیی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، کە تێیدا هێزە ئەمنییەکانی کورد، میلیشیا شیعەکان و کۆمەڵگەی سوننەی ئەو ناوچەیە لە ناکۆکییەکی قووڵدان.

کەرکوک یەکێک لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری دەکات لەسەر گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکانیش پێیانوایە پارێزگاکە دەبێ وەکوو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە. میلیشیا شیعەکان دەیانەوێ لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجەدا بەشداری بکەن، بەو بیانووەی خەڵکی شیعە مەزهەب لە گوندەکانی دەوروبەری حەویجەدا دەژین. هێزە کوردییەکان دژی ئەو داوایەی میلیشیاکانی حەشدن، چونکە پێیانوایە بەشداریی ئەو هێزانە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بۆ مانەوەی درێژخایەنی میلیشیاکانە لە ناوچەکە.

پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانیش بە قۆناغێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا، ڕۆژی 25ی ئەیلولی ئەمساڵ گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەبچێت. ئەم کێشەیە دەشێت لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە و ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە و پێکهاتەی هێزە بەشدارەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا ناکۆکی گەورە دروست بکات.

## قائیم

ڕەنگە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی قائیم، لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار، بۆ پاش ئۆپەراسیۆنەکانی تەلەعفەر و حەویجە دوابخرێت. ئەو شارۆچکەیە کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق و سووریا، لەڕووی جوگرافییەوە پارێزراوترین شوێنە بۆ چەکدارانی داعش، لەبەرئەوەی نە سوپای عێراق و نە سوپای سووریا توانای گرتنەوەی ئەو شارۆچکەیەیان نییە.

ئیبراهیم جومەیلی، بەرپرسێکی باڵای خانەنشینی عێراق، لەمبارەیەوە بە (دەیلی بیست)ی ڕاگەیاند "ئێستا حکومەتی سووریا ناتوانێت ئەو ئۆپەراسیۆنە بکات، حکومەتی عێراقیش ئامادەیی تێدا نییە بۆ بەشداری لەو شەڕە. بۆیە چاوەڕێ دەکرێ دیمەشق و بەغدا لە داهاتوودا بە هەماهەنگی ئەو شارۆچکەیە ڕزگار بکەن".

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە بە هاوکاریی حکومەتی سووریا دەست بە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو شارۆچکەیە دەکات، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هێرشەکان وەستێنران، بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدرێت. جومەیلی پێیوایە "سەختترین شەڕ لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا دەبێت، لەبەر ئەوەی ناوچەکە بیابانێکی تەواوە. ئەگەر داعش لە قائیم دەربکرێت، دەتوانن بچنە ئەبوکەمال لە دیوی سووریا، دواتریش بە ئاسانی دەتوانن ئاودیوی عێراق ببنەوە، چونکە هیچ هێزێکی سووری لەسەر ئەو سنوورانە نین". بۆیە بەرپرسە سەربازییەکەی پێشووی عێراق پێیوایە قەیرانی سووریا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕزگارکردنی قائیم و ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە دەبێت.

## چیای حەمرین

هەوڵەکانی داعش بۆ مانەوەی لە عێراق تەنیا لەم سێ شارە ستراتیژییەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو چاویان لەسەر ناوچە شاخاوییەکانی حەمرینیشە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی چیای حەمرین دەستیان بە جموجوڵ کردبوو. تەنانەت گومانی ئەوەش دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی داعش لە مووسڵەوە بۆ ئەو ناوچەیە ڕایانکردبێت.



شارۆچکەی قائیم پارێزراوترین شوێنە بۆ چەکدارانی داعش، چونکە نە سوپای عێراق و نە سوپای سووریا توانای گرتنەوەی ئەو شارۆچکەیەیان نییە

## ڕووی مووشەکەکانی ئەمریکا و کۆریای باکوور لە یەکدییە

# جیهان لەبەردەم مەترسیی جەنگێکی ئەتۆمیدایە

ڕووداو- هەولێر

ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و کۆریای باکوور پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و دوور نییە جیهان لە ئاستانەی شەڕێکی ئەتۆمیدا بێت. بەگوێرەی بەرپرسانی هەواڵگریی واشنتن، کۆریای باکوور توانیویەتی جۆرێک لە کڵاوەی ئەتۆمی دروستبکات کە لە مووشەکەکاندا بەکاردەهێنرێ، بەمەش کۆریای باکوور دەبێتە وڵاتێکی پڕچەکی ئەتۆمی. ترەمپیش هەڕەشەی کاردانەوەی "توند و ئاگرین"ی ئەمریکا دەکات.

دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا مەزندە دەکەن کۆریای باکوور خاوەنی 60 چەکی ئەتۆمی بێت. ئەم دۆزینەوە نوێیانە نیگەرانییەکانی زیاتر کردووە و ژمارەیەک شارەزا کە بۆ (واشنتن پۆست) قسەیان کردووە، پێیانوایە کۆریای باکوور زۆر خێراتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا پەرەی بە بەرنامەی چەکی ئەتۆمی داوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی ئەمریکی ئاشکرایان کردووە کە پیۆنگ یانگ زۆر خێراتر لە چاوەڕوانییەکان پەرەی بە بەرنامەی دروستکردنی مووشەکی کیشوەربڕ داوە و ئەگەر تەواو ببێت، دەتوانێت ئەمریکا بپێکێ.

هەفتەی پێشوو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ سزای نوێیان بەسەر کۆریای باکووردا سەپاند. بەپێی سزاکان ئاستی هەناردەی کۆریای باکوور بە بڕی سێ ملیار دۆلار دادەبەزێت. ترەمپ ستایشی هاوکاریی چین و ڕووسیای کرد بۆ ئەوەی بڕیاری سزاکانی سەر کۆریای باکوور تێپەڕێت.

لە پاش لێدوانی "توند و ئاگرین"ی ترەمپ، کۆریای باکوور وردەکاریی پلانی مووشەکبارانکردنی ناوچەی گوامی لە زەریای هێمن ئاشکرا کرد کە بە جوگرافیای ئەمریکا هەژمار دەکرێت. ژەنەراڵ کیم ڕاک گیۆم، بەرپرسی هێزە ستراتیژییەکانی کۆریای باکوور، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "دیالۆگ لەگەڵ کەسێکی بێ عەقڵدا مومکین نییە. تەنیا بەکارهێنانی هێزی ڕەها دەتوانێ کاری تێبکات". ڕووی قسەکانی گیۆم لە سەرۆکی ئەمریکا بوو. ئەو مووشەکەی کۆریای باکوور هەڕەشەی پێدەکات بەسەر خاکی ژاپۆندا تێدەپەڕێت.

بەپێی بەیاننامەکە، سوپای کۆریای باکوور پلانی هاویشتنی چوار مووشەک ئامادە دەکات. ناوەڕاستی ئەم مانگەش ڕادەستی کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی کۆریای باکووری دەکەن. دوای ئەمەش چاودێریی لێدوانەکان و هەڵسوکەوتی ئەمریکا دەکەن. دوورگەی گوام بنکەی ئاسمانیی ئەمریکی ئەندرسنی لێیە و فڕۆکەکانی لەم بنکە ئاسمانییەوە بەرەو ناوچەکانی نیمچە دوورگەی کۆریا هەڵدەفڕن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی هەواڵگریی ستراتفۆری ئەمریکی پێیوایە بەرپرسانی کۆشکی سپی لە کاتی بیرکردنەوە لە هەڕەشەکانی کۆریا دەبێ سێ خاڵیان لەبەر چاو بێت، یەکەمیان ئەوەیە دانانی ئەو جۆرە پلانە سەربازییانە لە کاتی هەستیاردا شتێکی باوە. دووەم هەڕەشەکەی کۆریای باکوور مەرجدارە و پەیوەستکراوە بەوەی ئایا هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەمریکادا ڕوودەدات یان نا، سێیەم مووشەکی هواسۆنگی 12 کە کۆریای باکوور بە نیازە بەکاری بهێنێت، چەندینجار لەلایەن سوپای کۆریای باکوورەوە تاقیکراوەتەوە و تەنیا یەکجار سەرکەوتوو بووە.

هەڕەشەی شەڕی ئەتۆمی مەترسی بۆ سەر ناوچەیەکی گەورەی جیهان دروست دەکات، بۆیەش ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا چین و ڕووسیا بێنە سەر خەت. چین پێشتر پێشنیازی کردبوو هەردوولا هەنگاو و هەڵوێستە شەڕەنگێزەکانی خۆیان ڕابگرن، واتە ئەمریکا مانۆڕ و جموجۆڵە سەربازییە هاوبەشەکانی لەگەڵ کۆریای باشوور هەڵپەسێرێ، لە بەرامبەریشدا کۆریای باکوور بەرنامەی پەرەپێدانی سیستەمی مووشەکیی ئەتۆمیی خۆی بوەستێنێ. ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر بە دووری دەزانێ ئەمریکا ئەو مانۆڕە بوەستێنێ، بەڵام ڕەنگە کۆریای باشوور بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشە جیدییەکانی کۆریای باکوور ئامادە بێت بەدەم داواکاریی چینەوە بچێت.



دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا مەزندە دەکەن کۆریای باکوور خاوەنی 60 چەکی ئەتۆمی بێت

### مەترسییەکانی سەر کۆریای باکوور

یەکەم مەترسی کە هاویشتنی ئەو مووشەکە دروستی دەکات، ئەوەیە ئەزموونەکانی پێشتری کۆریای باکوور سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبووە، بۆیە دەشێت ئەمجارەش مووشەکەکە لەناو خاکی ژاپۆن بکەوێت، هەرچەندە پیۆنگیانگ بە ئەنقەست جۆرێک لە مووشەکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئەگەری ئەوە کەم بێتەوە ئاسەواری لەسەر ژاپۆن هەبێت.

ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە ژاپۆن و ئەمریکا دەتوانن سیستەمی دژە- مووشەکی خۆیان بەهێز بکەن، ئەگەر ئەمەش بە سەرکەوتوویی بکەن، ئەوە لاوازیی سیستەمی مووشەکی کۆریای باکوور دەردەخات. ئەگەریش مووشەکەکە ئامانجی خۆی، واتە ناوچەکانی نزیک لە دوورگەی گوام بپێکێت ئەوە ئەمریکا وەڵامی توندی دەبێت.

### مەترسییەکانی سەر ئەمریکا و ژاپۆن

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر، ئەمریکا و ژاپۆن دەبێ پێش هەموو شتێک ئەوە لەبەرچاو بگرن مووشەکەکە بە کام ڕێگەی ئاسمانیدا تێدەپەڕێت و ئایا مەترسی لەسەر فڕۆکە گەشتیارییەکانی سەر ئەو ڕێگە ئاسمانییە دروستدەکات، هەروەها بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا لێدان لە مووشەکەکە هیچ مەترسییەک لەسەر ناوچەکانی سەر زەوی و فڕۆکە نزیکەکانی ئەو ناوچە ئاسمانییە دروست دەکات یان نا.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە ئەگەر ئەمریکا مووشەکەکە نەخاتە خوارەوە، ئەوە چین و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکرێ کۆریای باکوور وەکوو هەڕەشەیەکی جیدیتر لەوە ببینن کە هەتا ئێستا بینیویانە، چونکە لەو حاڵەتەدا پیۆنگ یانگ وەکوو دەستدرێژیکەر دەبینرێ.

سیستەمی بەرگریی مووشەکیی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هەتا ئێستا لە سیناریۆیەکی ڕاستەقینەدا تاقی نەکراوەتەوە، بۆیەش نیگەرانی ئەوە هەیە ئەو سیستەمە 100% ورد و کاریگەر نەبێت. بە بۆچوونی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر ئەگەر ئەمریکا نەتوانێت هەموو ئامانجەکانی مووشەکەکە لە هەڕەشە ڕزگار بکات، ئەوە گومانێکی زۆر بەرامبەر بە سیستەمی مووشەکی ئەمریکا دروست دەبێت.

### هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە

هەڕەشەکانی کۆریای باکوور ڕاستەوخۆ ڕوویان لە ئەمریکایە، بەڵام وڵاتانی ناوچەش بە وریاییەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکەن. ئێستا کۆریای باکوور قەدەغەی بەکارهێنانی ئاسمانی ژاپۆن بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکیی لەسەر خۆی داناوە. ژاپۆن خوازیارە ئەو هەڵوێستە بەردەوام بێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ستراتفۆر، حکومەتی چین هێندەی بە هەوڵە تێکدەرانەکەی کۆریای باکوور لە ناوچەکە نیگەرانە، هێندە بە سوپا و سیستەمی مووشەکی و بەرنامەی ئەتۆمیی پیۆنگ یانگەوە نیگەران نییە، چونکە هەنگاوەکانی کۆریای باکوور ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکات بە زەروورەت، ئەوەش دژی بەرژەوەندییەکانی چینە لە ناوچەکە. بۆیەش چین هەموو هەوڵەکانی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی لە قورسایی هەڕەشەکانی هەردوو لا کەم بکاتەوە. جگە لەمەش هەوڵی بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری خۆی لەسەر سنوورەکان بدات.

دوای ئەمریکا و کۆریای باکوور، ڕەنگە گرنگترین وڵات لەم قەیرانەدا کۆریای باشوور بێت. کۆریای باکوور جەنگێکی دیکە لەسەر نیمچەدوورگەی کۆریای ناوێت، بەڵام نە ئامادەیی ئەوەی هەیە و نە دەشتوانێت واز لە هاوپەیمانێتیی ئەمریکا بهێنێت، بەڵام هاوکات دەیەوێت چارەسەری ئاشتیانە و دیالۆگ لە نێوان باشوور و باکووری نیمچە دوورگەکەدا کراوە بێت. کۆریای باکووریش دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو گوشارانەوە سیئۆل ڕازی بکات دەرگای دانیشتن و دیالۆگ بکاتەوە.

### کوردیش دەستیان لەو بازرگانییەدا هەبووە

# شوێنەوارە دزراوەکان دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی داعش

رووداو- هەولێر

محەممەد حەسەن یەکێکە لەوانەی بازرگانی بەو شوێنەوارانەوە دەکات کە داعش لە عێراق و سووریا بە تاڵانی بردوون، بەبێ کەسانی وەکوو محەممەد نە ئەو شوێنەوارانە دەگەنە وڵاتانی رۆژئاوا، نە داعشیش ساڵانە 100 ملیۆن دۆلاری لەو رێگەیەوە دەستدەکەوێت.

محەممەد، تەمەن 28 ساڵ، ساڵی 2015 لەلایەن بەرپرسانی داعشەوە پەیوەندیی پێوەکرا تاوەکو کڕیار بۆ شوێنەوارە تاڵانکراوەکان بدۆزێتەوە، پاش ماوەیەک محەممەد بووە کەسێکی ناسراو لە بواری بەقاچاخبردنی شوێنەواری تاڵانکراو.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەتا دێت بچووکتر دەبنەوە، مانگی رابردوو سوپای عێراق کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵی راگەیاند، ئێستا تاکە شاری سەرەکی کە بەدەست ئەوانەوە مابێت رەققەیە لە سووریا، بەڵام بەرپرسانی رۆژئاوایی پێیانوایە ئاسەواری تاڵانکارییەکانی داعش بۆ ساڵانێکی زۆر هەر دەمێننەوە، وەکوو چۆن ئەو شوێنەوارانەی نازییەکانی ئەڵمانیا تاڵانیان کردن ئێستا خەریکن دەردەکەونەوە.

مایکڵ دانتی، شوێنەوارناس و بەڕێوەبەری گرووپی پاراستنی میراتە کولتوورییەکان لە بۆستن، بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاند: "ئەو شوێنەوارانەی لە عێراق و سووریا بە تاڵان براون، دەچنە نێو بازاڕێکی نهێنییەوە. ئەمە کێشەیەکە کە چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت".

بەرپرسانی ئەمنی لە وڵاتانی رۆژئاوا چاوەڕێ دەکەن لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتەکانی، داعش هەوڵ دەدات داهاتی خۆی لە رێگەی قاچاخچێتی بەو کەرەستانەوە زیاد بکات، بەمەش قەرەبووی ئەو زیانە داراییانە بکاتەوە کە بەهۆی لەدەستدانی بیرە نەوتەکانەوە پێی گەیشتووە".

بە مەزندەی بەرپرسانی ئەمنی، داهاتی ساڵانەی داعش لەو شوێنەوارانە خۆی لە 100 ملیۆن دۆلار دەدات.

بەپێی بەدواداچوونی (واڵ ستریت جورناڵ) ی ئەمریکی، ئەو شوێنەوارانە دوای ئەوەی تاڵانکران، لە رێگەی سنوورەکانی تورکیا یان لوبنان و عێراق و سووریاوە دەردەکرێن و لەوێوە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا یان رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دەگوازرێنەوە.

محەممەد حەسەن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کار دەکات کە خۆی بە محەممەد عەلی ناساندووە. محەممەد حەسەن پێش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆی سووریا خوێندکاری زمانی ئینگلیزی بووە، بەڵام لە رێگەی هاوڕێیەکی باوکییەوە خولیای کارکردن لە بواری شوێنەوار بووە. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆدا هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا پەیوەندییان بە محەممەدەوە کردبوو بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا شوێنەوارەکانیان بۆ بدۆزێتەوە.

بەگوتەی خۆی، دوای ئەوەی داعش دەستی بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت، خۆی و چوار کەسی دیکە لەلایەن داعشەوە دەستگیرکران، بە تۆمەتی ئەوەی هاوکاریی هێزەکانی سوپای ئازادی سووریایان کردووە. وەکوو حەسەن بۆ رۆژنامە ئەمریکییەکەی باسکردووە، هەر چوار کەسەکەی دیکە لەلایەن داعشەوە کوژران، بەڵام ئەو بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە رزگاری بووە.

ساڵێک دواتر ئەبو لەیس دەیری، بەرپرسی داعش بۆ کاروباری شوێنەوارەکان، پەیوەندی بە محەممەدەوە کردووە بۆ ئەوەی شوێنەوارە تاڵانکراوەکانیان بۆ بفرۆشێت. ئەبو لەیس بە محەممەدی گوتبوو "شوێنەوارێکی زۆرمان لایە، بەڵام پێویستمان پێتە بۆ ئەوەی کڕیاری رۆژئاواییمان بۆ بدۆزیتەوە". محەممەد ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەوان دەزانن داعش مێژووی سووریا تێکدەدات، بەڵام ئەوان حەزیان لەو کارەیە، چونکە لەم رێگەیەوە دەتوانن پارە پەیدا بکەن.

هەرچەندە ناکرێت چیرۆکەکانی محەممەد سەبارەت بە ژیانی خۆی پشتڕاست بکرێنەوە، بەڵام بەپێی راپۆرتەکەی (واڵ ستریت) ئەو شێوازەی ئەوان بۆ قاچاخی شوێنەوارەکان باسی لێوەدەکەن لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا یەک دەگرێتەوە کە بەرپرسانی ئەمنیی وڵاتانی رۆژئاوایی باسی دەکەن. بۆ نموونە وەزارەتی دادی ئەمریکاش ئەبو لەیس دەیری بە کەسێکی سەرەکی لە قاچاخی شوێنەوارە تاڵانکراوەکان دەزانێ.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، سەرەتا نرخی شوێنەوارەکان چەندە بووایە، داعش 20%ی لە شوێنەواردۆزەکان وەردەگرت، بەڵام ئێستا داعش بە نرخی 20% هەرزانتر لە نرخی بازاڕ کەرەستەکان لە شوێنەواردۆزەکان دەکڕێتەوە و دواتر خۆی دەیانفرۆشێتەوە. یەحیا فانوسی، بەڕێوەبەری دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان دەڵێت: "ئەم بازرگانییە نایاساییە تەنیا بۆ یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی داهاتیشە بۆ خەڵکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش".

بەگوتەی بەرپرسانی رۆژئاوایی، تۆڕێک لە کەسانی نێوەندگیر ئەو شوێنەوارانە لە داعش دەکڕنەوە و لە رێگەی کاروانی هاوکارییە مرۆییەکان و پەنابەرانەوە دەیانگوازنەوە بۆ دەرەوەی سووریا. هەندێکجاریش ئەو شوێنەوارانە لەناو باری کەتان، میوە و سەوزەواتدا رەوانەی دەرەوەی سنوورەکان دەکرێن. لە دەرەوەی عێراق و سووریاش شوێنەوارەکان بە کەسانی وەکوو محەممەد حەسەن دەفرۆشرێن.

وەکوو حەسەن باسی دەکات، ئەم ماوەیەی دوایی دوو ئینجیلی کۆنی بە 11 هەزار و 800 دۆلار بە قاچاخچییەکی رووسی فرۆشتووە کە داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا بەتاڵانی بردبوون. قاچاخچییە رووسەکەش ئەو دوو ئینجیلەی لەناو باری سەوزەواتدا شاردبووەوە. دواتریش 25%ی هەقدەستی خۆی لە داهاتی دوو ئینجیلەکە هەڵگرتووە و ئەوەی دیکەی بە بازرگانێک داوە کە کەرەستەکەی هێنابووە تورکیا.

محەممەد جومعە یەکێکی دیکەیە لەوانەی دەستی لە کاری قاچاخی ئەو شوێنەوارانەدا هەیە، بە گوتەی خۆی 1000 دۆلاری داوە بە ئافرەتێک بۆ ئەوەی لەناو جانتایەک لە ژێر عەباکەیەوە پەیکەرێکی برۆنزیی کۆنی لە سنووری نێوان سووریا و تورکیا بۆ ئاودیو بکات. سەربازانی سەر سنووری تورکیاش بە هۆکاری ئاینی ئافرەتان ناپشکنن. جومعە خۆی لە تورکیا چاوەڕێی گەیشتنی ئافرەتەکە بووە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتبوو پەیکەرەکە کۆپیە و لە 1920 دروستکراوەتەوە.

ئەو قاچاخچییە بە رۆژنامەی (واڵ ستریت) ی گوتبوو "دڵخۆش نیم بە فرۆشتنی مێژووی خۆمان، بەڵام پێویستم بە پارەیە". ئاشکراشی کردووە ئەگەرچی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش تاوەکو دێن بچووکتر دەبنەوە، بەڵام بازرگانیی داعش بە شوێنەوارەکانەوە پەرەی سەندووە و زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی ئەو گرووپە تاڵانی کردبوون ئێستا لە بازاڕەکاندا دەسووڕێنەوە. خۆی لەمدواییانە بازرگانی بە زمرودێک بە بەهای 600 هەزار دۆلار کردووە، بەڵام مامەڵەکە سەرکەوتوو نەبوو.

محەممەد حەسەن دەڵێت لە رۆژی 30 تەمووزی ئەمساڵ بازرگانێکی کوردی عێراق لە ئیستەنبوڵ هەوڵی فرۆشتنی پەیکەرێکی گەچی داوە کە هی سەدەی سێیەمی زایینی بووە و کاتی خۆی لە تەدمور بووە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شوێنەوارەکانی عێراق و سووریا یەکەمجار رەوانەی لوبنان یان تورکیا دەکرێن، لەوێشەوە بە قاچاخ دەبردرێنە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا، لەوانەش بولگاریا و رۆمانیا، دواتریش بۆ وڵاتانی رۆژئاوای ئەورووپا، بە تایبەتیش ئەڵمانیا و سویسرا، دەگوازرێنەوە.

بە گوتەی شارەزایان، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەوارەکان یەکەمجار رەوانەی وڵاتانی ئاسیایی دەکرێن، لەوانەش سینگاپوور و تایلاند، دواتر لەوێوە بۆ رۆژئاوای ئەورووپا دەگوازرێنەوە. بەرپرسانی ئەمنیی ئەورووپی پێیانوایە هۆکاری ئەمە ئەوەیە بازاڕەکانی ئاسیا چاودێرییەکی کەمتریان لەسەرە.



داعش ساڵانە 100 ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی شوێنەواری دزراو دەستدەکەوێ

### خەڵاتێکی گەورە بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان

شارەزایان و بەرپرسانی پەیوەندیدار بە کاروباری شوێنەوارەکان پێیانوایە ساڵانێکی زۆری دەوێت هەتا ئەو شوێنەوارانە بە ئاشکرا بکەونە نێو بازاڕەکانەوە، چونکە دوای گواستنەوەیان بۆ بازاڕەکانی رۆژئاوای ئەورووپاش، چەندین ساڵ لە ئەمبارەکاندا دەشاردرێنەوە.

حکومەتی ئەمریکا خەڵاتێکی پێنج ملیۆن دۆلاریی داناوە بۆ هەر کەسێک زانیارییەکی ورد لەسەر شوێنەوارە دزراوەکانی عێراق و سووریا و شوێنی شاردنەوەیان بدات. بەڵام هەتا ئێستا هیچ کەسێک هیچ زانیارییەکی نەداوە.

## ستراتیژێک بۆ سووریا

# سوورِیایەکی سەقامگیر چۆن دروست بکرێت؟

رووداو- هەولێر

بڕیاری ئیدارەی ئەمریکی بۆ وەستاندنی هاوکارییەکانی بۆ هێزە چەکدارە میانڕەوەکانی سووریا جارێکی دیکە ئەو پرسیارەی هێنایە ئاراوە کە سیاسەتی ئەمریکا بەدەر لە لەناوبردنی داعش چ ستراتیژێکی دیکەی بۆ سووریا هەیە و چۆن دەیەوێت بە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی لەو وڵاتە بگات؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە ئیدارەی ئۆباما ماوەی پێنج ساڵ خۆی لێ دەدزینەوە. ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیک لە راپۆرتێکدا کۆمەڵێک بژارە بۆ کۆشکی سپی پێشنیاز دەکات.

فرێدریک هۆف، توێژەری ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک و ئامادەکاری راپۆرتەکە، پێیوایە سووریای 2017 جیاوازە لە سووریای 2011 هەرچەندە هەمان خێزان حوکمی وڵاتەکە دەکەن. وەک هۆف دەڵێت "دەوڵەت نەماوە، وڵات وێران بووە، رووسیا و ئێران ئەرکە سەربازییەکان جێبەجێ دەکەن و ئەمریکا بە هاوکاریی هێزێکی میلیشیایی شەڕی داعش دەکات لە رەققە، وەکوو بڵێی ئەمە هەموو کێشەکە بێت".

هۆف جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەرچەندە لە 2011وە ئەمریکا باسی لادانی ئەسەد دەکات، بەڵام "ئەم ئامانجە هیچکات فاکتەرێک نەبووە لە سیاسەتی ئەمریکادا. چونکە هیچ هەڵمەتێکی ئەمریکی بۆ گۆڕینی رژێم لە سووریا لەئارادا نەبووە". هەروەها دەڵێت "ناکرێ سەقامگیری بۆ سووریا بگەڕێنرێتەوە لە کاتێکدا هۆکاری سەرەکی کوشتارەکە و لەناوبردنی دەوڵەت لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە".

ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیوایە ئەگەر رێگەچارەیەک بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی لە سووریای داهاتوودا نەدۆزرێتەوە، ئەمریکا ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی لە سووریا بپێکێت، لەبەر ئەوەی "پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی تەنیا کێشەیەکی مرۆیی و کێشەی مافەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەمە کرۆکی گەرەنتیکردنی کۆتاییهێنانێکی درێژخایەنە بە قەیرانی سووریا، بۆیەش هەموو سیاسەتێکی عەقڵانی بۆ سووریا دەبێت فۆکەسی لەسەر ئەو کێشەیە بێت".

لەو سۆنگەیەشەوە لێکۆڵەرەکەی ئەتڵانتیک پێیوایە ئەمریکا دەبێ ئاماژەی روون بۆ سووریا و رووسیا بنێرێت کە هەر ئۆپەراسیۆنێک کۆمەڵکوژیی لێ بکەوێتەوە "کاردانەوەی توندی ئەمریکای بەدواوە دەبێت".

### چارەنووسی ئەسەد

لە بەشی دووەمی راپۆرتەکەدا، هۆف باس لە چارەنووسی ئەسەد لە روانگەی ئێران و رووسیاوە دەکات و دەڵێت: "ئێران دەیەوێت بۆ هەمیشە ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات بهێڵێتەوە، ئەسەدیش ئامادەیە ملکەچی رابەری ئێران و ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا بێ. رووسیاش دەیەوێت شکست بەو سیاسەتەی ئەمریکا بهێنێت کە گوایە ئەمریکا بۆ گۆڕینی رژێم لە سووریا هەیەتی".

نووسەری راپۆرتەکە دەڵێت رووسیا و ئێران توانیویانە ئەسەد لەسەر کورسی بهێڵنەوە و ئەمریکاش خەریکی تێکشکاندنی داعشە کە تەنیا "یەکێکە لە ئاکامەکانی سیاسەتی ئەسەد"، تەنانەت فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا رایگەیاندووە کە ئەوان هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە رۆژهەڵاتی سووریا جموجۆڵ بکەن، بەو مەرجەی ئەوانیش شەڕی دژی داعش بکەن. بۆیە هۆف دەڵێت "روون و ئاشکرایە بیر لەوە ناکاتەوە شەڕی لابردنی ئەسەد بکات، یان رێگری لە حیزبوڵڵا بکات قووڵاییەکی ستراتیژی لە سووریادا نەبێ".

هۆف لە بەشی سێیەمی راپۆرتەکەیدا دەڵێت ئیدارەی ئەمریکا کارێکی باش دەکات کە بۆ ئەگەرەکانی هاوکاری لەگەڵ رووسیا دەگەڕێت، بەڵام ئەمریکا دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە "رووسیا نە دەیەوێت و نە دەتوانێت سوورِیایەک دروست بکات نەبێتە هەڕەشە لەسەر وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ترانس ئەتڵانتیک".

بەبۆچوونی هۆف، رووسیا هەتا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی نەداوە کە بیەوێت قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لە سووریا بهێنێتە ئاراوە، هیچ ئاماژەیەکیش نییە رووسیا ئەو دەسەڵاتەی بەسەر ئەسەدەوە هەبێت کە ناچاری بکات دانوستاندنەکانی چارەسەری بە جدی وەربگرێت.

### سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سووریا

بەشی چوارەمی راپۆرتەکە تەرخانکراوە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە سووریا. بە بۆچوونی هۆف هەتا ئێستاش وادیارە سیاسەتی ئەمریکا تەنیا لەناوبردنی داعش و قاعیدە بێت لە سووریا. دوای ئەوەش خۆی لە قەیرانەکانی سووریا دوور بگرێت و سووریا بۆ ئەسەد و ئێران جێبهێڵێ. بە بۆچوونی فرێدریک هۆف ئەم سیاسەتە ئاکامی پێچەوانەی بۆ ئەمریکا دەبێت "چونکە تیرۆر، توندوتیژی و لێشاوی پەنابەر و ئاوارەی لێدەکەوێتەوە". جگە لەمەش "دەرفەتێک بە حیزبوڵڵا دەدات بەرەی تیرۆری خۆی لە سووریا لە دژی ئیسرائیل دامەزرێنێ و دەسەڵاتی ئێرانیش بەسەر لوبناندا بەهێزتر دەکات، هەموو دراوسێکانی سووریاش دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی ئێرانەوە".

### ئەمریکا چی بکات؟

بۆ رێگری لەم ئەنجامە لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک کۆمەڵێک پێشنیاز دەکات:

یەکەم: دانانی بەرپرسێکی باڵای حکومەتی تایبەت بە سووریا کە بەردەوام سەرۆکی ئەمریکا لە گۆڕانکارییەکان ئاگادار بکاتەوە. چونکە قەیرانی سووریا دەبێ وەکوو کێشەیەکی تایبەت سەیر بکرێت کە تێیدا "کێشەی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا و کێشەی حکومەتی سووریا لە رۆژئاوا جیابکاتەوە و تیرۆریزم و هۆکارە بنەڕەتییەکەی لە یەک جیابکاتەوە.

دووەم: ئەولەوییەت بە پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی بدرێت. دەبێ ئەوە بۆ حکومەتی سووریا روون بکرێتەوە کە بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی خەڵکی مەدەنی هێرشی توندی ئەمریکای بۆ سەر بنکەکانی حکومەت لێدەکەوێتەوە.

سێیەم: رێگاکانی هاوکاریکردن لەگەڵ رووسیا بدۆزرێنەوە، بۆ ئەوەی هەم سەقامگیری بۆ رۆژئاوای سووریا بگەڕێنرێتەوە و هەمیش بەهۆی رووسیاوە رێگە لە هێرشەکانی حکومەتی سووریا بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بگیرێ.

چوارەم: رێگایەک بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئێران سەبارەت بە سووریا بکرێتەوە.

پێنجەم: لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکرات کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێک بۆ رژێم و دەسەڵاتی تاران لە رۆژهەڵاتی سووریا بدۆزرێتەوە. هێزەکانی هەسەدە جۆرێک لە ئەڵتەرناتیڤیان خستووەتە ڕوو کە چۆن لە داهاتوودا دەسەڵات لە ناوچە ئازادکراوەکانی وەکوو رەققە و مەنبج گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

شەشەم: گەڕانەوە بۆ راگەیەندراوی کۆبوونەوەی جنێڤ کە لە 30ی حوزەیرانی 2012 راگەیەندرا، چونکە لەو راگەیەندراوەدا چوارچێوەی گواستنەوەی دەسەڵات لە سووریا دیاری کراوە.

حەوتەم: مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی سووریا وەکوو دەسەڵاتێکی تاوانبار، تیرۆریست و دەسەڵاتێک کە رێگە بۆ سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان خۆش دەکات.



پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی سڤیل کرۆکی گەرەنتیکردنی کۆتاییهێنانە بە قەیرانی سووریا

(فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان

هەوڵی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەب لە عێراق بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان چیرۆکێکی درێژە، سەتان توێژینەوە و کتێب دەربارەیان نووسراون، بەشێکی زۆریش لە خەڵکی کوردستان ئەوانەی لە چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو هاتوونەتە ژیانەوە، تا دەگاتە نەوەی هەشتا و نەوەتەکانیش شایەتحاڵی ناو ڕووداوەکانن، مەبەستمە بڵێم مێژووەکە زۆر کۆن نییە و پێموایە خوێنەر ئاشنای ئەو رابردووەیە، بۆیە لە باسکردنی مەترسییەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان بەپێویستی نازانم لە کورتە نووسینێکی وادا بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا و قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە، ئەوەندەی مەبەستمە باس لە ئایندەی ئەو مەترسییە بکەم.

کاتێ ویلایەتی مووسڵ لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، ژمارەی عەرەب لە ویلایەتەکە و ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستان و عەرەبستان زۆر کەم بوون بەراورد بە ژمارەی کورد لەو ناوچانە. بەڵام ڕووداوەکانی نزیک بە سەت ساڵی رابردوو دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە، ئێستا رێژەیەکی زۆری عەرەب لەو ناوچەیە دەژین. هاتنی داعش لەلایەک و شەڕی سێ ساڵەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەلایەکی ترەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاوی کردە ئاشی ئەو پرۆسەیەوە کە لە داهاتوویەکی دووردا دەبنە هەڕەشەی گەورەتر لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان.

بەهۆی شەڕ و ئەو کاولکاریانەی لەو ناوچانەدا ڕوویانداوە، بەشێکی زۆری دانیشتووانی عەرەبی سوننە لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون، دەسەڵاتدارێتی شیعە لە عێراق بەهیچ جۆرێک رێگەی نەدا ئەو عەرەبانە ڕووبکەنە ناوچەکانی تری عێراق و بە زۆر ئاراستەی ڕەوەکەی پێگۆڕین بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بەشێکی زۆریشیان هاتنە شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە. تەنانەت کاتێ بەهۆی شەڕی داعشەوە بەشێکی خەڵکی ناوچەکانی ڕومادی دەربەدەر بوون کە نزیکترین شوێنێک وەک پەناگە ڕوویان تێکرد بەغدای پایتەخت بوو، ڕێگەیان نەدرا بچنە ناو بەغداوە و هەموویان لە یاریگای نێودەوڵەتیی بەغدا کۆکرانەوە و بە فڕۆکەی عێراقی ڕەوانەی کوردستان کران.

لە ناوچەکانی دیالەوە تا سەلاحەدین و مووسڵ، پانتاییەکی جوگرافیی بەرفراوان ئاسەواری ژیانی پێوە نەهێڵدراوە، خەڵکەکەی هێشتا ئاوارەن و لە کەمپ و شوێنە جیاجیاکانی نزیک هەرێم و ناو هەرێمی کوردستاندان. حەشدی شەعبی لە زۆربەی ئەو شار و شارۆچکانەش کە دەرفەتی ژیانیان تێدا ماوە، دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و بە جۆرێک مامەڵە دەکەن، نەک دەرفەتی گەڕانەوەی نەڕەخساندووە بۆ ئەو عەرەبانەی هێشتا ئاوارەن، بەڵکوو بەشێکی دیکە لە عەرەبی سوننەی ئەو سێ پارێزگایە کە پێشتر لە دەستی داعش هەڵنەهاتبوون، یان بواری دەرچوونیان نەبووە، ئێستا ئەوانیش بەهۆی ئەو مامەڵەیەی حەشدی شەعبییەوە ناوچەکانی خۆیان جێدەهێڵن و هەموویان هەر ڕووەو کوردستان دێن.

بێگومان ئەوەی ڕوودەدات لە ڕووکەشدا بەشێکە لە شەڕی داعش، بەڵام لە واقیعدا شەڕی سوننە و شیعەیە. لەلایەک لێدان و لاوازکردنی پێگەی سوننەیە و کارکردنە بۆ لە ڕیشەوە هەڵکێشانیان لەو ناوچانەی بە جێنفوزی سوننە ئەژمار دەکرێن، لەلایەکی تریشەوە ئامادەسازییە بۆ پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان. تەنانەت ئەوەی ئێرانیش دەیکات لە گلدانەوە و گۆڕینی ئاراستەی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی دێنە هەرێمی کوردستانەوە، لە ستراتیژیەتی شیعەدا بەشێکی تری ئەو سیاسەتەیە کە ناوچە سوننییەکان دەرفەتی ژیانیان تێدا نەمێنێ. گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ڕووبار و چەم و جۆگە ئاوییانەی لەناو خاکی ئێرانەوە دەڕژێنە ئاوی سیروانەوە، زیانەکانی ڕاستەوخۆ بۆ ناوچە سوننییە عەرەبییەکانی دەشتی دیالە و حەوزی حەمرینە.

ئەگەر لە ئێرانیشەوە هیچ چەم و جۆگەیەک نەیەنە ناو بەنداوی دەربەندیخانەوە و تەنها پشت بە توانەوەی بەفری چیاکانی کوردستان و ئاوی باران ببەستێت، بەنداوی دەربەندیخان بەشی ئەو پێداویستیانە دەکات کە لە سنووری هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەکاربراوە، بەڵام ناتوانرێت ئاو بەربداتەوە بۆ دیالە و حەوزی حەمرین کە ئامانجەکەی ئێرانیش ئەمەیە، دەیەوێ سەرچاوەکانی ژیان لەوێ ببڕێت. سروشتی ئەو ناوچانەش بەو جۆرەیە کە باران کەم دەبارێت و ناتوانرێت تەنها بەپشتبەستن بە ئاوی باران پێویستییەکانی ئاوی خواردنەوە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان دابین بکەن. لەو حاڵەشدا ئەو سنوورە بەرفراوانەی ناوچەکانی دیالە تا حەوزی حەمرین دەرفەتی ژیانیان تێدا نامێنێ و خەڵکەکەی بەرەو کوردستان ڕەو دەکەن.

ئەمە بۆ زێی بچووکیش هەر بەو جۆرەیە، گلدانەوە و بڕینی سەرچاوەکانی ئاو لە ناو خاکی ئێرانەوە کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆ بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی حەویجەیە تا نزیک سەلاحەدین و زنجیرە چیاکانی حەمرین، سروشتی ئەو ناوچانەش هاوشێوەی ناوچە گەرمەسێرەکانی دیالە باران کەم دەبارێت و ناتوانرێت تەنها پشت بە ئاوی باران ببەسترێت، لە دوورمەودادا ئەو ناوچانەش بەکەڵکی ژیان نامێنن و خەڵکەکەی ڕوودەکەنە کوردستان. تەنانەت ئەوەی تورکیاش دەیکات لە دروستکردنی ئەو سەتان بەنداوەی لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر عێراق و سووریا دەبێت، بەنداوەکانی سەر ڕووباری دیجلە هەمان ئەو لێکەوتانەی زێی بچووک و سیروانی هەیە لەسەر ناوچەکانی نەینەوا و سەلاحەدین و خەڵکی ئەو سنوورانەش لە دواڕۆژدا هەر ڕوو دەکەنە کوردستان.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق، نزیکەی 7 ملیۆن عەرەب لەو بەشەی عێراق دەژین کە کەوتوونەتە نێوانی هەرێمی کوردستان و بەغداوە و لە داهاتوودا دەبنە بارێکی گران بەسەر کوردستانەوە و کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان زۆر لەوە زیاتر دەبێت کە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەب لە سەت ساڵی رابردوودا کردوویانە لە پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزیی کورد. ئەو دەرئەنجامانەی وەک لێکەوتەی ئەو سیاسەتە کەوتوونەتەوە و ئێستا بوون بە گرفت لەبەردەم چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق و ئاسەوارەکانی وەک مەترسی لەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەردەوامن، زۆر کەمترن لەو مەترسیانەی لە 10 ساڵی داهاتوودا دێنە ڕێی گەلی کورد و دەبنە هەڕەشە لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان.

تەنها شتێک کوردستان لەو ڕەوکردنە بەپلان و ستراتیژییە بپارێزێت، ئەوەیە کە بەدوای دەروازەکانی سەربەخۆییدا بگەڕێت. تا زووتر لە عێراق جیاببێتەوە، زۆرتر خۆی لەو مەترسیانە دووردەخاتەوە. ئێستا بەهۆی شەڕی داعشەوە بەشێکی ئەم پلانە دەستپێکردووە و نزیک بە یەک ملیۆن عەرەبی دیکە سەرباری مانەوەی عەرەبی تەعریبی سەردەمی سەدام، هاتوونەتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و زیاتر لە ملیۆن و نیوێکیش لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانن. ڕێژەی گەشەکردنی خێزان و ژمارەی لەدایکبوونیش لەناو عەرەب لەسەرووی هەموو بنەمایەکی زانستییەوەیە، پاش چەند ساڵێکی تر ئەم ژمارانە ئێجگار بەرز دەبنەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا کورد بەدیدێکی ستراتیژییانە لەم مەترسیانە دەڕوانێت؟



بەهرۆز شوجاعی

# دژایەتی گشتپرسی یان مۆدێرنیتەی بەکۆلۆنیکراوی کورد

کۆلۆنیالیزم بە تەنیا بە داگیرکردن و خاڵیکردنی مێشکی خۆجێیەکان لە فۆرم و ناوەڕۆک ڕازی نابێت، بەڵکو بە لۆژیکێکی فاسق دەگەڕێتەوە ڕابردووی گەلە بەکۆلۆنیکراوەکە، تەحریفی دەکات، دەیشێوێنێ و لەبەینی دەبات.
فرانز فانۆن، 1961

## سەرەتا

بەشێک لە لیبەراڵ، مارکسیست و ئیسلامیستەکانی کوردستان بە بیانووی جیاواز دژبەریی خۆیان بۆ گشتپرسی و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاندووە. لێرەدا من بەبێ ئەوەی بچمە سەر ئایدیۆلۆژی و پەیوەندییە ناودەوڵەتییەکانی ئەم لایانە، دەمەوێ لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و تیۆری پۆست کۆلۆنیالەوە شیکردنەوەیەکی سەرەتایی لەسەر هەڵوێستی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەرببڕم. ئارگومێنتی زۆربەی ئەم ڕەوتانە ترس یان وەهمیانە لە دروستبوونی دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و زۆر مەرکەزی و گەندەڵ کە چاودێری و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن بزووتنەوە سیاسییەکان و هاووڵاتیانەوە ئەستەم بێت. بەڵام ئەم ئارگومێنتە بناغەیەکی لاوازی هەیە. چونکە دەوڵەتێکی کوردی لە بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خودی هاووڵاتیانی ئەرکی حسابدانەوەی زیاتر دەبێت.

یەکەم لەبەرئەوەی حکومەتی کوردی لە باشوور سەرمایەیەکی زۆری بۆ دیموکراتیکبوون، جێگیرکردنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا خەرج کردووە. بەشێک لە پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەم وێناکردنەوەیە.

دووەم هاووڵاتی کوردستانی تاکێکی سیاسییە، ئەنفال و کیمیابارانی تێپەڕ کردووە و لە قۆناغی سەختی پۆلیتیزەبووندا گوزەراوە. بۆیە لە حاڵەتی سەربەخۆییدا، دەوڵەتی کوردی لەبەرامبەر ئاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی مەجبوورە شەفافتر و کراوەتر بێت.

سێیەم، کوردستان بەشێک بووە لە عێراق و دەوڵەتی عێراق لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا دەوڵەتی ڕانت (ریعی) بووە، بەتایبەتی پاش کارەساتی 1975 کۆمەڵگای کوردی بە سیاسەتی ڕانت بە تەواوی لەناو سیستەمێکی گەندەڵدا ئەنتەگرە کردووە. گەندەڵی لە کوردستان شتێکی نوێ نییە، میراسی حکومەتی عێراقە، ڕەنگە سەربەخۆیی تەنیا شانسی خۆڕزگارکردن لەم کولتوورە بێت.

کورد ڕێگەی فیدراڵیزمی لەگەڵ عێراق تاقی کردووەتەوە و ئەم ئەزموونە سەرکەوتوو نەبووە. یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنی فیدراڵیزم لە عێراقدا نەبوونی نەریتی دیموکراسییە. ئەزموونی سیاسی لە جیهاندا سەلماندوویەتی کە پێشمەرجی سەرکەوتنی فیدراڵیزم دیموکراسییە. بە دەوڵەتێکی مەرکەزی کە وەکالەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات، دیموکراتیزەبوونی عێراق ئەستەمە. بۆیە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق ئەمڕۆ نەتوانێ بە فیزیکیش کوردستان لەناو ببات، ئەو ڕۆژە کە هەستی کرد هاوکێشەی سەربازی ڕێدەدات، بۆ لەبەینبردنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کورستان قەت دوودڵی ناکات. بەڵام لێرەدا ئەوەی بەلامەوە سەیرە هەڵوێستی کوردە مۆدێرنیستەکانە.

### سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کورد لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی مەعریفی و زیهنی

لێرەدا پێویستە لەسەر گوتاری ناسیۆنالیستە سەردەستەکان لە کوردستان پێداچوونەوەیەک بکرێت. بە درێژایی مێژوو، گوتاری فەرمی لە وڵاتە داگیرکەرەکان- هەم لەناو نەتەوە باڵادەستەکان و هەمیش لەناو کورد- هۆشمەندییەکی ساختەی دروست کردووە. ئەم هۆشمەندیە ساختەیە بریتییە لە خاوەنداری لە باوەڕی ساختە و ناڕاست کە لە دژی بەرژەوەندیی ئۆبژێکتیڤی کۆمەڵایەتی خودی تاکەکەسی نەتەوەی باڵادەستن و لە هەمان کاتدا بوونەتە هاندەری چەوساندنەوە و نایەکسانی لە کۆمەڵگادا. هەر بەو شێوەیەش، بەپێی ئەم پێناسەیە، گرووپ یان تاکی مەحرووم و ژێردەست، واتە کوردیش بوونەتەوە خاوەنی هۆشمەندییەکی ساختە بە شێوازێکی تر. بەپێی ئەم هۆشمەندییە — خۆشیان باوەڕیان پێیەتی — ئەوان کەمترن و لەخوارترن، بۆیە لە هەرەمی کۆمەڵایەتیدا موستەحەقی پێگەیەکی موتیع و بندەستن.

لە نەستی کورداندا باوەڕێکی شاراوە بە باڵادەستی/ پێشکەوتوویی گرووپی حاکم (تورک و فارس و عەرەب) بەسەر گرووپی بندەست و خوارەوە (کورد) هەیە. ئەم باوەڕە ساختەیە ڕێگای داوە بۆ پەیدابوون و دروستبوونی کلێشە و ستێریۆتایپێکی هاو ڕازیکەرانە. بەو شێوە کە هەردوولا، سیستەمی کۆمەڵایەتی مەوجوود — بە هەموو ڕێژەی نایەکسانییەوە — وەکو سیستەمێکی مەشروع و تەنانەت سروشتی قبوڵ دەکەن. بۆیە بۆ نەتەوە حاکمەکان سروشتییە کە وڵاتەکەیان خاوەنی پێناسەیەکی تورکی، فارسی یان عەرەبی بێت. چونکە، بە تەعبیری وان، ئەو وڵاتانە لە قەدیمەوە موڵکی مەورووسیان بووە. کورد و گەلانی دیکە تەنیا سەرچاوەی کێشەن، کە یان دەبێ لە بەین ببردرێن — وەکو ئەنفالی سەدام — یان لە باشترین حاڵەتدا خۆیان دەگەڵ هەلومەرجی داسەپاودا بگونجێنن و هەڵوێستی دەوڵەتی مەرکەزی قبوڵ بکەن — وەکوو دەوڵەتی مالیکی و عەبادی. کورد هەم بەبۆچوونی نەتەوە سەردەستەکان، هەمیش بەپێی بۆچوونە بەربڵاوەکەی خۆیان – کە بە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بەسەریاندا سەپێنراوە — بەردەوام لە بەراورد لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا کەمزەکا، نەشیاو و پاشکەوتوو پێناسە دەکرێن. ئەم کلێشانە پشتگیریی نەتەوە سەردەستەکان بۆ ستاتوس کو (هەلومەرجی هەنووکە) و شەرعیەتی سیستەمەکەی زیاتر دەکات. لەلای دیکەڕا کوردیش تووشی کەمبوونی هەستی خۆباوەڕی و بەختەوەریی سوبژێکتیڤ دەبن. بۆیە بۆچوونێکی دوودڵانە لەمەڕ ئەندامەتی لەناو گرووپی ئەتنی خۆیان هەڵدەبژێرن.

ئەم هۆشمەندییە ساختەیە کە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر دەروونناسی کورد هەبووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرچی بە ناسنامەی کوردییەوە تەداعی دەکرێت بە پاشکەوتووی بزانێت. ڕێک وەکوو گوتاری سیاسی و فەرهەنگی نەتەوە سەردەستەکان، مۆدێرنیستە کوردەکانیش سەرچاوە ناسیۆنالیستیەکانی کورد بە دواکەوتوو لە قەڵەم دەدەن. سەیر لەوەدایە ئەم مۆدێرنیستانە لەسەرەتادا هەموو بە جامانەی کوردایەتی دێنە گۆڕەپانی خەبات، بەڵام دروست بە شێوەی کەسانی وەکو زیا گوکئالپ، سلێمان نەزیف و د.شوکری محەممەد سەگبان دەبنە دوژمنی کوردایەتی. سلێمان نەزیف یەکێ لەو کەسانەی کە دەوری مەشروتیەتی عوسمانی باسی مافی کوردی دەکرد، دواتر بە سیفەتی والی مووسڵ، عەبدولسەلام بارزانی لەسێدارە دەدات. سوتفە نییە کە ئەو ڕەوتانەی دژایەتی ریفراندۆم دەکەن، هەموویان — تەنانەت ئیسلامیستەکان — ڕەوتی مۆدێرنیستن.

ئەو مۆدێرنیتەیەی کە لە چاویلکەی کولتووری نەتەوە سەردەستەکاندا بە سیستەمی پەروەردەیی خۆیانەوە کەوتووە نەستی مرۆڤی کورد. ئەم پرۆسەیە ناوێکی هەیە، مەنتیساید، یان کوشتنی مەعنەویی مرۆڤی بەکۆلۆنیکراو. ئاسۆی مرۆڤێک کە مەنتیساید کراوە لە کولتووری نەتەوەی کۆلۆنیالدا حەبس دەکرێت و بەم شێوەیە تووشی حەبسێکی چەمکی دەبێتەوە. لە ڕوانگەی عەدەسەی نەتەوەی کۆلۆنیالەوە جیهان شی دەکاتەوە. سەیر نییە کە دژە ڕیفراندۆمەکان دروست ئەو دەستەواژانە بەکاردێنن کە حیزبە فاشیستەکەی تورک مەهەپە و فارسە شۆڤینیستەکان بۆ بارزانی و حکومەتی هەرێم بەکاریان هێناوە، لەوانە: سەرۆک عەشیرەت، حکومەتی عەشایری و ...هتد، جارانیش خەباتی کورد لەپێناوی سەروەری وەکو پاشکەوتوویی لەقەڵەم دەدرا. بۆ ڕزگارکردنی کورد لە نەهامەتی و دواکەوتوویەکەی پێشنیاز دەکرا لەگەڵ گەلانی دراوسێ (بە تێگەیشتنی ئەوان مۆدێرن) ئاوێتە بکرێن. وەک لە سەردەمی مەشرووتیەت، ئێستاش دیکۆتۆمیەکی ڕادیکاڵ لە نێوان واقیعەتی کوردستان و ئەو ئەمری واقیعەی کە مۆدێرنیستە کوردەکان وێنای دەکەن دروست بووە. سەد ساڵ پێش ئێستاش ڕوشنبیرێکی سلێمانی واقعییەتی کوردستانی پێ دواکەوتوو بووە و دەنووسێ: "هەموو گەلانی جیهان ڕێگەی پێشکەوتن و فەزیلەتیان تێپەڕ کردووە، بە عەرابە، شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل شاڕێی گونجاویان دروست کردووە. ڕێگەی کورد هەر وەحشەتزارێکی ڕووتە و جگە لە چەند ڕێپێیەک هیچی تری لێ نابینرێ" (ئیسماعیل حەقی بابان، ڕۆژی کورد، ژ 3، ئابی 1913). لە نەستی مرۆڤی کورددا خۆڕەخنەکردن گەیشتووەتە ئاستی نەفرەت لەخۆکردن. نوخبە و بژاردەی کورد زۆر جار بە چاوی سووکایەتی تەماشای هاووڵاتیان و بەشێکی گەورەی بزووتنەوەکانی گەلەکەیان دەکەن.

### مۆدێرنیتە و تۆڕێنیزمی مۆدێرنیستە کوردەکان

کۆلۆنیالیزمی بیر و زانینی مرۆڤ لەژێر ناوی مۆدێرنیتە و ئاوەزمەندی (عەقلانیەت) ئەنجام دراوە و نکۆڵی لە واقعییەتی خۆی کردووە و تەعبیرێکی بیانی بۆ وێناکردنی دیاردە ناوخۆییەکان بەکارهێناوە و ئەو وێنایەی وەکوو حەقیقەتی گەردوونی پێناسە کردووە.

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، ڕۆشنبیرە کوردەکان کە لە قوتابخانە کۆلۆنیالەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا پەروەردە کرابوون، دەبوونە خاوەنی بیرۆکەی مۆدێرنیستی کۆلۆنیال کە لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا ڕەوتێکی سۆسیال داروینیستی هەبوو، واتە باوەڕیان بە ئیسلاحی نەژادی هەبوو. بۆیە زۆربەی ڕەوشەنبیرە کوردەکان لەم ئاراستەیەدا دێنە سەر باوەڕ بە دواکەوتوویی کورد و دروستکردنی جۆرێک مرۆڤی تازەی کورد. بەپێی ئەو باوەڕە واقیعێکی دیکە دروست دەکەن کە لەگەڵ زانینی مۆدێرنیتەی کۆلۆنیالیی ئەوان بگونجێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکە لە ناخی کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵدابێت، لەگەڵ پێوەرە مۆدێرنەکانی ئەوان ناگونجێت. ئەوان نۆرمی مۆدێرنیتەی عوسمانی، ئینگلیزی، تورکی و فارسی دەکەنە پێوەری جیهانبینیی خۆیان و لەو ڕوانگەیەوە مرۆڤی کورد هەڵدەسەنگێنن. سەیر نییە کە ڕۆشنبیرانی وەکو تۆفیق وەهبی، ماجید مستەفا، ئەمین زەکی بەگ، شێخ مەحموودی حەفیدیان بە دواکەوتوو دەزانی و دواتریش پشتیان تێکرد. نۆ لە 15 ئەفسەری دامەزرێنەری سوپای عێراق کورد بوون. مۆدێرنیتەی کۆلۆنیال لە ساڵانی شەستدا بووەتە هۆی پارچەبوونی پارتی دیموکراتی کورد. ئێستاش مۆدێرنیستە کوردەکان دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. ئەوان مۆدێرن و پێشکەوتوون و بزووتنەوەی سەربەخۆییخواز دواکەوتووە، چونکە وێنەی ناسیۆنالیزمی کورد کە پێشەنگی بزووتنەوەی سەربەخۆیی دەکات، لەگەڵ هۆشمەندیی مۆدێرنیتەی کۆلۆنیالیان ناگونجێت. بەڵام ئەمە جاری یەکەم نییە ئەم ناکۆکییە کۆمەڵگای کوردی پارچە پارچە دەکات. مێژوو دووبارە دەبێتەوە، مۆدێرنیستی بە کۆلۆنیکراوی کورد، سەروەریی کوردی هەمیشە پێ دواکەوتوو بووە.

د.زاهیر سوران

# بێکەسی گۆڕ پڕ لە نوور باشی پێکاوین!

زیاتر لە 40 ساڵ لە ئەورووپا ژیاوم و نزیکەی حەوت ساڵیشە لە کوردستانم. لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ سووکترین، بێ نرخترین و بێ متمانەترین پاسپۆرت هی عێراق بووە، هەمیشە (هەڵگرەکەی) خاوەنەکەی جێی متمانەی پۆلیسی هیچ وڵاتێکی گچکەی وەک ئەلبانیاش نەبووە، بە چاوی سووک سەیری کراوە و هەمیشە لەژێر گوماندا بووە. هەرگیز هەڵگرەکەی سەری بەرزی بەخۆیەوە نەدیوە، هەموو کاتێک لە بنکەکانی پۆلیس، فڕۆکەخانە و خاڵە سنوورییەکاندا سەرکز و سەرشۆڕ بووە، هەرچی خودا پێی ناخۆش بوو بێت پێی کراوە و پێی گوتراوە، جاری وا هەبووە خاوەنەکەی پڕ شەق و زللەش کراوە و تفی تێکراوە و هیچ خێرەومەندێک یارمەتیی نەداوە و جورئەتی نەکردووە و لەسەری بەجواب نەهاتووە!

کوردێک نییە ئەو سووکایەتییەی پێ نەکرابێت ، مەگەر پاسپۆرتی هەبێت و هەرگیز سەفەری پێ نەکردبێت، ئەو کەسەی دەڵێت وا نییە و وا نەبووە لە شەرماندا ڕاست ناڵێت.

هەمیشە ناوی ئەم وڵاتە وەک دێوەزمە و مۆتەکە بەسەرمانەوە بووە، هەردەم لەدەست شەقی پۆستاڵی لەشکرە شوومەکەی، تۆپ و ڕۆکێتەکانی، فڕۆکەکانی، ئەمن و جاشەکانی هەڵهاتووین، خۆمان شاردووەتەوە، سەرمان کز کردووە، تووشی دەیان و سەدان لێکترازانی خێزانی و گیروگرفتی دەروونییان کردووین، بۆمان نەبووە پڕ بەدڵی خۆمان پێبکەنین، بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەکانمان دڵخۆش بین، هەرگیز نەمانوێراوە و نەمانتوانیوە بەدڵی خۆمان و بەئاشکرا ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدێکمان ئەنجام بدەین و بە ڕێزەوە بەڕێیان بکەین جا نەخوازەڵا ماتەمینییان بۆ بگرین، ئەمنی دەوڵەتی عێراق پارەی گوللەی شەهیدکردنی ڕۆڵەکانیان لێ دەستاندینەوە، تا ئەمڕۆش گۆڕی زۆربەی زۆری شەهید و خۆشەویستە ونبووەکانمان و ئەنفالکراوە بێ سەروشوێنکراوەکانمان نازانرێت!

تا ئەمڕۆ کوردێک نییە بە سەربەرزی و بێ ترس تەنانەت سەردانی پایتەختی عێراقی عارەب بکات، کابرایەکی عارەب پێیگوتم: ئەوە ئێمە خوا غەزەبی لێگرتووین و بەو ترس و لەرزەوە سەردانی دایک و باوکمان دەکەین، ئەی پێمان ناڵێن ئێوەی کورد جگە لە نەهامەتی چیتان لە بەغدا دەستکەوتووە؟

ڕاستە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی بازرگانی و ئابوورییان هەیە، بەڵام ئەوانیش وەک سەدانی تری ئەم دونیانە مافی خۆیانە کاسبی بکەن بۆ بژێوی ژیانیان، بەڵام مەسەلەکە بەرژەوەندیی تاکە کەس نییە، بەرژەوەندیی میللەتێکی داخ لە دڵی بەشخوراوی تا بینەقاقا زوڵم لێکراوی، مووچەبڕاوی ، بێ نرخ دانراوی، خاوەن هەزاران شەهیدی پارچە پارچەکراوە .ئەرێ پێمان ناڵێن دایکی کام شەهید، کام ئەنفالکراو، کام بێ سەروشوێنکراو، کام لەسێدارەدراو، دایک و باوکی کام و کام و کام .....تاد دەڵێ نەخێر بۆ سەربەخۆیی؟ ئێستا بۆمان دەردەکەوێت گەر حیزبەکان ڕاستیان فەرموو لای ئەوان حیزب وەسیلەیەک بووە بۆ بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئازادی و سەربەستیی ئەم نەتەوەیە، نابێت ئەمڕۆ لە دروشمەکانیان پاشگەز ببنەوە، دەنا ئێمە خۆشەویستەکانمان کردە قوربانی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەک لەبەر ئەو کۆمەڵەی دژی خواستی میللەتێکن، پێموایە هۆنراوەکەی فایەق بێکەس تا ئەمڕۆش بڕ دەکات و باشی پێکاوین، پڕ بە پێستمانە کاتێک دەفەرمووێت :

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە**
**دوودڵن پیسن لەناو یەک بۆیە وا بێ لانەیە**

ئەز دەبێژم خەڵک ئازادە و نابێت ئازادی لێ زەوت بکرێت، بەڵام دژەسەربەخۆییەکان نابێت و بۆیان نییە بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕینەوە وەک جاشە چەک بەدەستەکانی کۆن میللەتێک بەلاڕێدا بەرن لەبەر گیرفانیان.

دەبێت باش ئەو ڕاستییە بزانن هەموو ئەو شۆڤێنیانەی کە لە بەغدا حوکمیان کردووە و ئێستاش دەیکەن، جا گرنگ نییە کێ بوون و کوڕی کێن، گەر ئەمڕۆ بۆیان بکرێت لە سەدام خراپترمان لێ دەکەن، لە بیرتان چووە لەنێو پەرلەمانی بەغداکەتان چییان لێکردن، پێڵاویان لەپێ داکەندن و بۆیان بکرایە و فریاتان نەکەوتنایە و لەبەر شاشەی کامێرا نەبووایە خراپتریشیان لێ نەدەکردن؟

هیوادارم کەمێک بەخۆیاندا بچنەوە و لەبیریان نەچێتەوە، گەر ئەوەی ئێستایان پێ خۆشە، ئەوا بە ویژدانی نەخۆشەوە پیرۆزیان بێت و با هەر نۆکەری بێگانە بن!

ئێمە نۆکەریمان هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بە ئازادی لەدایکبووین و دەمانەوێت بە ئازادی و سەربەرزی بژین و بمرین .

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پێنج خاڵەکەی گۆڕان بۆ ڕێککەوتنە؟

1

سەرئەنجام بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری دا لەگەڵ پارتی دانیشێت و پێشوەختەش تەوەرەکانی دانیشتنی خۆیانی بە پارتی ڕاگەیاند. ئەڵبەتە ئەمانە وەک خۆیان دەڵێن (خاڵ)ی دانیشتن نین و بگرە (مەرج)ن، چونکە لە هەموو خاڵەکاندا، دیدگای خۆیان بەسەر پارتیدا فەرز کردووە. بە واتایەکی دیکە ئەو پێنج خاڵە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی بزووتنەوەکەیە و دەیەوێ بە دەنگدەرەکانی خۆی بڵێت، هیچ مساوەمەیەک لەسەر درووشمەکانی پێشوویان نەکراوە.

بەڵام پرسیاری جددی لێرەدا ئەوەیە کە ئەی پارتی لەو پێنج خاڵە چی دەست دەکەوێت؟ ئەگەر ئەوە (دان) و (ستاندن)ی سیاسییە، نەدەبووایە گۆڕان هەر لە دەققەی یەکەمەوە، ئەوراقی گفتوگۆ کەشف بکات، دەکرا چوارچێوەی گشتیی دانوستاندنەکان باس بکات و ئەوەی دیکەی هەڵگرێ بۆ کۆبوونەوەی دوو قۆڵی.

پارتی هەموو نەرمی نواندن و تەنازولاتی لە پێناوی سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆمە لە 25ی ئەیلول و یەکێک لە مەرجەکانی گۆڕان ئەوەیە کە ریفراندۆم (نەک لەبەر ئەوەی زەمینەی یاسایی نییە)، بگرە هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیش لەبار نییە، بۆیە دەبێ بۆ کاتێکی دیکەی نادیار دوابخرێت (کە گۆڕان نایەوێ تەنانەت ئەگەر پەرلەمانیش کارا بکرێتەوە، لەم خولەدا بڕیاری لەسەر بدرێت و مەبەستیەتی دوابخرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو).

ئەوەی گۆڕان لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا بۆ ڕای گشتی و پارتی بەیانیان کردووە، ئەستەمە پارتی پێیان ڕازی بێت، ئەگەر گۆڕان بەدیلی ئەو تەوقیتەی 25ی ئەیلولی پێ نەبێت و زەمانەتی ئەوەش نەدات کە لە پەرلەمان وەکو بڕیارێک تێیدەپەڕێنێت. ئینجا خاڵێکی گرنگیش ئەوەیە کە هەر دواخستنێک لە وادەی گشتپرسیدا ڕووبدات، دەبێ بە هەمان ئاراستەدا ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی بۆ درێژ بکرێتەوە، ئەگەرنا پارتی ناچێتە ناو سەودایەکی وەهاوە. دانوستاندنی پارتی لەگەڵ گۆڕان هەر لە فەلەکی گشتپرسیدا دەبێ و ئەگەر گۆڕان مەبەستیەتی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا بێت (کە لە پێنج خاڵەکەدا ئاماژەیان بەگەڕانەوەی وەزیرەکانیان نەکردووە)، دەبێ وەکو حیزبێکی سیاسی ئەویش بایی ئەوە مروونەتی تێدا بێت کە ئەویش بە داواکارییەکی پارتی ڕازی بێت. ئەگەرنا پارتیش لەوە باش تێگەیشتووە کە گۆڕان ناتوانێ سەنگەر لە گشتپرسی بگرێت، چونکە ئەوکاتە حیزبەکەی دەبێتە پاشکۆی سەرمایەدارکراوە (نەخێر) گۆیەکەی سلێمانی.

## ڕێککەوتنێکی نوێ

2

پارتی و یەکێتی ڕایانگەیاندووە کە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ قۆناغی داهاتووی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەنجام دەدەن، جەوهەری ئەم ڕێککەوتنە نوێیە ئەوەیە کە گشتپرسی لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت و لەبەرامبەر ئەوەشدا هەڵبژاردنە گشتییەکان تا ماوەیەک دوابخرێن. هەر بۆیە وەک ئەوەی گۆڕان بۆنی ئەوەی کردبێ کە شتێکی وا لە ئارادایە، یەکێک لە مەرجەکانی دانوستاندنەکانی نێوان خۆیان و پارتیی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە کات و وادەی خۆیاندا ئەنجام بدرێن.

لەڕاستیدا یەکێتی تەنها هێزی سیاسییە لە کوردستان کە لەو زرووفەدا حەز بە دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکات و دەزانێ کە گۆڕان لە مەسەلەی ریفراندۆمدا یاری بە کات دەکات و خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکات. ئەوەش باش دەزانێ کە لە ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنەکاندا، گۆڕان گورزێکی گەورەی بەردەکەوێت. چونکە هەڵبژاردنێکی خێرا لە کوردستاندا حەجمی گۆڕان بە یەک دوو کورسی زیاد و کەم، دەپارێزێت و تا چوار ساڵی دیکە پێگەی گۆڕان قایم دەکات. بەڵام دواخستنی هەڵبژاردن وا دەکات کە دەنگدەرانی گۆڕان تووشی نائومێدی و پەرتەوازەیی ببن و کێشە ناوخۆییەکانی گۆڕانیش پەرەبستێنن. هاوکات یەکێتی دەزانێ کە دکتۆر بەرهەمساڵحیش (ئەگەر نەگەڕابێتەوە ناو یەکێتی، چونکە هەوڵێکی جددی هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی یەکێتی) لیستی بۆ هەڵبژاردنەکان دەبێت. بۆیە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئەمساڵدا، وادەیەکی دڵخۆشکەر نییە بۆ یەکێتی و بەتایبەتیش کە یەکێتی ئێستا پێیوایە تازە بە تازە سەقامگیرییەکی ڕێژەییان لەناو خۆیاندا دروست کردووە و دەیانەوێ پەرەی پێ بدەن.

## فوئاد مەعسووم لە خەو هەستێنن

3

سەرۆککۆماری عێراق بەپێی دەستوور، پارێزەری دەستوورە و دەبێ لە کاتی پێشێلکردنی دەستووردا بێتە جواب! ئەڵبەتە مام جەلالیش هەمان ڕۆڵی هەبوو، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لەسەر هەموو ئەو پێشێلکارییانەی کە دەسەڵاتی شیعە لەبەغدا بەرامبەر دەستوور و شەراکەت کردوویانە نەهاتووەتە جواب. بڕیارە شاندی کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم لە بەغدا دوای بینینی عەبادی، چاویان بە فوئاد مەعسوومیش بکەوێ و لەگەڵی کۆببنەوە. بەپێی دیباچەی دەستووری وڵاتی بەناو عێراق، جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوور زامنی مانەوەیەتی بە یەکگرتوویی و لەئەگەری پێشێلکردنیدا کورد مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. ویلایەتی سەرۆک فوئاد مەعسووم هەر چەند مانگێکی دیکەی ماوە و دەتوانێ لەو ماوەیەدا ئەویش مێژوویەک بۆخۆی تۆمار بکات. ئەو دەتوانێ دلێرانە و وەک ئەو کاتانەی پێشمەرگە بوو، بە دەنگێکی بەرز ڕایبگەیەنێت کە گەلی کوردستان مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان هەیە و دەستوور پێشێل کراوە و زەمینەکانی شەراکەت لەبار براون. بە داخەوە ئەو دەنگە لە ئیسرائیلەوە دێت، بەس لە نوێنەری کورد لە بەغداوە نابیسترێ.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# بۆچی عەبادی دژی هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبییە؟

هەڵوێستی حەیدەر عەبادی سەبارەت بەوەی کە حەشدی شەعبی هەڵناوەشێتەوە، وەک وەڵامێکی نەرێنی بۆ داوایەکی موقتەدا سەدر دەردەکەوێت کە داوای کردبوو، حەشدی شەعبی بە سوپاوە بلکێنرێت و چەک لە دەستی دەوڵەتدا کۆبکرێتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی عەبادی دژی خواستەکەی سەدر دەرکەوت؟ گریمانەم وایە کە ئەم هەڵوێستەی عەبادی لە ئاستی تەکتیکیدا پەیوەندی بە ئامادەکاریی هەڵبژاردن (ڕاگرتنی باڵانس لەناو شیعەکان و کەڵکوەرگرتن لە جەماوەرییبوونی حەشدی شەعبی) و حیسابە جیۆسیاسییەکانی ناوخۆی عێراقەوە هەیە (بۆ نموونە هێشتنەوەی وەک کارتێکی گوشار لەسەر کورد). لەوەش بترازێ، بە شەرتی کۆنترۆڵکردنی، مانەوەی هێزێکی وەک حەشدی شەعبی، ڕێگایەکی ئاسانە بۆ ئەوەی دەوڵەتمەدارێکی شیعەی عێراقی بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی پێ قایم بکات.

### حەشدی شەعبی و بنیاتنانەوەی دەوڵەت

ئەوەی هێز دروست دەکات سیانەیەکە بەناوی "زێڕ و زۆر و زانیاری"، ئەمانە لەدەست هەر لایەک بن، هێزداری دەکەن. حەشدی شەعبی وەک بازوویەکی سەربازی و میکانیزمێکی بەکارهێنانی زۆر، کاریگەریی بەرچاوی لە سیاسەتی ناوخۆی عێراقدا هەیە. بۆیە ئەم هێزە لە کۆنترۆڵی کام لایەنی شیعیدا بێت، پێگە سیاسییەکەی گەورەتر دەبێت.

لەڕووی ستراتیژییەوە دەوڵەت بەبێ سوپا دەوامی نابێ و ئێستاش ئەگەر لە دوای ڕووخانەکەی 2003 و بەرەو شکستی ڕۆیشتنەکەی سەردەمی داعش، کەس یان لایەنێک بەتەمای بنیاتنانەوەی دەوڵەت بێت، پێویستی بە سوپا هەیە. بێشک ئەو سوپایەی کە دەبێتە کۆڵەکەی دەوڵەتی نوێی عێراق، ئەو سوپایەی ئێستا نابێت کە ئەمریکییەکان بناغەیان بۆ دارشتووە. لەڕووی سیاسییەوە عێراقی نوێ کە پێویستە بە گوزارشتێکی خۆرئاواییانە دیموکراتی و فیدراڵی بێت، سەری نەگرت و زەحمەتە سەربگرێت، بۆیە درەنگ یان زوو دەچێتەوە سەر ڕێچکەی جارانی خۆی کە تێیدا گەلێک شت بە زۆر، واتا بە جەنگ و کودەتا یەکلایی کراونەتەوە. ئەمەش یان دابەشبوون یان مەرکەزیکردنەوەیەکی نوێی دەوڵەت لەگەڵ خۆی دەهێنێت. دەسەڵاتداریی زۆرینەی شیعی لە عێراق پێویستی بە سوپایەک هەیە کە لە ناوەڕۆکدا شیعی بێت وەک چۆن ناوەڕۆکی سوپای سەدام سوننی بوو. دامەزراندنی حەشدی شەعبی، فرسەتێکە بۆ بنیاتنانەوەی سوپا- دەوڵەتی عێراق بە جۆرێک کە مۆری شیعەی پێوە بێت و تەنانەت موقتەدا سەدریش وەک سەرکردەیەکی ناڕازی داوای تێکەڵاوکردنی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپا دەکات (کە لە واتایەکدا بەشیعیکردنی سوپایە) نەک هەڵوەشانەوەی تەواوەتی، چجای دەوڵەتمەدارێکی وەک عەبادی!

### حەشد و کێشمەکێشی ناوخۆیی شیعە

چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا سێ جۆر ناکۆکی لەنێو شیعەکانی عێراقدا بە ڕوونی دەربکەون:

1- ململانێی جیلی نوێی سەدر و حەکیمەکان لەسەر باڵادەستیی ئایینی و مەرجەعیەتی شیعەی عێراق لە قۆناغی گریمانەیی پۆست-سیستانیدا.

2- ململانێی پیاوانی ئایینی شیعە لەگەڵ سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی شیعە وەک ناکۆکیی سەدر- مالیکی یان لە داهاتوودا سەدر- عەبادی.

3- کێشمەکێشی شیعەی عەرەبی و شیعەی ئێرانی

باروودۆخی نێودەوڵەتیی ئێران و عێراق و ئەگەری مردنی هەریەک لە ئایەتوڵاکەی تاران، عەلی خامنەیی- 78 ساڵ و ئایەتوڵاکەی نەجەف، عەلی سیستانی87- ساڵ، ماتەوزەی ئەو ناکۆکییانە ئازاد دەکەن. لەم ناکۆکییانەشدا حەشدی شەعبی دەتوانێت فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێت. بۆیە سیاسییەکان زیاتر لە هەڵوەشانەوەی، بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن لە داهاتوودا بیخەنە خزمەتی خۆیان.

### حەشد و هەڵبژاردن

خەمی گەورەی عەبادی لەم قۆناغەدا، ئەوەیە چۆن لە 2018دا بە ئیئتیلافێکی سەرکەوتووانەوە مانەوەی لە کورسییەکەی خۆی زامن بکات. لەمەشدا ڕۆڵی حەشدی شەعبی گرنگە کە دەکرێ بە دوو جۆر بێت. یەکێکیان ئەوەیە کە بەشێک لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی ئیستیقالە بکەن و بەشداریی هەڵبژاردن بکەن (لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا هێزە چەکدارەکان بۆیان نییە بەشداریی سیاسەت بکەن و حەشدی شەعبیش بەپێی یاسا بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق). هەندێک هەواڵ بڵاوکراونەتەوە سەبارەت بەوەی کە هادی عامری و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی لیستێک بەناوی وەفاداران بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو دروستدەکەن. جا ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕاست بێت، ئەوا هاوپەیمانیی ئەم فەرماندانەی حەشدی شەعبی لەگەڵ هەر لایەک، دەتوانێت سەنگی هێزەکان بگۆڕێت. کاریگەریی ئەو جەنگەی کە حەشد بەرامبەر داعش کردوویەتی، دەتوانێت بە ئەندازەی دەنگەکانی موقتەدا سەدر لەنێو چینی هەژار و کەمدەرامەتی شیعەی عێراق بۆ عەبادی بەنرخ بێت. بۆیە عەبادی تا پێی بکرێت دەیەوێت هەم لە سەدر نزیک بێت و هەم فەرماندە سیاسییەکانی حەشد بەرەو مالیکی پاڵ نەنێت.

سیناریۆیەکی دیکەش ئەوەیە بەرپرسانی حەشد ڕاستەوخۆ بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، بەڵام پشتی لایەنێک بگرن. لەمەشدا دیسان هەڵوێستی بەرپرسانی حەشدی شەعبی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکلاکردنەوەی ململانێی ناوخۆیی شیعیدا بگێڕێت.

هەرچەندە حەشدی شەعبی یەکدەست نییە و لە گرووپی جۆراوجۆر پێکهاتووە، بەڵام کاریگەریی سەدر لەسەر حەشد کەمترە و عەبادی دەتوانێت لەڕێی کۆنترۆڵی میکانیزمەکانی هێز و دانوستاندنەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی حەشد، لانیکەم ڕای ژمارەیەکیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

موقتەدا سەدر لە دوای گەڕانەوەی لە سعودیە داواکەی خۆی سەبارەت بە حەشدی شەعبی پێشکەش کرد، ئەگەر عەبادی پشتگیریی بکردایە، لەنێو شەقامی شیعیدا وەک فاکتەرێکی دژەدەنگ بۆی دەشکایەوە کە گوایە بە مەیلی ڕیاز و "وەهابییەکان" دەکات. بۆیە بە پێویستی زانی جەخت لە مانەوەی حەشدی شەعبی بکات و وەڵامی سەدر بداتەوە.

### حەشد و حیسابە جیۆسیاسییەکانی شیعەی عێراق

مانەوەی حەشدی شەعبی، کەرەستەیەکی بەهێز دەداتە دەستی عەبادی تا لە ماوەی درێژخایەندا بەرەنگاری خواستی کورد و سوننەکانی عێراقیش ببێتەوە.

لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان بەرەو گشتپرسی سەربەخۆیی دەڕوات، مانەوەی هێزێکی وەک حەشدی شەعبی دەتوانێت کارتێکی گوشاری بەغدا بێت لەسەر هەولێر. ئەگەر بەپێی باروودۆخی نێودەوڵەتی، عەبادی نەتوانێت لەشکرکێشی بکاتە سەر کوردستان، خۆ شەڕی هەندێک گرووپی "سەرەڕۆ"ی حەشدی شەعبی دژی کوردستان دەتوانێت ئامانجەکانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بپێکێ کە ئەویش دروستکردنی گوشارە. ئەمە بۆ سوننەکانی عێراقیش وایە. مومکین نییە عەبادی وەک فەرماندەی هێزە چەکدارەکان و بەرپرسیاری یەکەمی پلانە سەربازییەکان لە جەنگی دژی داعش، بێئاگایانە دوورگەکانی داعشی لە تەلەعفەر و ئەنبار و حەویجە لە دەوری کەرکووک هێشتبێتەوە. عەبادی بەدوای پاساوێکدا بۆ مانەوەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە سنوورەکانی کوردستان و ناوچە سوننەنشینەکان گەڕاوە و ئەمەشی تا ئێستا سەرخستووە. پێچەوانەی مالیکی کە زۆربەی پلانە سیاسییەکانی خۆی لە میدیاوە جاڕ دەدات، عەبادی بە خشکەیی پلانەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و لەم پلانانەشدا گرنگی بە حەشدی شەعبی دەدات.

***

دەتوانین بڵێین کە هەرچەندە حەیدەر عەبادی چەند جارێک لێدوانی لەسەر کۆنترۆڵکردنی حەشدی شەعبی داوە، بەڵام مانەوەی حەشدی شەعبی چ وەک سوپایەکی هاوتەریبی سوپای عێراق و چ وەک هێزی جەوهەریی پێکهێنەری سوپای نوێی عێراق، بە پێویست دەزانێت. ئەمە نەک تەنها بۆ عەبادی بەڵکو بۆ هەر دەوڵەتمەدارێکی شیعی کە لەو پۆستەدا بێت وایە. کەوابوو لێدوانەکانی پێشتری عەبادی لەسەر هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی زیاتر تەکتیکی بوون و لەلایەک بۆ ڕاگرتنی دڵی کورد و سوننە و هێزە دەرەکییەکان و لەلایەکی تریش بۆ گوشاردانان لەسەر حەشدی شەعبی بووە. پێدەچێ عەبادی هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵکردن و یەکخستنی حەشدی شەعبی زیاتر بکات، بەڵام زەحمەتە کار بۆ هەڵوەشانەوەی بکات. چونکە هەم بۆ هەڵبژاردن و هەم بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دەسەڵاتداریی خۆی و پێکهاتەی شیعی لە عێراق، حەشدی شەعبی زەروورەتە و فرسەتێکیشە کە شەڕی داعش ڕەخساندوویەتی.



د.نەوزاد هێتوتی

# بەرەی نەخێر و پرسیارە بێ وەڵامەکان؟

دوای دەستنیشانکردنی وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هەندێک کەس و لایەن بە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی، کەمپینی (نەخێر لە ئێستادا)یان ڕاگەیاندووە بەبێ ئەوەی هیچ سەقفێکی زەمەنییان هەبێت کە چەند دوابخرێت و کەی بکرێت. هەرچەندە ئەم بەرەیە بەرەیەکی لاوازە، بەتایبەتیش هیچ پارتێکی سیاسی تاوەکو ئێستا سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوانیان، بە فەرمی پاڵپشتییان ناکەن، بەڵام لێرەدا گرنگە ئەو بیانوو و ئارگیومێنتانەی کە بەرەی نەخێر دەیخەنەڕوو، هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بزانین تا چەند خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانەیە بۆ هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە. بەتایبەتیش ئەوان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەرێم ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەقینە دەکاتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە بەغدا پەلاماری کوردستان بدات. هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە هەنگاونانی کورد بەرەو سەربەخۆیی دەبێتە هۆی سەپاندنی گەمارۆیەکی ئابووری لەسەر کوردستان. هەندێک جاریش باسی ئەوە دەکەن کە گوایە لە کوردستان گەندەڵی هەیە و باری ئابووریی خەڵک خراپە، بۆیە دەبێت ئەم پرۆسەیە دوابخرێت.

ئەوەی بۆ من جێی سەرنجە، ئەوەیە کە هیچکام لەو بیانوو و ئارگیومێنتانەی بەرەی نەخێر بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان باسی دەکەن، بەهێز و باوەڕپێکراو نین. تەنانەت هەندێک لەو پاساوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە پرسی ریفراندۆمەوە نییە. بەرەی نەخێر لە کاتێکدا باسی ئەوە دەکەن کە نابێت لەم کاتەدا لە بەغدا جیاببینەوە و دەبێت وەک بەشێک لەو وڵاتە بمێنینەوە، کەچی هیچ پرۆژەیەکیان نییە بۆ ئەوەی ئەگەر نەخێر سەرکەوت، چۆن و لەسەر چ بنەمایەکی نوێ، پەیوەندییەکانی خۆمان دووبارە لەگەڵ بەغدا ڕێکبخەین؟ تەنانەت ئەم بەرەیە بەبێ ئەوەی هیچ گفتوگۆیەکیان لەگەڵ بەغدا کردبێت، یاخود دڵنیاییان وەرگرتبێت سەبارەت بە ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دەستیان بە کەمپین لە بەرژەوەندیی بەغدا کردووە، کە ئەمەش بەڕاستی جێگەی پرسیار و گومانە.

بۆ نموونە کاتێک لە بەریتانیا کەمپینی مانەوە لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا دەستی پێکرد، بە تایبەتیش لەلایەن هەردوو پارتی پارێزگاران و کرێکاران پاڵپشتیی هەڵمەتەکە دەکرا، ئەوان پێش ئەوەی دەست بە کەمپینەکە بکەن، لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا دانیشتن و ڕێککەوتنێکی گرنگیان لە بەرژەوەندیی بەریتانیا واژوو کرد، بۆئەوەی هانی خەڵک بدەن لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپادا بمێننەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش خەڵکی بەریتانیا دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا دا. کەچی بەرەی نەخێری لای خۆمان بە خۆڕایی و بەبێ ئەوەی لەلایەن بەغداوە هیچ گەرەنتییەکیان پێدرابێت، بێجگە لە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و بەکارهێنانی هێز، هاتوون دژی سەربەخۆیی دەوەستن و کەمپین لە بەرژەوەندیی بەغدا ڕێکدەخەن کە بێگومان ئەمەش ئەوپەڕی هەستنەکردنە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئایندەی هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی تریشەوە کە تۆ ریفراندۆم ڕەتدەکەیتەوە و لەگەڵیدا نیت، دەبێت بەدیلی باشترت هەبێت بۆ ئایندەی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق. تکایە پێمان بڵێن کامەیە بەدیل و ئەڵتەرناتیڤتان بۆ ئایندەی سیاسی هەرێم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا. چونکە لە پرس و مەسەلەی ریفراندۆمدا، کورد تەنیا دوو بژاردەی هەیە، یەکەم هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، دووەم درێژەدان بە مانەوە لە چوارچێوەی ئەو عێراقەی کە هەیە و بە درێژایی سەدەیەکە سەرچاوەی قەیران و ماڵوێرانی بووە بۆ کورد.

ئایا بەرەی نەخێر دەتوانن بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوونبکەنەوە، سوود و قازانجی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی میلیشیاییدا چییە؟ گەرەنتی چییە کە جارێکی دیکە کورد ڕووبەڕووی جینۆساید نابێتەوە؟ چ گەرەنتییەک هەیە ئەگەر بەغدا جارێکی دیکە هەستایەوە سەر پێی خۆی، کورد بە زەبری هێز لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەرناکات و پەلاماری کوردستان نادات؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەوەی ئەمجارە بەسەر عەرەبی سوننە هات، جارێکی دیکە بەسەر کورد نایەت؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە لە پێناوی مەرامی سیاسی بەغدا جارێکی دیکە مووچە و بودجە دەنێردرێت و نابڕێت؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە عێراقێکی پڕ لە میلیشیا، پابەندی دەستوور و شەراکەتی ڕاستەقینە دەبێت لەگەڵ کورد، پێشمەرگە پڕچەک دەکات، مادەی 140 جێبەجێ دەکات؟ ئایا خۆگرێدان بە عێراقێکی فاشیلەوە کە سەد ساڵە بووەتە سەرچاوەی قەیران و نەهامەتی بۆ خۆی، گەلەکەی و دراوسێیەکانی، گەمەیەکی مەترسیدار و موغامەرە نییە بە ئایندەی نەتەوە و گەلەکەتی دەکەیت کە ئێستا دەرفەتێکی ناوازەی لە پێشە بۆ سەربەخۆیی؟

لەوەش خراپتر ئەوەیە بەرەی نەخێر هەندێجار کۆمەڵێک بابەت و پرس تێکەڵاوی یەکتر دەکەن کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. ئەوان بۆ پاساوهێنانەوەیان لە دژی سەربەخۆیی، باسی ئەوە دەکەن کە لە کوردستان گەندەڵی هەیە و حکومەت شکستی خواردووە یان ئاو و کارەبا و مووچە نییە. ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم شتانە ڕاستن، بەڵام ئایا بە نەخێر دەنگدان، دەتوانێت ئەم پرسانە چارەسەر بکات؟ واتە ئەگەر خەڵک دەنگ بە نەخێر بدات، گەرەنتی بە خەڵک دەدەن کە ئەم پرسانە چارەسەر دەکرێن؟ بەڕاستیش پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بەبێ دەوڵەت ئەم پرسانە چارە دەکرێن، ئەی بۆ تاوەکو ئێستا ئەم کێشانەمان هەیە و چارە نەکراون؟

ئایا بەڕاستی ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت و کورد خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت باشتر و ئەکتیڤتر دەتوانێت هەوڵەکان بخاتەگەڕ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی، باشترکردنی ژیانی خەڵک، دامەزراندنی ئابوورییەکی بەهێز، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی یان خۆی بەشێک بێت لە دەوڵەتێکی فاشیل و گەندەڵ کە بەردەوام هەوڵی شکستهێنان بە هەرێمی کوردستان دەدات؟ ئایا لەڕێی سەربەخۆییەوە دەتوانرێت باشتر و ڕێکوپێکتر سەرووەت و سامانی هەرێم بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و بەرەوپێشبردنی هەرێم بەکاربهێنرێ یان چاوەڕێی دەستی بەغدا بکەین هەرکات ویستی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێمەدا بسەپێنێ؟ یان لەسەر ئاستی دەرەوە، هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت ڕێ لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بگرێت؟

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە جیاوازیی زۆر لەنێوان پرسی ریفراندۆم و کێشەکانی دیکەی ناوخۆی هەرێمدا وەک مەسەلەی گەندەڵی، نەبوونی شەفافیەت و خراپبوونی بار و بژێویی خەڵکی کوردستان هەیە و نابێت ئەم پرسانە تێکەڵی یەکتر بکەین. لەبەر ئەوەی پرسی گەندەڵی و هەموو ئەو کێشانەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەن، پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە و دەبێت لەڕێی حکومەتەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت. ئەگەر پێتوایە ئەو حکومەتەی هەیە سەرچاوەی قەیرانەکانی ئێستای کوردستانە، دەتوانیت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگی پێ نەدەیت و ئەو لیست و قەوارەیە هەڵبژێرە کە پێتوایە دەتوانێت باشتر ڕووبەڕووی قەیرانەکانی ناوخۆی هەرێم ببێتەوە و دژایەکی گەندەڵی بکات.

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، پەیوەندیی بە خاک، سنوور و سەروەریی دەوڵەتەوە هەیە. واتە بوون بە خاوەن خاک و دەوڵەتی خۆت. واتە خاوەنی سەروەریی خۆت بیت و لەسەر ئاستی دونیا وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵەت لەگەڵ بکەن. بتوانیت بەبێ کێشە نەوت هەناردە بکەیت و گرێبەستی ئابووری، سیاسی و سەربازی واژۆ بکەیت و چەک بکڕی بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەی خۆت و ئاسمانی وڵاتەکەت بەدەستی خۆتەوە بێت، نەک هەر ڕۆژێک بە بیانوویەک لەسەرت دابخەن.

خاڵێکی دیکەش کە بەرەی نەخێر خەڵکی پێ دەترسێنن، ئەوەیە کە گوایە لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمییەوە دەرگامان لەسەر دادەخرێت و خەڵک لە برسان دەمرن یان ئەمریکا دژی ریفراندۆمە، بۆیە نابێت کورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژێت. لەڕاستیدا ئەم ئارگیومێنتەش بە واقیعی نابینم. لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە دەوڵەتانی هەرێمی هەڵوێستێکی لەو شێوەیەیان دەبێت. ئێستا لەنێوان ئێران و تورکیا دونیایەک هاودژی و ناکۆکی هەیە سەبارەت بە پێگە و هەژموونیان لە عێراق و سووریا. لەم قۆناغەدا زۆر بە دووری دەبینم دەوڵەتانی هەرێمی بتوانن لەسەر ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێم و گەمارۆدانی ڕێکبکەون. بە تایبەتیش ئێستا ئەجندە و سیاسەتی هەریەک لەم وڵاتانە زۆر لێک جیاوازن. هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرژەوەندیی هاوبەشی زۆریان هەیە لەڕووی ئابووری، سیاسی و ئاسایشەوە و ڕێی تێناچێت تورکیا بەو ئاسانیە پشت لەم هەموو بەرژەوەندیانە بکات، بۆ ئەوەی پێکهاتەی شیعەی عێراق و لە ڕێگەی شیعەکانەوە، ئێران کونترۆڵی هەموو عێراق بکات.

بە هەمان ئاراستەش، سەرەڕای تێبینییەکانی ئەمریکا سەبارەت بەوەی ئەم هەنگاوەی کورد زیان بە شەڕی دژی داعش یان سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و هەرگیز لەسەر ئاستی پراکتیکی دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ناوەستێ، بە تایبەتیش لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دژی بەرژەوەندی ستراتیژیی ئەمریکا نییە.

*** پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## شاجوان سەماکارێکی باشە
10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی
997
...مى ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




# 25 هەزار چەکداری بیانی چوونەتە سووریا

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵانی 2011 تاوەکو 2016 زیاتر لە 25 هەزار چەکداری بیانی چوونەتە سووریا

- لە ڕاپۆرتەکە دیمانە لەگەڵ 43 چەکداری بیانی کراوە.
- هاووڵاتیی 12 وڵاتن

33 کەسیان گەیشتبوونە سووریا واتە ٪77

10 کەسیان دەستگیرکرابوون ٪23

لەوانەی گەیشتبوونە سووریا 7 کەسیان (واتە ٪21) پێش شەڕی نێوخۆ لە سووریا بوون

## باری خێزانداری

- 27 کەس لە چەکداران سەڵت بوون
- 15 کەس خێزاندار بوون
- 1 کەس لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە

## ئاستی خوێندەواری:

- 2 کەسیان نەخوێندەوار بوون
- 8 کەسیان قوتابخانەی سەرەتایی
- 9 کەسیان دواناوەندییان تەواوکردووە
- 13 کەسیان لە خوێندنی باڵا بوون
- 4 کەسیان دیپلۆمیان هەبووە
- 7 کەسیان بکالۆریۆسیان هەبووە
- 0 هیچ کەسێکیان ماستەر یان دوکتۆرایان نەبووە

## باری پیشە:

- ٪33 یان پێش هەوڵەکەیان بێکار بوون
- ٪67 یان خاوەن پیشە بوون

## ئاستی مووچە و داهاتی مانگانە لە وڵاتی خۆیان:

- 22 کەس خوار 500 دۆلار
- 10 کەس 500 بۆ 1000 دۆلار
- 5 کەس 1000 بۆ 2000 دۆلار
- 1 کەس 2000 بۆ 3000 دۆلار
- 1 کەس 3000 بۆ 4000 دۆلار
- 1 کەس سەرووی 4000 دۆلار

## ئاستی کاریگەری پاڵنەرەکان بۆ چوونە سووریا

### ئینتەرنێت:

- » یەکجار کاریگەربووە: 8 کەس
- » زۆر کاریگەر بووە: 3 کەس
- » هەندێک کاریگەری بووە: 5 کەس
- » کەم کاریگەر بووە: 5 کەس
- » کاریگەر نەبووە: 9 کەس
- » دڵنیا نیم: 11 کەس

### هاوڕێ:

- » یەک لەسەر سێی کەسەکان هاوڕێ کاریگەری لەسەر بڕیارەکەیان هەبووە
- » لەو ژمارەیە 12 کەسیان کاریگەری هاوڕێ بە فاکتەرێکی یەکجار گرنگ دەزانن
- » لە کۆی 43 کەسەکە 11 کەسیان هیچ پاڵنەرێکی دەرەکییان بووە.

